رۆمان

نەبەرد فواد



٢٠١٥




- ناوی کتێب: تووتی
- بابەت: رۆمان
- نووسینی: نەبەرد فواد
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: SHA Advertising Center
- چاپخانە: پەنجەرە
- نۆبەتی چاپ: یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٥٠٠ دینار
- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (١٥٤٩)ی ساڵی ٢٠١٥ پێدراوە.

هەموو شتەکان لە ڕێکەوتێکەوە دەست پێدەکەن. دڵنیام ڕێکەوت دەستی هەبووە لەوەی کە چارەنووسی هادی خەڵەف لە پارێزگای نەینەواوە تێکەڵ بە ژیانی واقیعی کۆمەڵە کچێکی ئێزدی ڕزگار بووی دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بێت.ڕۆژنامەنوسێك سەرگوزەشتەی ئەو کچانەی بە دەنگ کۆکردوونەتەوە و سوودی لە چەندین دەقی مێژووی و بابەتی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە. دەنگی هەندێك لە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقەم وەکو بەڵگە لە تۆمارگەکەمدا هەڵگرتووە.

کاوەی کاسێت

## ڕێبەندان
## «خوێنی سپی»

«ئەم ئازارە زۆر سەختە، مامە وا خەریکە دەمرم. توخوا بەزەییت پێمدا بێتەوە.»ماوەی چەند مانگێکە ئەم ڕستەیە بەردەوام لە گوێچەکەکانمدا دەزرنگێنەوە ، بریا بمزانیبایە واتای چییە؟ دەی باشتر کە نازانم. ڕەنگە دوای ئەوەی چیرۆکەکەم دەبیستن، زۆرێك لە ئێوە وەکو ئەو پشیلەیە سەیرم بکەن کە لە منداڵی جوجەڵە یان فەرخە کۆترێکی خواردوون، چونکە ڕقێك کە لە منداڵیت لە ئاوەزتدا پەروەردە بوو، لەگەڵ گەورەبوونیشدا ڕقەکە گەورەتر دەبێت، بەڵام منیش وەکو فەرخەکان قوربانیم. ئەم ڕستانە بۆ ئەوە نییە کە بەزەییتان پێمدا بێتەوە. تەنها لە پێناو ئەوەدا ئەم ڕاستییانە دەدرکێنم تا هیچ نەبێت نەختێك دەروونە

گواوییەکەم بە ئاوێکی ڕوون خاوێن بکەمەوە.حەزم دەکرد کەسێك بوومایە بە وشەکانم باوەڕتان پێ بهێنم،  کە من قوربانیم. مرۆڤی ئەم سەردەمە بە کۆمەڵ بڕیار لە باش و خراپەی کەس و شتەکان دەدەن، دەمەوێت ناختان دادوەر بێت لە هەڵسەنگاندنی من و رووداوەکانی دەوروبەرتان.ناکرێت گوێ لە چیرۆك و بەسەرهاتەکەی ژیانم بگرن و نەزانن من کێم. من ناوم «هادی خەڵەف عبود زبالە»یە تەمەنم پەنجا و یەك ساڵە.خەڵکی گوندێکی سەر بە پارێزگای نەینەوام. نازانم ئێستا درێژی باڵام چەندە، مرۆڤ بە هەڵکشانی تەمەنی باڵای کورت دەبێتەوە، جاران هەر کە پانتۆڵێکم دەکڕی و کورتم دەکردەوە، بەرگەدوورەکە بە شاگردەکەی دەگوت سەد و دوو سانتیمەتر  بنوسە. هیچ کاتێك پێویستیم بەوە نەبووە بزانم باڵام چەندە. دەزانم کێشم چەندە حەفتاودوو کیلۆم، ئێستا بووم بە هەشتا کیلۆی رێك. بە دەست خۆم نییە بە خەم خواردن قەڵەو دەبم. سەرەتای چیرۆکە ناخۆشەکەی ژیانم ئەوها بوو. لەبەر ئەوەی باوکم، موبتەلا بە مەی نۆشین بوو، شەوێکیان بە مەستی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دایکم ناوی «مهروب ئەحمەد عبود زبالە» بوو، هەر لە منداڵییەوە واتە لەسەر بێشکەوە بۆ باوکمیان مارە کردبوو، باوکە گۆڕ بە گۆڕەکەم هەژدە ساڵ و هەشت مانگی ڕەبەق لە دایکم گەورەتر بوو.ئەوان ئامۆزای یەکتر بوون، دایکم هەرگیز

باوکمی خۆش نەدەویست بە دەیان جار گویێم لێبووە لە کن ژنە دراوسێکەمان دەیگوت: کاتێك شەوان داوای سەرجێیم لێدەکات حەز دەکەم بمرم، کێ گوێ لە من دەگرێت ؟  ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵەباوانم، براکانم دەڵێن تۆ سەری خێڵێکت شۆڕکردووە، چۆن دەبێت ئافرەتی ئێمە لای مێردی خۆی نەمێنێتەوە. مێردەکەش کێ بێت؟ ئامۆزای خۆمان.بە نەبی یونس بە خەنجەری دەبان وەکو مانگا سەرم دەبڕن.

کاتێك باوکم هاتە ماڵەوە بەشەق و زللە بەر بووە گیانی دایکم. ماڵمان لە خانوویەکی گڵ بوو، بنمیچی ژوورەکەمان لە دارخورما دروستکرابوو، دەمبینی باوکم لە دایکم دەدات، حەزم دەکرد هێندەی ئیمامی عەلی بەهێز بوومایە و یەکێك لەو دارخورمایانەم بکێشایە بەسەری باوکمدا.ئەوجا بیرم دەکردەوە دەی گریمان ئەوە من باوکمم کوشت. کێ بەخێومان دەکات؟ دایکم شوو دەکاتە پیاوێکی دیکەی خزمیان و دەکەومە ژێر دەستی باوەپیارە. زۆری لە دایکمدا، هەر لێی دەدا و جنێوی بە مامی خۆی دەدا، کە بۆ چ کچێکی خستۆتەوەو ناتوانێت دڵی مێردەکەی رازی بکات. دایکیشم ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. باوکم کەفی سپی لەدەمی دەهاتە دەرەوە.حەزم دەکرد بیکوژم و دەستی دایکم بگرم بلێم با لەم دۆزەخە خۆمان رزگار بکەین. هەستم بەو شلاوە تاڵەی ناو دەمم دەکرد و لە پەسا قوتم دەدا.

نەمدەتوانی چیتر ئەشکەنجەدانەکەی دایکم بە شێوەی ڕاستەوخۆ ببینم و دەستەوەسان بوەستم..خۆم خزاندە ناو تەویلەکەمانەوە. لە درزی ئەو چینکۆیەیی کە باوکم لە سەربازگەیەکی نزیك ئەو ناوە دزیبووی سەیرم دەکرد. دواین جار باوکمم بینی ئەو مەسینە مسەی رۆژانە دایکم ئاوی پێ دەکرد بە دەستیدا، بەرزیکردەوە و کێشای بە پشتە سەریدا. خوێنم دەبینی لە سەرپۆشەکەی دایکمەوە دەهاتە دەرەوە، ئەم خوێنە سوور نەبوو. جۆرێك لە سپێتی تێکەڵبوو ئێستاش بیردەکەمەوە، بۆ دەبێت خوێنی دایکم سپی بوو بێت؟! خوێنی زۆر کەسم دیووە لە کاتی کوشتنیاندا، یەکسەر سەیری خوێنەکەیم دەکرد بزانە وەکو خوێنی دایکم سپییە؟ بینیی خوێنی سپی، بووبووە گەورەترین ئاواتم، بە دەیان کەسم لە پێناو ڕەنگی سپی کوشت، هەرگیز خوێنی سپیم نەبینووە تەنها شەوێك نەبێت کەسێکم کوشت خوێنی سپی لە پشتە سەرییەوە دەهاتە دەرەوە، دەزانن چیم کرد؟ ئەها پیاوێك هەیە لە فیلیمەکەدا رۆڵی عومەر موختار دەبینێت هەمان پیاو فیلیمێکی لەگەڵ کوڕێکی گەنج هەیە، ئەو پیاوە لەو فیلیمە زۆر حەزی لەسەمایە، ئەو کاتەی خوێنی سپیم بینی، وەکو ئەو پیاوە سەمام دەکرد، جیاوازی من و ئەو پیاوە ئەوە بوو ئەو لە فیلیمەکەدا بەدەوری ئاگرێکدا سەما دەکات، من بە دەوری تەرمێکی گەرم، یەکێك لە هاوڕێکانم نەیهێشت ئەو خەونەم

بەدی بێت، کە بینینی خوێنی سپی بوو، پێی گوتم هەستە درەنگە با بڕۆین ئەوە خوێنی سپی نییە ئەوە مێشکە هاتۆتە دەرەوە، هەی بێ مێشك.هەموومان لە سایەی خێڵ و کۆمەڵگەی دەوارنشینی چیرۆکێکی سەیرمان هەیە، کەسێك نییە گوێمان لێبگرێت. یان ئەوەیە لەگەڵ خۆمان دەیبەینە ژێر گڵ یاخود بە کرچ و کاڵی دەگاتە دەستی خەڵکی.هیچ چیرۆکێك هێندەی ئەو چیرۆکانە چێژ بەخش نین، کە لە کەسی یەکەمەوە گوێمان لێدەبێت.پاش ئەوەی مەرگی دایکم بینی ئەو شەوە تاوەکو بەیانی خەو نەچووە چاوم.منێکی تاقانە دوای مردنی دایکم چارەنوسم چی دەبێت؟ کێ بەخێوم دەکات؟. ئەم پرسیارانە خەویان لێ تۆراندم. لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر باوکم دەستی بە شین و واوەیلا کرد. تاوەکو چەند ماڵێك لێرە و لەوێ کۆبوونەوە و یەکەم قسەی باوکم ئەوە بوو وای ژنە نازدارەکەم، ئامۆزا خۆشەویستەکەم، دایکی هادی بۆ خۆت کوشت گشت کەسەکەم. ئیدی خەڵکی ناوچەکە و ماڵی باپیرم چیرۆکی مردنی دایکمیان نەدەزانی، چونکە باوکم شانۆکەی ئەوها ڕێکخستبوو کە زۆرجار خۆشم باوەڕم نەدەکرد دایکم کوژراوە، بەڵکو باوکم کاتێك هەڵدەستێت بۆ نوێژی بەیانی دەبینێت دایکم لە زەوییەکە کەوتووە وخوێن لە پشتە سەرییەوە دێتە دەرەوە و لەسەر بانەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. پرسە تەواو بوو، هەر

ڕۆژێك لە ماڵە مامێك، پورێك، داپیرە و باپیرەیەك تێر بە سکی خۆم نانم دەخوارد. نان بۆ من لەزەتی نەبوو، لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکی دەیانگوت ئەمە سەرە خۆرەیە، هەتیوو و یەخسیرە. ئێوە ڕاست دەکەن و خوا هەڵە دەکات، ئەگینا ناهێڵێت هیچ منداڵێك بە بێ دایکی گەورە بێت(تۆبە خوایە) خۆزگە هەر بڵێن سەرەخۆرەیە، بیستوومە گوتوویانە منداڵ دایکی نەبێت حیز دەبێت. باوەڕ بکەن نازانم باسی چی بکەم؟ ئەوەم بینیووە ناکرێت ئێستا بیگێڕمەوە، تەنها دەتوانم سەرچڵی ناخۆشییەکان باس بکەم. ماوەیەکی زۆر باوکم منی بە ماڵی مامێکم سپارد بۆ ئەوەی بڕوات لە بەغداد ئیش بکات، ئەمەی من دەیگێڕمەوە دوو ساڵ پێش ئەوەی شەڕی عیراق — ئێران ڕوویدات، ئیدی تازە سمێڵم گۆگرە بوو بوو. باوکم ڕۆیشت و منیش کرام بە شوان. مەڕێکی سپیم هەبووە فرە خۆشم دەویست، بۆنی هەموو ژیانم بەو مەڕەوە نابوو، هەمیشە باسی ئەوەم بۆ دەکرد چۆن دایکم خۆشی ویستووم و ئێستا کەس خۆشی ناوێم، هیچ لێی تێنەدەگەیشتم، چونکە تەنها دەمی دەجوڵاند و سەری ڕادەوەشاند وای چەند خۆشحاڵ دەبووم کە بوونەوەرێك هەیە گوێم بۆ ڕادەدێرێت. زۆری نەبرد مامەم کە خاوەنی مەڕەکان بوو، ڕۆژێك هات و مەڕەکەی بۆ سەر بڕین برد، دوای مردنی دایکم نەمدەزانی داوا لە خوا بکەم بمکوژێت،

بەڵام دوای سەربڕینی مەڕەکە هەمیشە دەچوومە سەر تەپەیەك و بە خوام ئەوت منەتت نابم وەکو مەڕەکە سەرم ببڕە(تۆبە خوایە).باوکم دوای نزیکەی ساڵێك گەڕایەوە و ژنێکی قەڵەوی بەدەن سفت و سۆڵی لەگەڵ بوو. خاڵێکی سەوز لەسەر نوکی لوتی بوو، بە ئێستاشەوە نەمزانی ئەو ژنە ناوی چییە، تەنها دەزانم باوکم پێی دەگوت: دایکی جەعفەر. من پێم دەگوت (پورێ) ئەوەی باوکم هێنای ژن نەبوو، بەڵکو وەچەی ئەهریمەن بوو. شەو تابەیان گوێم لە باوکم دەبوو خۆی دەکرد بە قوربانی و جنێوی بە گۆڕەکەی دایکم دەدا، چونکە تەواو ئاگری ناوگەڵی باوکمی دامرکاندبووەوە.دەنگی مشەی لووتی باوکمم گوێ لێ دەبوو بۆنی (پورێ)ی دەکرد و دەیگوت خۆزگە بزانم ئەم ناو گەڵەی تۆ چی تێدایە ئەوەندە خۆشە، هەی گوو بە گۆڕەکەی فلانی بە تێپەڕبوونی زەمەن زانیم باوکم لە گەڕەکی بەتاوینی شاری بەغدا لە چێشتخانەیەك ئیش دەکات و شەوانیش دەڕواتە ماڵە سۆزانییەك کە دایکی جەعفەری بیژی سەرپەرەشتی دەکات، وردە وردە پەیوەندیی نێوان باوکم و ئەم ژنە پەرە دەسێنێت و باوکم بەڵێنی پێدەدات ئەگەر بێت و واز لەم کارە بهێنێت، ئەوا ئامادەیە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدات. ژنەش بەم کارە ڕازی دەبێت، ڕۆژێکیان باوکم دەستی دایکی جەعفەر دەگرێت و لە

حەمام پاکی دەکاتەوە و دەیباتە لای مەلایەك لە گەڕەکی قەمبەرعەلی و قورئانی دەدەن کە چیدی ئەو کارە نەکات. لەوێوە ئەم ژیانە دەست پێ دەکات، کە بۆ من دۆزەخ بوو. هەموو ڕۆژێك من دارکاری دەکرام، ڕۆژێك نەبوو تفم لێ نەکرێت. ئازار نەدرێم، منیش وەکو تۆڵەکردنەوە، کونێکی بچووکم لە ژووری خەوتنەکەی باوکم و باوەئەهریمەنم کردبوو. هەموو شەوێك سەرجێیی کردنەکانیانم دەبینی. کاتێك ڕۆژ دەبووەوە سەیری ڕووخساری هەردووکیانم دەکرد، جوڵەکانی شەوی ڕابردووم بیردەکەوتەوە، پێدەکەنیم و قاقام دەگەیشتە خۆرە سوتێنەرەکە. ئەوانیش بە خەڵکی لادێکەیان دەگوت، کە من شێت بووم و (ئەوانەیل) دەستیان لێوەشاندووم. ماوەیەکی باش لە ژوورەوە بە زنجیرێکی درێژ قاچیان بەستمەوە و خواردنیان دەخستە بەردەستم و دەڕۆیشتن وەکو سەگ، کە چۆن هاری دەکەن ئەوها هاریان کردم، تا ڕادەیەك ئەم ژیانەم لە دەرەوە پێ باشتر بوو، چونکە کەمتر دارکاری دەکرام و سەرجێکردنەکانی نیوەڕوانیشیانم دەبینی. نیوەڕوانێك منیش وەربوومە گیانی خۆم تەواو گەیشتبوومە ئەوەی ئاوم بێتەوە. بە ڕێکەوتێکی قۆڕ باوکم چاوی دەکەوێتە سەر ئەو کونە کە بۆ من جێگای سینەمای گرتبووەوە. دەستم بە گەڵ و گونمەوە بوو، باوکم خۆی کرد بە ژووردا. ئەوەندەی لێدام چەند جارێك دەمردم و زیندوو دەبوومەوە

«کوڕە هەی گەواد، دایك قەحپە، سەیری ئێمە دەکەی، بەخوا بۆت بوەستێت سواری دەبیت.دایك جەعفەر وەکو دایکتە هەی حەرامزادە». باوە ئەهریمەنەکەم بە ژێر کراسەکەیەوە هاتە ژوورەوە، قژی وەکو دەروێشەکان تەخشان و پەخشان بوو.بە باوکمی گوت دەبێت بیکەیتە عیبرەت ئەوجا لە ماڵ دەری بکەیتە دەرەوە، وە ئەگەرنا هەر ئێستا دەبێت بمگێڕیتەوە بۆ بەغدا. باوکم هەر ئەوەی بیست ئاگری قودرەتی لێ بەرزبووەوە. پارچە شیشێکی لەسەر ئاگر دانا. ڕەنگی شیشەکە وەکو مەمکهەڵواسی ژنە قەحپەکەی سوور بوو. ئەوجا منی دابەستە کراو لە چەندین شوێنەوە جەستەم سوتێنرا. هاوارم دەچووە لای ئەو خوایەیی کە چارەنووسی منی بە لا ڕێدا برد. خوا و خەڵکی گوندەکە لە ئاستی سوتانی جەستە و کێر و گونم بێدەنگ بوون(تۆبە خوایە). باوەئەهریمەن و باوکم شیشەکەیان لەناو قونم دا، نوکی کێریان سوتاندم. ئەوەی کوڕ بێت دەزانێت ئازاری ئەو شوێنانە چەند ناخۆشە، ئەوەی کچیشە با بیر بکاتەوە کە نوکی مەمك و میتکەی داخ دەکرێت. کێ ناڵێت ئەو نیوەرۆیە خودا سەر خەوی شکاندبێت و ئاگای لە من نەمابوو بێت(تۆبە خوایە) لە دوای بانگی مەغریبەوە بەو سوتاوییە لە ماڵ وەدەرنرام. بە سکە خشکێ خۆم گەیاندە سەر ڕێگەی گوندێك و لە ڕێگەی کەرێکی بێدەرەتانی وەکو خۆمەوە، خۆم

گەیاندە ناو ماڵەکانی گوندە نزیکەکانی خۆمان، لە هەر دەرگایەکەم دەدا نەیاندەکردەوە، تاقە ماڵێکم بە دی کرد بە ئەستەم ڕووناکی چراموشیەکی تێدا دەبینرا، بەرەو ئەوێ ڕۆیشتم. کەس وەڵامی نەدامەوە، ڕۆیشتمە ژوورەوە ژنێکی پیر دانیشتبوو، هەر قسەم لەگەڵی دەکرد هیچی نەدەگوت، تێگەیشتم کە ئەم ژنە لاڵە.ماڵەکەی پڕ بوو لە نوشتە و پارچە کاغەزی لوولکراو، ئەو ژنە بوو بە خودایەکی بەخشندە بۆ من نەك خوای باوەژنەکەم و باوکە گەوادەکەم کە رۆژی پێنج جاران لە پێناویدا قوونیان دەشۆن (تۆبە خوایە). ماوەیەکی زۆر پێستەی گیسك و مەڕی تۆپیوم دەکردە بەرم یان گۆشتی کەلاکە فڕێدراوەکان دەبوونە هاوڕێی جەستەم، بۆ ئەوەی شوێنی سوتاوییەکە خۆش بێتەوە. هەموو ئەو ئەرکەش هەمان پیرەژن ئەنجامی دەدا، کە بەڕەچەڵەك تورکمان بوو، پێیان دەگوت «نەجاو دەلی» هەموو ساتێك عاقڵەکانم دەکرد بە قوربانی نەجاوە شێت، زۆرجار ئەوانەی ئاوەز لە دەستدەدەن لە ئاوەزدارەکان بەسۆزترن. مرۆڤ ئەو کاتە بەسۆزە کە مێشکی لە دەستدەدات، ئەگینا مرۆڤی عاقڵ ڕێژەیەکی زۆر لە ڕقی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و هەستی پێ ناکات. دوای چەند مانگێك هەستم کرد شوێنی سوتانەکان بەرەو باشی دەچن. لە ماڵی ئەو پیرەژنە دەرنەدەچووم، تەنها بیرم لە تۆڵەکردنێك دەکردەوە لە مێژووی

خێڵەکەمان بنوسرێتەوە، هەمیشە لە تۆڵەکردنەوە دوو دڵ بووم. هەندێك جار ئەو ساتانەم بیردەکەوتەوە کە کاتێك دایکم مابوو باوکم منی لە باوەشی دەگرت و دەیگوت کوڕەکەم گەورە بێت خۆشبەخت دەبم، هەر بۆیە پەشیمان دەبوومەوە و دیسان دەمگوت تۆڵە دەکەمەوە. پاشان نزیکەی هەفتەیەك هەموو شەوێك دەچووم سوراحییەك گازم لە مەکینە فیاتەکەی ماڵێکی ئەو دەوروبەرە دەدزی و لە تەنەکە ڕۆنێکی ڕاعیم دەکرد. تاوەکو تەواو تەنەکە ڕۆنەکە پڕ بوو لە گاز. دەمزانی باوکم و باوەژنەکەم چ کاتێك لە گانکردن دەبنەوە و ماندوو دەبن و دەخەون. شەوێك لە خەونمدا باوکم بە زۆر دەممی کردوومەتەوە و سوراحییەکی پێدام و گوتی ئەوە خوێنی سپییە دەبێت بیخۆیتەوە. لە خەو راپەڕیم و بێ بیرکردنەوە تەنەکە گازم هەڵگرت و بەرەو ئاڕاستەی ماڵی باوکم.منداڵ کە دایکی لە دەستدەدات ئیدی بە ماڵی ئەو نامێنێتەوە دەبێتە ماڵ چەند کەسێکی دیکە. ڕۆیشتم و تەنەکەکەم لەبەردەم ژوورەکەی باوکم و (پوریێ) دانا، هۆکاری سەرکەوتنی ئەو پیلانەم ئەوەبوو، کە ماڵی باوکم تاقە ماڵ بوون، واتە لە لادێکەوە تۆزێك دوورتر بووین. ئەو مەسینە مسەی کە دایکمی پێ کوژرا. پڕم کرد لە گاز. بە ئەسپایی ڕۆیشتمە ژوورەوە. پێخەف و تەواوی ژوورەکەم بەو گازە چەورکرد، ئەوجا هاتمە دەرەوە و دەرگاکەم داخست. لە پەنجەرەکەوە، ئاگرێکم

فرێدایه ژوورەوە بە ئەسپایی سەیری سوتانی رۆحی پیس و جەستەی بۆنخۆشی ئەوانم دەکرد.باوکم هاواری لێ هەستا و بەرەو پەنجەرەکە ڕایکرد، لەبەرامبەر پەنجەرەکە وەستابووم، مەسینە گازەکەم پێیدا کرد، ئیدی بە تەواوی سووتا. بەو شەوە وەکو ڕەشەبا بۆی دەرچووم و ئێستاش خەمی ئەوە دەخۆم بۆچی بۆ دواجار ماڵئاوایم لە نەجاو نەکرد؟ تف لە من.لە موسڵ گیرسامەوە.ئەو کاتەی لە موسڵ بووم، تەنها خودا دەزانێت چۆن ژیام، هەمیشە لە ترسی ئەوەشدا بووم پۆلیس بە تۆمەتی کوشتنی دوو کەس دەستگیرم بکەن، بەڵام تاوەکو ئەم ساتەش کەس سۆراغی نەکردم، ناشزانم هۆکاری دەستگیرنەکردم چ نهێنیەکی تێدابوو؟بەهەرحاڵ دوای چەند مانگێك زانیم رۆژی دواتر هەردووکیان پێکەوە کراونەتە دوو تورەکە و لە چاڵنراون. لە موسڵ و لە نزیك گەراجی بەغدا لە دوکانێکی ترشیاتفرۆش ئیشم دەکرد. شەوانیش لە مەیخانە و ماڵی سۆزانییەکان دەمامەوە، نزیکەی دوو ساڵ بەو جۆرە ژیام، رۆژێك نەبووە لە ژیانم من شەڕ نەکەم، هەموو شەڕێکم لە پێناو بینیی خوێنی مرۆڤەکان بوون، تاوەکو بزانم سپییە یان سوور. جەستەم شوێنی دەیان چەقۆ و کەتەری پێوەیە، ئیدی بیرم کردەوە دەبێت بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانێکی خۆش بدەم و ڕابردوو لە بیر بکەم و دەبوو دزی بکەم، چەند دزییەکی بچوکم

کرد. تاوەکو جارێکیان بڕێك پارەی باشم لە ماڵی سەرۆك جاشێکی کورد لە (حی سکر) دزی، ئەو ماوەیە وەکو پادشا کۆنەکانی نەینەوا دەژیام . لە ژیاندا هیچ لەزەتێك هێندەی خەرجکردنی پارەی دزی خۆش نییە، هەر ئەو لەزەتە وایکردووە بۆینباخ لە ملەکان دزی بکەن. شەوێکیان لە بارێك دانیشتبووم تەواو مەستی مەست بووم.چەند کوردێك بە جلی کوردییەوە دانیشتبوون و دەیانخواردەوە و پێدەکەنین، نازانم بۆ لە پڕێك بوومە بە کەسێکی تەواو عەرەب، هەستامە سەر پێ و بەرەو مێزەکەیان ڕۆیشتم و وەکو شێر نەعرەتەیەکم بۆ کرد و نەڕاندم، عیراق وڵاتێکی عەرەبییە نابێت بە زمانی دێو قسەی تێدا بکرێت وتو وتو وتو بە عەرەبی قسە بکەن گەوادەکان. ئەوانیش پەلاماریاندام و بوتڵێکی پڕ لە بیرەیان لەسەرم شکاند، بورامەوە، کاتێك هۆشم کردەوە لە نەخۆشخانە بووم، پیاوێکی پۆشتە، قات و چاکەتێکی جوانی لەبەرکردبوو. دەستی گرتم و گوتی مەترسە من لەگەڵتدام. ئەو یەکێك بوو لە ئەندامە باڵاکانی حزبی بەعسی ئیشتراکی و پاشان بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە لە خزمەکانی سەرۆکی کۆماری تازەی عیراقە و لە موسڵ گیرساوەتەوە. ئەم پیاوە کاتێك هاتە ژوور سەرم، باسی ئەوەی دەکرد کە من پیاوێکی نەتەوەیی جوانم و ئەوانەشی کە لەگەڵم بە شەڕهاتوون هەموویان دەستگیرکراون. ئەو شەوە ئەم

پیاوە لەویٚ بووە کە من بیٚ ئاگا لە خۆم گۆڵمەزیٚکم خولْقاندبوو، ئەو سەری دیار نەبیٚت. پرسیاری ناو و تەمەنی لیٚکردم، ناوی خۆم پیٚگوت و ئەوەشم گوت چەند مانگیٚکی دیکە دەبم بە هەژدە ساڵ. پیاوەکە گوتی هیچم بە لاوە گرنگ نییە، تۆ خەڵکی کویٚی و چ کارەی، ئەوە دەزانم تۆ لەمەودوا دەبیتە پاسەوانی تایبەتی من، ناشهیٚڵم بچیتە بەرەکانی جەنگەوە، کە لە دژی فارسە مەجوسییەکان دەجەنگین، لەبەر ئەوەی تۆ کوڕیٚکی بە جەرگی.

بووم بە پاسەوانی تایبەتی ئەو پیاوە کە ناکریٚت ناوی بهیٚنم کیٚ بووە. کابرا وەتەنی ڕۆژیٚك لە ڕۆژان نمەکی ماڵەکەیم کردووە. لەماوەی چەند ساڵی پاسەوانیم لەگەڵ ئەو پیاوە، بە دەیان ژنم بۆ برد، بە دەیان پیاوم بۆ کوشت، بوومە بە جەلادیٚکی سەیر، ئەوەی بەزەیی بیٚت لای من نەبوو. ئەو پیاوە ڕۆژیٚك لە بەغدا هاتەوە و پیٚی گوتم: تۆ چیتر هادی نیت، تۆ ئیتر ئەفسەری پلە یەك هادیت و دوو ئەستیٚرەی زەردی لە زەرفیٚك دەرهیٚنا. دەزانی خۆشە شتیٚك بیری لیٚنەکەیتەوە و لە پڕ زۆر بە ئاسانی بیٚتە بەر دەستت؟.من جاران هیچ نەبووم ئاگرم لە باوکی خۆم بەردا، ئەی ئیٚستا دەبیٚت چی بکەم لە سەردەمیٚکی زیٚڕینی حزب و ببم بە ئەفسەر؟! عەجەب زاڵم بووم، نەمدەزانی شەڕی تایفەگەری چییە، دەیانگوت شیعە و کورد دژی حزبن و بە

کرێگیراوی ئێرانن، ئیدی بۆم بکرایە بە یەك چرکە هەموویانم دەکوشت. زۆرم لێ ئازاردان لە ڕێگەی ئازاردانی خەڵکەوە و پلەکەم بەرزکرایەوە بوومە پێنج ئەستێرە، واتە داڵێك و دوو ئەستێرە. تاوەکو ئەو رۆژەی پەیکەرەکەی سەرۆك لە بەغدا لەلایەن سوپای خاچپەرستانەوە هێنرایە خوارەوە و شکۆی هەموو نەتەوەی عەرەب شکا. دوای پیشاندنی سوپای عیراق و هاتنی ئەمریکییە زۆڵەکان، ئیدی گلۆڵەی ئێمە کەوتە لێژی و هەریەك بۆ شوێنێك تێی تەقاند، ئەو کەسەی من پاسەوانی بووم، خەڵکی بە بلۆك و خشتەسوورە کوشتیان و منیش لەماڵی دایکی شامل کە قەوادی سۆزانییەکان بوو خۆم شاردەوە. تا ئەو رۆژەی دەستگیرکرام و ڕەوانەی زیندانەکانی ئەمریکا کرام لە ئەبوغرێب. ئەشکەنجەی زۆرم بینی، زۆر ئازار درام، هەمووتان بیستووتانە ئەوانە چیان بە ئێمەی زیندانی کرد.دوای چوار ساڵ ئازادکرام.گەڕامەوە بۆ موسڵ و دیسان بوومەوە بە فرۆشیاری ترشیات، ئەمجارەیان لەگەڕەکی پور نزیك مزگەوتی حافز نیشتەجێ بووم. دواتر لە ڕێگەی چەند برایەکی موجاهید و بە ناوی بەرگری لە خاك و نەتەوە دەستمان کردەوە بە چالاکی لەناو شاری موسڵ و دەوروبەری. سەدان بۆمبی چێنراومان دانا، دەیان کەسمان ڕفاند و کوشت و سەربڕی. دەشێت پێناسەی من چی بێت؟ مرۆڤ؟ یان خودا بە پلەیەك لە خوار مرۆڤەوە

دروستی کردووم بۆ خەڵك کوشتن؟ ئاخر خودا نەتدەتوانی بە کەسێکی سودبەخش و بێ تاوانم دروست بکەی؟. (تۆبەخوایە).
دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و بەتایبەتی لە سوریا، برا موجاهیدەکان داوایان لێکردم ڕوو لە سوریا بکەم بۆ ئەوەی پشتی تاغوتێکی گەورە لە ئەرز بدەین و برایانی ئەهلی سوننە سەربخەین.ئیدی لەوێ ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستێرەی پیاو کوشتن و تاوانم زیاتر دەدرەوشایەوە، جاری وا هەبوو سەدان فرسەخم بۆ سەر بڕینی سەربازێکی سوری دەبڕی. دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، من کرام بە بەرپرسی میحوەرێکی گەورە لە نزیك شاری حەلەب. سریەیەکی گەورەم لە ژێر دەستدابوو، تا ئەو ڕۆژەی موسڵمانان شاری موسڵیان لە شیعە مەزهەبەکان پاککردەوە، دووبارە لە دڵی خۆمدا گوتم ئۆخەی ئەوە جارێکی دیکە موقەدەم هادی گەڕایەوە بۆ موسڵ.
ئەمجارەیان موقەدەم هادی نەما، نازناوی ئەبو ئیبراهیم حەلەبیم پێ بەخشرا.لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ ڕۆڵێکی بەرچاوم گێڕا لە ڕووخاندنی سوپای شیعە مەزهەبەکان، کە ئازاری خەڵکێکی زۆری ناوچەکەیان دابوو، لە ناوەڕاستی بازاڕدا دەستیان بۆ ژن و کچ خەڵکی دەبرد، ئەگەر کەسێکیش بەرهەڵستیانی بکردایە شەو دەیاندا بەسەر ماڵەکەیدا و تورەکەیان دەکردە سەر و دواتر بە ماددەی چواری تیرۆر لە سێدارە دەدرا. لە کاتی فەتحکردنی

شەنگال لەگەڵ برا موجاهیدەکانماندا دەستکەوتێکی زۆری ماددی و مەعنەویمان هەبوو.ژمارەیەکی زۆر لە کیژۆڵە و ژنمان کەوتە دەست، مانگی هەنگوینی براکانمان بوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم لە ئازاری دەروونی نەدەکردەوە کە ئەو هەموو تەمەنەم لە ناو تاواندا بە ڕێکردبوو، لەبەر ئەوەی جاران لە پێناو مرۆڤ خەڵکم سەردەبڕی، ئێستا بە جۆرێك تێگەیشتووم مرۆڤ کوشتن لە پێناو خودا چێژ دەبەخشێتە ڕۆح، تۆ سەیر بکە ئەگەر کەسێکی چەقۆکێش لە ترسی پۆلیس نەبێت هەموو ڕۆژێك شەڕ ناکات؟ با. ئەی ئەگەر پۆلیس و یاسا خۆی ڕێگەی پێ بدات چی دەکات؟. من بۆ خوا پیاوم کوشت و سواری ژن و کچ دەبووم لەبەر ئەوەی خوای گەورە ڕێگەی بە ئێمە داوە هەمووومان مرۆڤی لە پێناودا بکوژین.ئەوە نییە لە قورئانی پیرۆزدا خوای تەعالا دەفەرموویێت(قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ).شەوێکیان پێیان گوتم کە چەند کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی ئێزیدی لە ماڵێکن لە تەلەعفەر، ئۆقرەم لێبرا، خێرا خۆم پێگەیاندن، ئەبو فەلاح کە نازانم ناوی ڕاستەقینەی چی بوو، خەڵکی تونس بوو و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بوو، هاتبوو کچەکانی بردبوو، ئیدی ئەوەم

بیست شێتگیر بوم.نەمدەزانی چی بکەم بەسەر پاسەوانەکەدا نەڕاندم «ئەبو فەلاح گەوادە گەواد. ئەو بێ شەرەفە لە سێکس تێر ناخوات. کەسێکی بێگانەی ئەوها لە ئەوروپا گەورە بووە ئێستاش بۆی بکرێت دەڵەسەگ دەگێت ئەوەندە شەهوانییە، ئەگەر ژن نەبێت منداڵێکی جوان دەنێتە سەر خۆییەوە. زوو پێم بڵێن لەم ماڵە کێ ماوەتەوە؟» پاسەوانەکەش ڕۆیشت کیژۆڵەیەکی منداڵییان بۆ لە خەو هەستاندم، سوێند دەخۆم بەو خوایەی کە ئەم هەموو شتەی بەسەر من هێنا، چۆن هەندێك منداڵی ساوا هەن لە خەو هەڵدەستن جەستەیان دەلەرزێت، ئەم کیژۆڵەیش ئەوها دەلەرزی. هەر لەوێ تراکسۆتەکەیم داکەند و خۆمدا بە سەریدا، هەستم پێدەکرد کە ئێسقانەکەی پەراسووی لە ژێرمدا ورد دەبن، دڵی وەکو چۆلەکەی ڕاوکراو تەپە تەپی بوو، قیژەی دەچوو تا کەشکەڵانی فەلەك، من خەریکی دڕاندنی پەردەی ژیانی بووم، ئەم ڕستەیەی پێگوتم «ئەم ئازارە زۆر سەختە، مامە وا خەریکە دەمرم.توخوا بەزەییت پێمدا بێتەوە.» ئەم دوانزدە وشەیە کاریگەری لەسەر هەموو ژیانم دروستکرد. چەند مەترێك لەولاترەوە غوسڵم دەرکرد و لە ماڵەکە دەرچووم. نازانم ئەو کیژۆڵەیە چی لێ بەسەرهات، کاتێك لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە هەستم کرد ڕۆحم دەستێکی پیس یاری پێدەکات، هەروەکو چۆن دەڵێن فڵانە کەس جادووی لێکراوە، ئەوهام

لێهات. تاوەکو نزیکەی هەفتەیەك حەزم نەدەکرد کەس ببینم. پاسەوانەکانم بەردەوام پرسیاری بێ مگێزی منیان دەکرد، تەنها بە وشەی هیچم نییە وەڵامیانم دەدایەوە. کەوتمە شەڕێکی قورسی دەروونییەوە، بڕوا ناکەم هەرچی شەڕی فرۆکە و تانك و زریپۆش هەیە هێندەی یەك چرکەی جەنگێکی دەروونی سەخت بێت.ئاخر کەسێك جەنگی دەروونی نەبینیبێت نازانێت چ کارەساتێکە.ترس لە رۆحکێشان سەخترە هیچ کەسێکیش هێندەی ئێمە لەگەڵ ترسدا گۆش نەکراوین. ئەو کاتەی دایکم نەمردبوو جار جارە پێیدەگوتم شەوان بە تەنها بچیتە دەرەوە ئەوانەیل دەچێتە لەشتەوە و شێت دەبێت، دوای ئەوەی ئەو کیژۆڵەیەم بە زۆر گایی و هەستم کرد جندۆکە بووە و رۆیشتۆتە مێشکمەوە، ئەترسام باسی بکەم نەك بمبنە لای شێخێك و دارکاریم بکەن، تاوەکو ئەو کیژە لە لەشم جیابێتەوە.ئەوەندە هۆگری خەمی ئەو کچە بووم حەزم نەدەکرد هیچ کەسێك لێم دووری بخاتەوە. ئەو چەند وشەیەی منداڵەکە گوێیەکانی کاس کردبووم. سوێند دەخۆم تاوەکو ئەم ساتەی کە قسەی تێدا دەکەم نازانم واتای ئەو وشانە چییە کە گوتی. زۆرجار پیلانی ئەوەم هەبوو، ئەم ڕستەیە بەو کوردانە بڵێم کە  لە ڕێگە گوتارە جۆشدراوەکانی مزگەوتەکانەوە هاتبوونە ڕیزەکانمەوە، پێیان بڵێم ئەو ڕستەیە بە زمانی عەرەبی واتای چی دەگەیێنێت؟ کیژۆڵەکەی ناخم

دەیگوت نابێت بپرسێت.
ئەو ڕستەیەی کیژۆڵەکە گوتی تەنها بە زمانی دەرینەبڕی، چونکە هەندێك جار چاو لە بری زمان قسە دەکات، قژ، دەست، کورە چوزانم هەموو ئەندامەکانی جەستە دەبنە زمان. ئیدی ماوەیەکی زۆر هیچ چالاکییەکم ئەنجامنەدا. لە خەلافەتەوە نوسراوێکیان ئاراستەکردم کە بۆچی وەکو جاران بەشداری فتوحاتەکان ناکەم. منیش داوام لە پاسەوانێکم کرد کە وەڵامێکی کورتیان بداتەوە و بڵێت، دەمەوێت لە میحوەری پارێزگای نەینەواوە بگوێزرێمەوە بۆ میحوەری کەرکوك. دوای چەند رۆژێك فەرمانی گواستنەوەکەم دەرچوو، لەوێش هەمان جەنگی دەروونی لە ناخمدا ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبوو. دوای نزیکەی مانگێك لە تەللوەرد دیسان دوای گواستنەوەم کرد بۆ پارێزگای دیالە، گەیشتمە شارۆچکەی جەلەولا. هەستم دەکرد ئەو کیژۆڵەیە بەردەوام لە پێش چاومە و دەڵێت بۆ واتکرد ئەی جانەوەری پیس. شەوان لە خەو رادەچەڵکیم و فیشەکم بە تارماییەوە دەنا.دەمویست لە گەردنم بێتەوە. سودی نەبوو. دەی قسەکردن سودی نییە، ئەوە ماوەی چەند ڕۆژێکە من لە ماڵێکم لە گەڕەکی تەجنید، پێشمەرگە گەمارۆی داوین و خەلافەت زانیان وەکو جاران چالاکیم نەماوە، داوایان لێکردووم کە خۆم بە پێشمەرگەدا بتەقێنمەوە و لە فیردەوس بە پیاو

چاكان بگەمەوە،ئەم خۆكوشتنە بەلای منەوە جۆرێكە لە گەمە، گەمەیەك كە كۆتایی نییە حەزیش دەكەم زووتر دادوەرەكەی ژیان فیكەی كۆتایی لێ بدات. من بە باوەڕ ئەم كردەوەیەم ئەنجام نادەم، دەمەوێت تۆڵەی ئەو كچە لە خۆم بكەمەوە. ئەو خواییەی كە مەلاكان باسی دەكەن چاوی بۆ مێرووله دروستكردووە ئەبێت چ خوایەك بێت پێویستی بەوە هەبێت تاوانبارێكی وەكو من خۆی بۆ بتەقێنێتەوە؟ (ئەمجارە ناڵێم تۆبە) هەموو ئەم قسانەی لەسەر ئەم كاسێتە دەیكەم بۆ ئەوەیە تۆزێك خاڵی بمەوە. كێ ناڵێت دەگاتە دەست پێشمەرگە زەندیقەكانی نەوەی زەردەشت و بە دونیادا بڵاوی بكەنەوە. هێواش هێواش شریتە قاوەیەكی كاسێتەكە بەرەو كۆتایی دەچێت، دەمەوێت كۆتا شت بڵێم، ئەو كردەوەیەی من ئەنجامی دەدەم، ناهێڵم یەك پێشمەرگە بكوژرێت لەبەر ئەوەی نا كە ئەوان بە ناو موسڵمانن، بەڵكو دەمەوێت خۆم ئازار بدەم. بارهەڵگرێكی خۆڵرێژ پڕ دەكرێت لە گەچ و ماددەی تەقینەوە و بەرمیلە باروت، كاتێك نزیكی خاڵێكی پشكنینی پێشمەرگە دەبێتەوە دەستی پێدا دەنێم و دەتەقێتەوە و سەدان پێشمەرگە رەوانەی دۆزەخ دەكات ئەوەیان ناكەم، لەبەر ئەو كیژۆڵەیە. بارهەڵگرەكە لە دووری نیو كلیۆمەتر دەتەقێنمەوە و بەڵێن بێت لە ساتی خۆ تەقاندنەوەم بە دەنگی بەرز هاوار بكەم، ببوورن كیژۆڵە ئێزدییەكان ئێوە تاوانتان نییە لە ئایینەكەی ئێمە

نیین. بە کیژۆڵەی ناخیشم دەڵێم  تەنها یەکجار بمبورە.ئیتر بە خۆشیتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ بریا دەمزانی ئەم ڕستەیە واتای چییە«ئەم ئازارە زۆر سەختە، مامە وا خەریکە دەمرم. توخوا بەزەیت پێمدا بێتەوە».

## ڕەشەمێ
## «دەنگ جادووی تێدایە»

کاتێك گوێم لە هادی گرت، هیچ بەزەییم پێیدا نەهاتەوە، چونکە بکوژ هەر بکوژە،ئەگەر فریشتەکانیش بکوژ، بن هیچ پاساوێك هەڵناگرێت بۆ کارەکەی .ئەوێك هێندە مرۆڤدۆستە و ویژدانی ئازاری داوە، بۆچی نەیتوانی چەند کیژۆڵەیەکی ئێزیدی ئازاد بکات؟هادی ژیانی پڕبوو لە دژ یەکیەکی ڕوون و ئاشکرا. بە دوای خوێنی سپیدا گەڕاوە و ئەو هەموو کەسەی کوشتووە، ئەی خۆ دەیتوانی لە بری ئەوەی خوێنی خەڵك ببینێت، سەیری خوێنی لەشی خۆی بکردایە. کێ ناڵێت بیری بۆ ئەوە چوو بێت خوێنی ئەمیش وەکو خوێنی دایکی سپی بێت. با زۆر لەسەری نەڕۆم کاتێک کردەوە خۆکوژییەکەی

شارۆچکەی جەلەولا ئەنجامدرا، ژمارەیەك پێشمەرگە گیانی خۆیان فیدا کرد، هادی درۆی کرد وتی کەس ناکوژم، ئەوەی بووە جێگەی تێبینیم، ئەو رۆژە هەموو ئاسمان ڕەنگی سپی گرت، کەس خوێنی سووری بەچاوان نەبینی لە ڕەنگی سپی زیاتر. هەر ئەو ڕەنگە سپییەش وایکرد پێشمەرگە لەو شوێنە پاشەکشە بکات. خوێندنەوەی ڕووداوەکان بۆ ئێوە جێدەهێڵم. هیچ کاری من نییە دانیشم و گوتەکانی ئەو کابرا بکوژەتان بۆ شی بکەمەوە، مەگەر خۆی ناڵێت خۆتان دادوەر بن؟.

شێرزاد خەڵکی لادێیەکی قەرەداغە و هاوڕێمە و تازە دەیناسم، هەر بە مامە شێرە بانگی دەکەین، تا بڵێی مرۆڤێکی جوان و جوامێرە.مامە شێرە ئەو رۆژەی کە ئەم کاسێتەی دەستکەوتووە، لە کاتی ئازادکردنی شارۆچکەی جەلەولا لە گەڕەکی جەماهیر لە ماڵێکدا دۆزیبوویەوە، ئیدی نازانم بە پێی دەنگەکەی هادی بێت دەڵێت لە تەجنیدم، ئەم کاسێتە لە جەماهیر دۆزراوەتەوە.!مامە شێرە باش زمانی عەرەبی نازانێت، کاتێك دەستی دەکەوێت و دوای وەرگرتنی مۆڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە گوێی لێدەگرێت.لە قسەکانی تێ ناگات، تەنها ئەو دێڕە نەبێت کە هادی (ئەبو ئیبراهیم) بە کوردیەکی تێکشکاو دەڵێت «ئەم ئازارە زۆر سەختە، مامە وا خەریکە دەمرم.توخوا بەزەیت پێمدا بێتەوە» هەر بۆیە خێرا بیری بۆ من دەچێت و

بۆم دەنێرێت. ئەی من کێم؟ من کەسێکی باڵابەرزی تۆزێك قەڵەوم، سەرم ماش و برنج بووە، یەك ددانی پێشەوەم کەوتووە، بە کەسێکی بێ باوەڕ لە ناو خەڵکدا تەماشا دەکرێم بۆ نموونە، جارێکیان کەسێك هات بۆ لام داوای لێکردم نوێژ بکەم، منیش گوتم بۆیلەرێکم بۆ بکڕە بەڵێن بێت نوێژ بکەم، کێ تاقەتی هەیە هەموو بەیانیەك بەو سەرمایە قونی بشوات. جارێکی دیکەش مەلایەك هات بۆ لام و گوتی بیستوومانە کوفرت کردووە، پێمگوت مەلا گیان من وتوومە بۆچی کیسەڵ سێ سەد ساڵ تەمەن دەکات و ئاگای لە هیچ خەم و تەمێك نییە، من بۆچی بیست ساڵ تەمەن دەکەم ئەم هەموو خەفەتەم هەیە. ئەمە خەتای خوا نییە؟ مەلاکە پێکەنیی و لێیدا ڕۆیشت. من ناوم کاوەی کاسێتە، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و ئەو کاتەی دایك و باوکم بەرەو تۆپزاوە بۆ ئەنفالکردن دەبرێن، لەناو مەکینەیەکی عەنتەر زۆر دەگریم جاشەکانی.... بەگ . لە گریانەکەم قەڵس دەبن و دانەیەکی کەتەی زل لەباوەشی دایکم هەڵمدەگرێت و فڕێم دەداتە خوارەوە. هەموو ئەو ڕووداوانەم وەکو فیلمی رەش و سپی دێنە بەرچاوم کەچی هێشتا ناتوانم بە وردی بیگێڕمەوە.ئیدی نامرم و وەکو پاڵەوانی فیلمە هندییەکان، شوانێك هەڵمدەگرێتەوە. لە ماڵی ئەو شوانە ماوەی چەند شەوێك لە پەسا دەگریم.پیرەژنێکی بە ئەزموون

لە کاتی پاککردنەوەی پاشەڕۆکەم دەست بە ڕانمدا دەهێنێت و هەست دەکات ڕانەکانم شکاون، دەمبەنە لای (خالۆ یاگار) کە پیاوێکی کاکەییە و بە خۆرایی دەست و پێی شکاوی خەڵکی دەگرتەوە. ئینجا ئەم خالۆ یاگارە تا بڵێی پیاوێکی قسەخۆش و مرۆڤ دۆستە، دەڵێن لە کۆندا منداڵێکی کاکەیی دەمرێت و دەیبەن لە گۆڕستان بینێژن، خەڵکی ناوچەکە بە یاگار دەڵێن خالۆ ئەم گۆڕستانە بۆ موسڵمانانە و نابێت ئێوە مردووی لێ بنێژن. ئەویش تووڕە دەبێت و دەڵێت «ئەرێ بۆ خاتری خواکەتان، بۆ وا دەکەن؟ دەترسم وا هەست بکەن مردووەکانی ئێمە شەوان مردووەکانتان لە گۆڕ دەگێن.مرۆڤ هەر مرۆڤە و هەمووومان دروستکراوی خواین». چەند جارێك هەوڵدەدات ڕانم چاك بکاتەوە بێسود دەبێت، ماڵەکەش لە ترسی ئەوەی من کەسوکاری پێشمەرگەم و هەڵهاتوویەکی دەستی بەعسم، نامبەن بۆ خەستەخانە.هەر بۆیە لەوەتەی فامم کردۆتەوە من هاوڕێی دارشەق و عەرەبانەی کەمئەندامانم.سێ ساڵ دوای ڕاپەڕینەکە بە ڕێکەوت نەنکم دەمدۆزێتەوە و سوپاسی ماڵەکە دەکات و من دەباتەوە لای خۆی. لەوێ دەنێردرێمە خوێندنگا. تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی دەخوێنم و دەستبەرداری دەبم و لە پڕێکدا خۆم لەناو جیهانی ڕێکۆردەر و کاسێت دەبینمەوە. لەو کاتەوەی وازم لە خوێندن هێناوە، من بە ڕۆژ جیهانی دەرەوە نابینم،

شەوان نەنکم، یان هاوڕێیەکم ماوەی چەند کیلۆمەترێك پاڵم پێوە دەنێن و خەڵك نابینم. ئەو کاتانەش تەنها چەند بوونەوەرێك بێدار دەبین، من و ئەو کەسەی پاڵم پێوە دەنێت و کوندەپەپوو و شەمشەمەکوێرەکان و پاسەوانی زەڕنگەر و ماڵە خوا پێداوەکان. من عاشقی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانم و دەنگی هەموو بونەوەرەکانم خۆش دەوێن، دەنگ جادوویەکی تایبەتی تێدایە ئێوە ڕەنگە درکی پێ نەکەن، زۆربوون ئەوانەی لە ژیان لە ڕێگەی دەنگەوە عاشق بوون، شەهید بوون. تەنانەت سەرکردەیە هەیە لە ریگەی کاسێتەوە شۆڕشێکی بەرپاکرد. بە سەدان هۆزانەڤان پێداهەڵدانی دەنگی کردووە. دەنگ بە لای منەوە لە بینین گرنگترە.تاوەکو زەمەن بەردەوامە باس لە دەنگ بکەم کۆتایی نایەت، ئەوەی زۆر بەلامەوە جێگەی تێڕامانە دەگوترێت جادوو لە هەموو ڕێگەیەکەوە دەکرێت تەنها لە ڕێگەی دەنگەوە ناکرێت، چونکە دەنگ بەخۆی جادووە. هەموو کتێبە ئاینییەکانیش لە ڕێگەی نوسینەوە ئەنجامدراوە و بە ئاسانی دەستکاری تێدا دەکرێت. ئەی ئەگەر گوێمان لە دەنگی عیسا بوایە و بیگوتایە ئەوە من چیتر لەسەر زەوی نامێنم و بەرەو ئاسمان دەڕۆم؟ خۆ ئێستا هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئاین هەیە دەبوونە مەسیحی. یاخود گوێمان لە دەنگی پێغەمبەری موسڵمانان بوایە چۆن ئیسرا و میعراجی کردووە یان موسا لە تۆمارێکی دەنگی بیگوتبیایە

ئەسڵەن شتی وا باوەڕ نەکردەنییە چۆن گۆچان ئەبێتە مار؟ دەبوو چی ڕوو بدات؟.خۆشبەختییەکی گەورە بۆ مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤەکان هەڵگری دەنگێکی تایبەت بە خۆیانن و هیچ کەسێك ناتوانێت دەستکاری دەنگ بکات.

من له ڕۆژ ڕەنجاوم، شەوم خۆش دەوێت.زۆر کەس هەن تاوەکو ئێستا شێوەیان نەبینیووم، ناوبانگم لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەنگی داوەتەوە. کاسێتەکانی من ناوازەن، بە سەدان گۆرانی هیندی و فارسی و تورکی و ...هتد. لایە. دەنگی سیاسییەکانم کۆکردۆتەوە. دەنگی یاریزان، هونەرمەند، نووسەر...هتد. چەندین جۆری کاسێتی وەکو(قیسارە، تی دی کەی، سۆنی، فلیپس، سانا، ماکسڵ، ماکس وێڵ، سامات، سامسۆنگ) هەن. خەڵکێکی زۆریش یارمەتیم دەدەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و کاسێتی جیاواز. کاتێك کارەساتەکەی ئێزدییەکان ڕوویدا هاوڕێیەکم نەما پەیوەندی پێوە نەکەم تاوەکو لە کۆکردنەوەی دەنگی چەند کچێکی ڕفێندراو و چیرۆکی دڵتەزێن، هاوکاریم بکەن. نووسەر نیم، پرۆژەیەکم بە دەستەوەیە هەموو ئەو دەنگانە بخەمە سەر کاغەز و بیبەم بۆ چاپخانەیەك. ئەوەی من دەیکەم وەکو نووسینی ئەو نووسەرانە نییە، کە پەنجا لاپەڕە باسی تاکێك پێڵاو دەکەن یان باسی تۆزی پۆستاڵی سەربازێك دەکات، نووسین زیاتر خستە ڕووی ڕووداوە و

بەسەرهاتە. ئەگەر بە من بێت نەك بە تەنها دەنگەکان بەڵکو هەناسەکانیشیان دەگوێزمەوە، نەهاتووم قسەکانی ئەوان بگۆڕم بە وشەی قەبە و چاو خەڵەتێن، من تەنها گواستوومەتەوە.تاکە شتێك کە دەستکاری ئەو دەنگانەم کردووە، ئەوەیە زۆرجار لەبری ناوهێنانی چەند کەس و دەستەواژەیەك کردوومەتە ناوی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان.نووسین پێویستی بە درێژدادڕی نییە.نووسین گەیاندنی پەیام و ئامانجە، خوڵقاندنە.هەرچی دەنووسیت بنوسە، گرنگ ئەوەیە مێشکت کار بکات و شتێك بنووسێت پێشتر نەنوسرا بێت.

لەو مانگەی تاوان بەرامبەر ئێزدییەکان کرا، تاوەکو کاتی خستنە سەر کاغەزی ئەم دەنگانە. نزیکەی سەد کاسێتم دەستکەوتووە. چەند کاسێتێك لەوانەم زۆر بە لاوە خەمهێنەر و ئەدەبی بوون بۆیە هەموویانم جیاکردۆتەوە. پێنج کاسێتی ڕۆژنامەنوسێکی هاوڕێم ئەویش لە نەوەی ئەنفالەکان و خەڵکی گوندی قەواڵی ناوچەی گەرمیانە، فرە سەروسەودای لەگەڵ ئیشی ڕۆژنامەگەری هەبوو سەرەنجی ڕاکێشام و هانی دام بۆ ئەم کارە. کاسێتەکانی ئەوم کەوتەدەست هەموویان لە جۆری سامسۆنگ-ن و بە دەنگ تۆمارکەرە سانیۆکەی باوکم کە هەمیشە گوێی لە گۆرانییەکانی خوداداد عەلی پێدەگرت، گوێم لێیانگرتووە. جگە لە دەنگی قوربانیانی کارەساتەکە، لە یەکەم چرکەساتی

ڕۆیشتنی بۆ ناو ئێزدییەکان تاوەکو ڕۆژی.... هەمووی تۆمار کراوە، ئەوەندە جوان دەنگەکانی خۆی تۆمارکردووە، خۆی لە خۆیدا ڕۆمانێکە، بە پێی دەنگەکان بێت ئەو کوڕە بیری لە نوسینی ڕۆمانێك کردۆتەوە، چونکە هەندێك شت کە گێڕاویتەوە ڕووداوی راستەقینەن و یاخود سودی لە رۆژنامە و دەقە مێژووییەکان وەرگرتووە.بە هەرحاڵ ئەوانەی لەبەشەکانی دیکە نوسراون دەنگی کاسێتەکانن، پێویستیش ناکات بڵێم چۆن ئەو کاسێتانە گەیشتۆتە دەستم، ئەوەیان چیرۆکێکی دوور و درێژە. تاقەتی زۆر نوسینم نییە هەروەکو چۆن خەڵکیش تاقەتی خوێندنەوەی نییە. ئاواتەخوازم ئەم دەنگانە لەناو نەچن و کەسێك ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ کە دەنگ بۆ نوسین بگۆڕێت.

## خاكەلێوە

## «خۆزگە هەرگیز عیراقی نەدەبووین»

ڕۆژی بەڵاكە، كاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ بوو، پیاوەكانمان پێیان گوتین كە دەبێت لێرە بڕۆینە دەرەوە، چونكە داعشەكان، ئێزدییەكان دەكوژن.هیچ یەكشەمەیەك هێندەی ئەو یەكشەممەیە ناخۆش نەبوو، بڕیارماندا ڕوو بكەینە شاخەكانی دەوروبەرمان و دوای بگەڕێینەوە، ئەو ڕۆژە بە هەر حاڵێك بووماینەوە، پیاوەكانمان هەندێكیان دەرچوون و بەرەو شاخێك ڕۆیشتن، ئەوەی مایەوە ژن و كیژۆڵەكان بوون، بەیانییەكەی لە ماڵ دەرچووین. ویستمان بەرەو دهۆك بڕۆین، لە ڕێگادا چەكدارانی داعش بازگەیەكی خەیاڵیان دانابوو، ئێمەیان دەستگیركرد. یەكێك لەناو ئەو چەكدارانە، ئێزدی بوو. بوو بوو بە موسڵمان. ئەو كوڕە ناوی

«خالد» بوو. بیَ ئەوەی بزانین چارەنوسی پیاو و برا و کەسمان چییە.پاشان تا ئێوارە لەویَ ماینەوە. یەکەمین داواکارییان ئەوە بوو کە ئێمە بڕۆینە سەر ئاینەکەی ئەوان، هەموومان ڕەتمانکردەوە، سیَ جار ئەو داواکارییەیان دووپاتکردەوە، وەڵامی ئێمە بۆ ئەوان تەنها نەخێر بوو. ئەوانەی لەگەڵم بوون، دشێکم و دایکی مێردەکەم پێکەوە بووین و (نەی) کچم سیَ مانگ بوو هاتبووە دنیاوە، تاوەکو سەر و فەساڵی چەند مرۆڤێکی پیس ببینێت.بڕیارماندابوو، کە نابێت بە هیچ جۆرێك بچینە سەر ئاینەکەی ئەوان. چۆن دەبێت ئاین بە زۆر خەڵکی بۆ بانگ بکرێت؟ ئاین خۆشەویستی و ڕێزە. هەموو ئاینەکان لە پێناو مرۆڤدا هاتووە. ئەمە چ ئاینێکە لە دژی مرۆڤ ئیش بکات؟ کیَ ناڵێت ئاینەکە خۆی جوان بێت، پەیڕەوکەرانی ناشرینیان نەکردووە.پاشان لە کاتژمێر نۆی شەو بە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر وەکو ئەوەی بەرازیان بار کردبێت (خۆت ئەزانی بەراز لە ئاینی ئیسلام بە ئاژەڵێکی پیس سەیر دەکرێت) ئێمەیان بردە تەلەعفەر کە دەکەوێتە خۆرئاوای پارێزگاری نەینەواوە. تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت کۆمەڵێك چەکداری داعش کە بە جەنگی ڕاگەیاندن کارێکیان کردووە، مرۆڤ هەر بە ناوهێنانیان موچڕکەیەك بە گیانیدا دێت، ئێمەیان دەستگیرکردووە و پێنج خولەك جارێك سەیرمان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کامەمان

جوانین. ئەوان جوانناس نین، سەیرکردنەکانی ئەوان هەروەکو ئەو جەڵەببازانە وابوون کە لە مەیدانی ئاژەڵفرۆشاندا بەرخێك بۆ سەربڕین دەکڕن. بەرەو شوێنێکی نادیار دەتبەن. هەستت چۆنە؟ ئیتر کاتێك گەیشتینە ئەوێ لە خوێندنگایەك بە ناوی خوێندنگای (موقەدەس) مۆڵدراین، ئەو شوێنە بەس پیرۆز نەبوو. چونکە بە سەدان ژن و کچی ئێزدی تێ ئاخێنرابوو، هەر هەمووی دەم داچەقیوو چاوەڕوانی دەستدرێژی سێکسی و دەستڕێژی گوللەمان دەکرد. ماوەی سێ رۆژ لەوێ ماینەوە خواردنیان پێدەداین(مشەی لوتی دێت) خوا خواردنی وا ببڕێت. جار جارەش شیریان دابەش دەکرد، دوودڵ بووین شیرەکەیان بدەینێ. دەترساین منداڵەکانمان ژەهرخوارد بن. کێ باوەڕ دەکات ئەوان هێندە بە بەزەیی بن شیر بۆ منداڵ پەیدا بکەن. ئەوان مرۆڤ دەکوژن و یاری بە کەللە سەرەکەی دەکەن. ئیدی شیری چی؟. لە دڵی خۆمەوە گوتم ئەگەر گەچ و بلۆکی خوێندنگاکەم خواردووە، ناهێڵم مەمکەکانم شیریان لێببڕێت و نەی بێ شیر بێت. دوای سێ ڕۆژەکە شەوێکیان لە دوانزدەی شەو بوو پێیان گوتین خۆمان ئامادەبکەین دەتانگوێزینەوە، چونکە ئەم شوێنە مەترسی بۆردومانی لەسەرە. ئێمە لە بری خۆ ئامادەکردن خۆمان بۆ مەرگ ئامادە و کۆك دەکرد.لەوێیەوە ئێمەیان بردە (بادووش) لەناو ئەو بارهەڵگرانە گڕەی بایەکی

گەرم لە ڕوومەتی دەداین ، هەستم دەکرد ئەمە گڕەی با نییە، بەڵکو گڕەی بەڵایەکە نازانم خوا لە کوێوە هەڵیکردووە. لە بادووش ماوەی سیانزدە ڕۆژ ماینەوە. باشە خودا بۆ لەو سیانزدە ڕۆژە هەناسەی هەموو مرۆڤەکانی ڕانەگرت؟ ژیانی بۆ نەوەستاند.؟ ئەو هەموو خەڵکە لەسەر زەوی دەژیان هەستیان بەوە دەکرد کە ئێمە کەسانێکی بێ دەرەتانین، چەند ناخۆشە ریێك و ڕەوان بزانی بۆ مەرگت دەبن و کەسێك نەبێت دەستی بکوژ بگرێت. لە شەشەمین ڕۆژی ئەو سیانزدە ڕۆژە، هاتنە ژوورەوە و ژنە بە تەمەن و پیرەکانیان بردە دەرەوە، نەمدەزانی بۆ کوێ دەیانبەن، دواتر زانیم ئەوانیان گەڕاندۆتەوە بۆ تەلەعفەر. ئەوەی بووە جێگەی پرسیارم نازانم لەو نێوەندا بۆچی دشەکەم دیاری نەما. ئیدی من و نەی بەتەنها ماینەوە و ئاگام لەوان نەما. واتە دوای ڕۆیشتنی ئەوان تەنها ژنە منداڵدارەکان مانەوە. لە ڕۆژێکدا هەشت جار بۆردومانی بادووش کرا و بۆمببارانەکە زۆر نزیکی ئێمە بوو. هاوارمان بۆ خودا دەکرد، ژنێکی گەنج کە منداڵی هەبوو، لە نزیکمەوە دانیشتبوو هێندە ترسابوو تۆزێك ئاوەزی لە دەستدابوو. من هاوارم دەکردە خودا و (نەی)یم توند بە سینگمەوە گوشی بوو، ئەو کچە لێم تۆڕە بوو گوتی «کەم هاوار بکە خودا، دەنگی تۆپەکان ناهێڵێت خودا دەنگی ئێمە ببیستێت.» زۆری پێنەچوو ژنێك لەوانەی لەگەڵمان بوون،

بریندار‌بوو، بەڵام برینەکەی سەخت نەبوو. بۆردوومانەکە نەما و ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ خوێندنگای (ئەزهیر) لە تەلەعفەر ، نەمزانی خەسووەکەشم لە هەمان شوێنە، پاشان دەیان گوت تۆ مێردت نەکردووە، شێوەت مندالە بەوە ناچێت تۆ مێردت کردبێت. منداڵەکەیان لێسەندمەوە، بە عەرەبی هاوارم دەکرد منداڵەکەم بدەنەوە دەیری بووم. لەویَ بیست رۆژماینەوە. چەند جارێك بینیم دێن بە زۆر لە ئێمەیان دەبرد. بەو گەرمایە وەخت بوو کوێر بم بۆ قومێك ئاوی سارد، شێوەی کانی و چەمەکانی قەندیل و کوێستانەکانی کوردستانم دەهێنایە پێش چاوم تۆزێك تینوویەتیم دەشکا،لەبەر ئەوەی باوکی نەی زۆرجار لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیعری شاعیرەکانەوە زۆر جوان وەسفی ئاو و کانیاوی کوێستانەکانی بۆ کردبووم. خەیاڵ هەمیشە کارێك دەکات مرۆڤ خۆش بژیت وەگەرنا بە بێ خەیاڵ هیچ بەنی ئادەمێك ناتوانێت چەند کاتژمێرێك لە ژیان بەردەوام بێت، مرۆڤەکان لە زۆر بارودۆخدا ناچار دەبن پەنا بەرن بۆ خەیاڵ و لە ڕاستی هەڵبێن، هەر بۆیە خەیاڵ زیاتر لە ئاینەکان خزمەتی مرۆڤایەتیان کردووە. دواتر ئێمەیان گواستنەوە بۆ گوندێکی شیعەنشین، کە ئەوان هەڵهاتبوون و دەیانویست ئێمە لە شوێنەکانی ئەوان جێگیر بکەن. پاسێکی گەورەیان هێنا ئێمەیان سوار کرد کە هەموومان ژن بووین. دەیانەویست لە پاسەکە دامبگرن تاوەکو لەگەڵ ئەو

کچانە بمێنمەوە کە مێردیان نەکردووە، یەکێك لە چەکدارەکان چەکێکی هەڵگرتبوو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکردم ئەگەر بێت و دانەبەزم دەمکوژێت. یەکسەر پێم گوت بە خودا سوێندت دەدەم بمکوژە بەس لە زارۆکەکەم جودام مەکەرەوە و مەهێڵە بە بێ شەرەفی بمرم. بەڵێنی پێدام و سوێندی خوارد کە منداڵەکەم بۆ دێنێت هەرواش دەرچوو بۆی هێنامەوە. هەرکەسێك لە ئێمە خاڵێکی لاوازی هەیە، بەڵام گەورەترین خاڵی لاوازی دایك، منداڵەکەیەتی. لەبەر منداڵەکەم دابەزیم و منیان گەڕاندەوە بۆ خوێندنگاکە هەر من و حەوت کچی دیکە لەوێ مابووینەوە. ئەوەندە گەرم بوو هەستم دەکرد دۆزەخ لە ژێرمانەوە دەکوڵێت، لەسەر زەوییەکە دەنیشتین و پانکەیەکی ئەرزیان هێنابوو تۆزێك فێنکمان بووەوە ، ئێمە شەوان زیاتر ڕۆحمان گەرمای دەبوو تاوەکو خۆمان، هەموو شەوێك چەند چەکدارێکی ئیسلامەکان دەهاتن و یەکێك لەو کچانەیان دەبرد کە دەهێنرانەوە، توشی خوێنبەربوونی کۆئەندامی زاوزێ دەبوو، بە منیان دەوت ئەوە ژنی کافرە نابێت لەگەڵی سێکس بکرێت.کەچیش سەرەتا پێیان دەگوتم تۆ مێردت نەکردووە»

دەنگی سەما هات کە پرسیاری لێکرد من یەکسەر زانیم دایکی نەی درۆ دەکات لەبەر ئەوەی لە دەنگییەوە هەستم بەوە دەکرد لە شەرمدا سوور هەڵگەڕاوە و نایەوێت بڵێت منیش سێکسم

لەگەڵ کراوە ئەها سەما چی لێدەپرسێت «واتە تۆ دەستدرێژیت نەکرایە سەر؟!!»

« چیرۆکەکەی خۆم بۆ خودای خۆم دەگەڕێمەوە نەك بۆ رۆژنامەنوس و خەڵك(وەکو ئەوەی بیەوێت ئاڕاستەی ئەو پرسیارە بگۆرێت لە سەر گێڕانەوەی کارەساتەکە بەردەوام بوو) ها خوشکم، ئینجا هەر کچێك بە دەم داواکارییەکانی ئەو چەکدارانەوە نەچوایە بە لێدان دەیان بردن زۆربەی زۆرجار بە قژ کچەکانیان دەبرد یان مشتگریان دەکردە دەستیان و وەکو گوێرەکە چۆن لە جەژنی قوربانی موسڵمانان بۆ قۆچی ببەن، ئەوها ڕایاندەکێشا. با شتێکت بۆ بگێڕمەوە کە مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پێڵاوی ئەو کچانەی کە بوونە قوربانی دەستی ئایین و خەڵکانی توندڕەو. لەو ماوەیەدا کە من و ئەو کچانە لەوێ بووین، چەکدارە ئیسلامییەکان دەیانزانی کەی دەکەوینە سوڕی مانگانەوە و کەی تەواو دەبین، ها.وەکو چۆن ڕاوچیەکی بێبەزەیی لەناو کوڵبەیەکدا لولەی تاپڕەکەی نزیك هێلانەی پۆرێك دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر هاتەوە و بیکوژێت، ئەوانیش وابوون. ئەو ڕۆژەی کە لە سوڕی مانگانە دەبووینەوە یەکسەر دەهاتن دەیان بردین. جاری وا هەبوو نیو کاتژمێر و کچەکەیان دەهێنایەوە، جاری وا هەبوو پانزدە خولەك، چەند جارێکیش ڕێکەوتووە بە سێ رۆژ لەو کچانەیان نەدەهێنایەوە. ئێمەیان

وەکو سۆزانییەك سەیر دەکرد کە بە خۆرایی سێکس بفرۆشین. چ چێژێك لەوەدا هەیە کە بەزۆر سێکس بکەی؟ سێکس ئاوێتە بوونی دوو رۆحە .باوەڕ بکە ئەوان سێکسیان لەگەڵ مردووان دەکرد. ئینجا کوا گوێ لەو شتانە دەگرن؟ ئەوە نییە نازانم کەی بوو موفتەیەك لە میسر ڕێگەی دا پیاوان دەتوانن سێکس لەگەڵ ژنە مردووەکانیان بکەن. ئیدی من خوتەو بۆڵەی چیمە؟. بۆ ئەوانەی لە پێناو ئایینەدا خۆیان بەخت دەکەن کەچی هێندە گیرۆدەی سێکسن؟ جارێکیان ڕوودی بۆ گێڕامەوە کە هاورێیەکی گوتوویەتی پیاوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بیری ئاو لە یەك شتدا هاوشێوەی یەکترن. هەردووکیان تەنها ئاوەزیان لای ئەوەیە چۆن ئاوەکەیان دەربکرێت، ئیتر گرنگ نییە بە چ ڕێگایەك ئەو پرۆسەی ئاو دەرکردنەکە ئەنجام دەدرێت. ئەوە بیرم کەوتووە، ئێوە ئاو ناخۆن؟»

«نا سوپاس گیانی من کەش و هەوا سارده زۆر ئاو ناخورێتەوە.» دەنگی سەما هات بەو جۆرە وەڵامی دایەوە.

پەرچەم لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو «ئەو ماوەیە هێندە تینوویەتیم کێشا، حەز دەکەم هەمیشە پەرداخێك ئاو لای دەستم بێت. باسی چیم کرد؟»

سەما وەڵامی دایەوە «وتت چەکدارەکان کچەکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی دەبرد.»

پەرچەم گوتی «وابوو.ئێ دوای ئەوە چەند کچێك لەوانە بڕیاریاندا خۆیان بکوژن، بە سەرپۆشە پەلکەزێڕینە ئاساکانیان هەناسەکانی خۆیان شەتەك بدەن. لەبەر ئەوەی خوێنەوار بووم و دنیابینیم لەوان جیاوازتر بوو. هەندێك لەوانەم پەشیمان کردەوە، گوتم هەوڵی ڕاکردن دەدەین لە خۆکوشتن باشترە، دەچینە ناو ئەو ژنە شەڕڤانانەوە کە دەجەنگن، لەوێ دەتوانین تۆڵەی خۆمان لەو بێ شەرەفانە بکەینەوە و بەرگری لە خۆمان بکەین.چونکە دواتر زانیم ئەو ژنانە بە سەدان چەکداری داعشیان تۆپاندووە.ئیدی ڕۆژانە تەگبیرمان دەکرد، ڕۆژێکیان چومە لای ئەمیرێکی ئەوان گوتم دەزانم ئێوە بڕیارتانداوە هەموو کچەکان لە خۆتان مارە بکەن، سوێند بە خودا هاوسەرگیری هەرگیز بە زۆر نەبووە و نابێت، هەموو وەڵامەکەی ئەو بۆ من ئەوەبوو یەك پاڵی پێوەنام لەسەر گازەری پشت کەوتم. جارێکیان بڕیاریاندا ئێمە بگوازنەوە بۆ ماڵێك و لەو خوێندگایە دەرمان بکەن. هەموو کچەکانیان برد تەنها کچێك کە تەمەنی سیانزدە پایز بوو، زۆر هۆگری من بووبوو هەمیشە یاری لەگەڵ نەی دەکرد، لەو ماڵەدا ماینەوە شەوێکیان هاتن کچەکانیان برد تەنها من و ئەو کچە ماینەوە، لە خۆشەویستیدا ناویم نابوو « توتی» چونکە کە ڕێی دەکرد وەکو توتی بە لەنجە و لار دەڕۆیشت. لە پڕ ئەمیرێکی گەورەی ئەو چەکدارانە هات هاواری کردە پاسەوانی ماڵەکە کە کچەکان کوان

له کوێن.؟ پاسەوانەکە بە ترسێکەوە پێی گوت ئەبو ئیبراهیم وەڵا ئەبو فەلاح خۆی و مەفرەزەکەی هاتن و کچەکانیان برد. ئەمیرەکە خراپتر تووڕە بوو گوتی «ئەبو فەلاح گەوادە گەواد. ئەو بیٚ شەرەفە  لە سێکس تێر ناخوات. کەسێکی بێگانەی ئەوها لە ئەوروپا گەورە بووە ئێستاش بۆی بکرێت دەڵە سەگ دەگێت ئەوەندە شەهوانییە، ئەگەر ژن نەبێت  منداڵێکی جوان دەنێتە سەر خۆییەوە. زوو پێم بڵێن  لەم ماڵە کیٚ ماوەتەوە؟»

هەر دەنگی ئەوەم بیست گۆی مەمکم خستە دەمی نەی بۆ ئەوەی دەنگی لێوە نەیەت.حەزم دەکرد بە نەی بڵێم مەمکم چۆڕی لێبراوە و شیرم نەماوە، ئەمەیان بۆ شیر نییە، بۆ ئەوەی تۆ نەکوژن و دەستدرێژیش نەکەنە سەرم. ئەو ساتانەم بیرکەوتەوە کە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ روودی بەیەك گەیشتین لە خۆشیا ترسم لە سێکس نەبوو کە هەموو کچی ئەو وڵاتانەی ئافرەتانی تێدا دەچەوسێنرێتەوە،  چەندین ساڵە وا دەزانین شەوی پەردە شەوی لە سێدارەدانمانە. من ئێستا دەترسام، زۆریش دەترسام. لە پەنجەرەی ماڵەکەوە سەیرم دەکرد ئەم فیلمە ترسناکە بەچی کۆتایی دێت؟ پاسەوانەکە وەڵامی ئەبو ئیبراهیمی دایەوە کە تەنها ژنێکی خاوەن منداڵ و کیژۆڵەیەکی منداڵی تێدایە. هاواری کرد بۆم بانگ بکەن، توتییان لە خەو هەڵساند چاوی هەڵدەگڵوفی، لە پێش چاوی پاسەوانەکە و من و پاسەوانەکانی

خۆی و خوایش. هەردوو قاچی توتی کردەوە و خۆیدا بەسەریدا، هەستم دەکرد گوێم لە شکانی ئێسقانەکانی جەستەی دەبێت. چەند جارێك وەکو سمۆرە زریکاندی گوێم لە دەنگی بوو هاواری دەکرد «ئەم ئازارە زۆر سەختە، مامە وا خەریکە دەمرم. توخوا بەزەیت پێمدا بێتەوە» ئیدی دەنگی نەما. ئێوە ئێستا نەتابینووە کە چەند دیمەنێکی ناشرینە پیاوێکی تەمەن سەرووی پەنجا ساڵەی بەدفەساڵ پەردەی کچێنی کیژۆڵەیەکی ناسکی بپژێنێت، تەواویکرد و هەستا. توتی وەکو توتییەکی کوژراو بە قاچی خوێناوییەوە لەسەر پشت کەوتبوو. ئەبو ئیبراهیم هەر لە ناو حەوشەی ماڵەکەدا یەك تەنەکە ئاوی کرد بە خۆیدا و جلەکانی لەبەر کرد. ئەوجا بە دەنگێکی نێر گوتی «بە ئەبو فەلاح بڵێن ئەبو ئیبراهیم گورگە، ناهێڵێت سەگ بەشە گۆشتی ببات.» لێیدا ڕۆیشت. ئەو شەوە زۆر ناخۆش بوو، باوەڕ بکە پاسەوانەکە هەرچەندە وەکو ئەوان دڕندە بوو، هەستم کرد دەگری. توتی هێنایە ژوورەوە بە نیوە مردوویی، فڕێیدا و خۆی ڕۆیشت. زۆر بانگم دەکرد بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەدرا هەر هاواری دەکرد «پەرچەم ئازارم هەیە ئازار.. حەز دەکەم میز بکەم، ئیتر ناتوانم میز بکەم شوێنی میزەکەم خوێنی لێ دەتکێت.» تاوەکو دەمەوبەیان خەوم لێ نەدەکەوت دەستم پێدا دەهێنا قسەم بۆ دەکرد، لە پڕ هەستم کرد لاشەی سارد

سارد بۆتەوە. هاوارم کردە پاسەوانەکە کە فریام بکەوێت. هاتە ژوورەوە گوتی دەیبەمە دەرەوە، توتی بردە دەرەوە. گوێم لێ بوو مۆبایلەکەی دەرهێنا و پەیوەندی کرد کە یەکێك لەو کچانە مردووە. ئۆتۆمبیلێك هات و لاشەی سارد و خوێناوی توتییان تێ فڕێدا و تا ئەبەد گۆڕغەریب بوو.

دوای مردنی توتی، من و نەی بە تەنها بووین. ڕۆژێکیان ژنێکی فرە جوانیان هاورد بۆ لای من، ئەویش کوڕێکی لەگەڵ بوو و خۆشی دوو گیان بوو، دوای گێڕانەوەی ئەو بەڵایەی کە بەسەرمان هاتووە، بووینە دوو دەستە خوشکی یەکتر، جار جاریش لەسەر منداڵەکان لە یەکتر توڕە دەبووین(بە درۆوە دەنگی پێکەنینەکەی دێت) ئەو ژنە ناوی شەمام بوو. تا بڵێی قسەخۆش بەڵام پڕ بوو لە دەرد و کەسەر. چەند جارێك بیرم لە هەڵهاتن دەکردەوە شەمام دەیگوت باشە منیش ئامادەم بۆ هەڵهاتن، لە تەلەعفەرەوە بۆ کوێ بڕۆین؟ دەستمان بە دەست خواوە بێت دەماندۆزنەوە. بەیانییەك دوای نوێژی بەیانی بوو ئەبو فەلاح و چەکدارەکانی هاتن ئێمەیان لە خەو هەستان پرسیارمان کرد بۆ کوێ دەمانبەن؟ تەنیا وتی ئێوە کراونەتە دیاری بۆ ئەبو عەبدوڵای تونسی لە موسڵ. بە ئۆتۆمبیلێکی جۆری بی ئێم دەبلیو ئێمەیان بەرەو موسڵ برد.گەیشتینە گەڕەکێك دواتر زانیم ئەو گەڕەکە ناوی (وەزیران) بووە. دەرگای ماڵێکی

گەورە کرایەوە. پیاوێکی ڕیشداری شێوە زار جیاوازی عەرەبی بەخێرهاتنی کردین. ئیدی من و شەمام لای ئەو ماینەوە. لە شەو و ڕۆژێکدا ئەبو عەبدوڵای تونسی چوار کاتژمێر لە ماڵەوەبوو. نازانم ئێستا چۆن وردەکاری ئەو ماوەیە بگێڕمەوە کە لەو ماڵە ژیاوین.(دەنگی گریانی نەی دێت) ئەو منداڵەم بۆ بێنن.. بە یارمەتی ئێستا نەی دێنم و دێمەوە.

سەما بە دەنگێکی کز دەڵێت «بڕۆ گیانی من»

«ئەوە برسییەتی بۆیە دەگری شیری دەدەمێ ئارام دەبێتەوە، ها. من و شەمام چەندین جار دەمانویست هەڵبێین پلانمان دادەنا. سەری نەدەگرت، زۆربەی جار بیرم دەکردەوە لە فیلمەکان چیم بینووە چۆن خەڵکی لە زیندان هەڵدێت. دەرگای لەسەر کلۆم دەداین ، رۆژێك وتم ئەبو عەبدوڵا تۆ بۆ متمانە بە ئێمە ناکەی؟ دەرگای دەرەوە دامەخە، ئەگەر بمانەوێت هەڵبێین لەسەر دیوارەکەوە باز دەدەین. باوەڕی بە قسەکانم هێنا.چەند رۆژێك دەرگای حەوشەی دانەدەخست. نیوەڕوانێك لە ماڵ چووە دەرەوە و گوتی ئێوارە زوو دەگەڕێمەوە. لەگەڵ ڕۆیشتنە دەرەوەی ئەودا بە شەمامم گوت خۆت ئامادە بکە بۆ هەڵهاتن. پاشان پیس و پۆخڵی ماڵەکەم کۆکردەوە و بە مەبەستی فڕیدانی لە ماڵ چوومە دەرەوە، لەوێ ئەو ناوەم خستە ژێر چاودێرییەوە و هاتمەوە گوتم شەمام کەس بە دەرەوە نییە بەم گەرمایە

دڵخۆش بە کە هەڵدێین. جلوبەرگی خۆمان وەکو ژنە عارەبەکان لێکرد، بە ڕووبەند دەموچاومان داپۆشی. شیر و داپیەرمان بۆ منداڵەکان هەڵگرت. لە ماڵ چووینە دەرەوە. زۆر دەترساین پێم گوت هەر چەکدارێکی داعش گوتی بۆ کوێ دەرۆن بڵێ دەرۆینە نەخۆشخانە. ئەوجا بیرم کەوتەوە کە شەمام عەرەبی نازانێت پێم گوت تۆ هیچ مەڵێ خۆم وەڵام دەدەمەوە. لە ماڵەکە دەرچووین، بە بێ ئەوەی یەك عانە و یەك بەڵگەی عیراقیبوونمان پێ بێت. خۆزگە هەرگیز عیراقی نەدەبووین. هیچ کەسێك پرسیاری لێنەدەکردین وەکو شێت بە ڕێگادا دەرۆیشتین. نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین، بە خۆمان مێشکمان شێواو بوو گەورەیی موسڵیش خراپتر شێواندبوونی. لە دوورەوە پیاوێکم بەدی کرد ئاو پەرژێنی بەر دەرگای ماڵەکەیانی دەکرد. ڕۆیشتمە پێشەوە سەیری ماڵەکەم دەکرد. گوتم ئەگەر قەرەباڵغ بێت ئەوا چەکدارانی ئیسلامی لێیە ئەگەر نا ئەو ماڵی خەڵکی سڤیلە. ماڵەکە زۆر کپ و بێدەنگ بوو. سڵاوم لێکرد و گوتم ئەم منداڵانەی باوەشمان پێویستیان بە ئاو هەیە. گوتی فەرموون وەرنە ژوورەوە ئاوی ساردتان بۆ دەهێنم. ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەك بوو بۆ دڵخۆشی ئێمە. چوینە ماڵەوە گوتم خێزانت لە ماڵە؟ گوتی بەڵێ. بانگی کرد ژنێکی کەڵەگەتی ڕوومەت خاڵخاڵاوی هات. یەکسەر گوتم، سەیر بکەن. ئێمە لە

دەستی چەکدارانی داعش هەڵهاتووین. پیاوەکە خێرا سەیرێکی دەرەوەی کرد و ڕۆیشت دەرگای حەوشەکەی داخست و گوتی بڕۆنە ژوورەوە. هەموو شتێکمان بۆ گێڕایەوە، باسی ئەوەشمان کرد کە چۆن ئەوان دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەرمان، باسی مەرگی توتیم بۆ کردن.کڕنووشم برد دەستی ژنەکە ماچ بکەم پێم گوت دەبین بە کارەکەرتان تەنها کارێك بکەن جارێکیتر مەهێڵن بکەوینەوە دەستیان. ژنەکە ڕۆیشتە هۆدەکەی ئەو دیو و بانگی پیاوەکەی کرد.دوای چەند خولەکێك گەڕانەوە، ئەو چەند خولەکە بە چەند سەدەیەك دەڕۆیشت.پیاوەکە گوتی سبەینێ کاتژمێر حەوتی بەیانی خۆتان ئامادە بکەن دەچینە کەرکوك، هەر کە ناوی کەرکوکی هێنا تەواو دڵم خۆش بوو، هێشتا دەترسام. کاتژمێر شەشی بەیانی ژنەکە هات و ئێمەی لە خەو هەستاند. خەوی چی؟ حەزمان دەکرد خەوی یەکجاریمان بێت چیتر نەزانین چیمان بەسەر دێت. مرۆڤ ئەو کاتانەی نازانێت چارەنوسی چی دەبێت، ئیدی هیچ شتێك نامێنێتەوە بۆی بژیت. خواردنیان هێنا، قەیماغ و هەنگوین بوو، وام هەست دەکرد، گوێزان و ژەهری ئەژدیهای حەوت سەر دەخۆم. دوای ئەوەی سفرەکەیان گلێرکردەوە، ژنەکە ڕۆیشت کلی چاوی بۆ هێنایین وەکو ژنە عەرەبەکان چاوم ڕشت. بە ڕێکەوتین بەرەو کەرکوك پلانەکەی ئێمە بە جۆرێك بوو، کە من کچی ئەو ژنەم و

شەمام بوکێکی ئێمەیە،. گەیشتینە حەویجە لەوێ پێیان گوتین کە نابێت ئۆتۆمبێلی تایبەت بەرەو کەرکوك بپەڕێتەوە، تەنها دەبێت بە پاس هاتوچۆ بکرێت. وەکو ئەوە خودا وەحی بۆ ناردبم بە ژنە عەرەبەکەم گوت، تۆ خۆت تورە بکە لە چەکدارەکان بلێ بووکەکەم ژان دەیگرێت و دوو گیانە. بە شەمامم گوت پشت بدە بە کوشنی ئۆتۆمبیلەکەوە و هاوار بکە کە ژان دەتگرێت. گەیشتینە زاڵگەی بێ ناموسەکان، گوتیان نابێت بە ئۆتۆمبێلی خۆتان بپەڕنەوە. ژنە عەرەبەکە بە پێی پلانەکەمان تورە بوو.شەمام دەستی کرد بەهات و هاوار بە ڕاستی ژان دەیگرت، ژانی ژیان زۆر بە ئازارە بۆ ئافرەتێك کە بەزۆر رۆژانە دەستدرێژی بکەنە سەر.ژانی منداڵ بوون بەرهەمێکی دەبێت ئەوە ژانی ژیانە کەسەر و مەرگ بەرهەم دەهێنێت. زاڵگەکە ئیزنی دایان بڕۆین. پێش ئەوەی بگەینە کەرکوك پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانم بینی.، بۆ ئێمە لوتکەی ئومێدە، ئێمە هەمووومان قوربانی سێ ڕەنگ و خۆرێکین. لە ژێر دەسەڵاتی چەکدارەکان دوور کەوتینەوە و گەیشتینە ئاوەدانی. بە پیاوە عەرەبەکەم گوت دەمەوێت بڕۆم دەست بە ئاو بگەیەنم. هەموومان لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین. بۆ سەر ئاو نەڕۆیشتم، بەڵکو خۆم دانواندەوە پێڵاوی پیاوەکە ماچ بکەم، تاوەکو ناوی و ناونیشانی و ژمارەی تەلەفۆنەکەیم پێبدات بۆ ئەوەی رۆژێك بێت پەیوەندی

پێوە بکەم. باوەڕ بکە کە باسی دەکەم هەست بە هەناسە سواری دەکەم. پیاو و ژنەکە ڕەتیانکردەوە خۆیان بناسێین. لە نزیك ئالاَکەی کوردستان ئێمەیان دابەزاند و گوتیان ئیدی لێرەوە ئیشمان نەما دەبێت بگەڕێینەوە.ئاییییییییییییییییییییی.

# بانەمەڕ

## «دەتەوێت بە بڕینی چوارسەد کیلۆمەترێک حەقیقەت بدۆزیتەوە؟»

هیچ ڕۆژێك وەکو ئەم چێشتەنەگاوەی ئەمرۆ سارد نەبوو، سوچێکی چایخانەکەم گرتبوو وەکو هەمیشە زۆر بە کپی دانیشتبووم، کەشوهەوا ئەوەندە ساردبوو، جارنا جارێك بە دەستێکم چمکێکی ملپێچە پرتەقاڵییەکەی ملم دەگرت و لوتم دەسڕی.دەستەکەی دیکەم خستبووە ناو گیرفانی ئەو هێلەکەی کە ڕۆژنامەنوسان لەبەری دەکەن. سەیری کەسەکانی دەوربەرم دەکرد. تەنها جوڵەی دەمی ئامادەبوونی چایخانەکەم دەبینی و گوێم لە دەنگەکان نەبوو. ئەوەندە بە قوڵی بیرم لێ دەکردەوە، جارناجارێك سووتووی جگەرەکەم دەکەوتە سەر قۆڵی

بلوزەکەم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت «تۆ بڵێی ئەو هەموو ڕێگا سەختەم بڕیووە، نەتوانم هیچ یەکێك لەوانە بدۆزمەوە؟ ئەگەر نەیاندۆزمەوە چی بکەم؟.»بیرم لە چەند دێڕێکی نوسەری کورد سەلیم بەرەکات دەکردەوە، کە باس لە ئێزدییەکان دەکات و چۆن مامی خاوەن عەمبارەکانی نزیك خاپوور بووە و شەریکێکی ئێزیدی هەبوو ناوی (حاجی) بووە، حاجی قەت بۆ ماڵی خودا نەڕۆیشتووە.تا دڵ حەز بکات بازرگانێکی لێزان بووە، سەلیم بەرەکات و هاورێکانی درکیان بەوە کردووە کە هەموو شەوێك هەڵدەستێت و نوێژێکی نامۆ لەبەر خۆییەوە دەڵێتەوە. بە ڕۆژیش دەستیان کردووە بەو یارییانەی کە پیرە پیاوەکە پێی تووڕە دەبێت.بەلایدا تێدەپەڕیوون تفیان کردۆتە سەر زەوی، چونکە باوەڕیان وابووە، شەیتان لە چڕی و لە زەمەن و تاریکیدایە.ئیتر ئەو پیرە پیاوە نەفرەتبارانی کردوون و لە کۆتاییدا بە دەوریدا لە سەر زەوییە خۆڵینەکەدا بازنەیەکیان دەکێشا. ئیتر ئێزیدی تا مردن لەو بازنەیە نایەتە دەرەوە، حاجیش بە ئاشکرا هاواری کردووە بۆ ئەوەی بازنەکە بسڕنەوە. پاشان یەکێك لە گەورەکان دەهاتن حاجیان لە بازنەکە ئازاد دەکرد. ئەوەش بە سڕینەوەی بازنە خۆڵینەکە.

تۆ بڵێی کێ بێت بازنەیەکی لەو جۆرەی لە دەوری ئێزدییەکان کێشا بۆ ئەوەی هەموویان زیندانی بکرێن و ئەو تاوانەیان دەر

حەق بکرێت؟.

پیرە پیاوێکی سمێڵ سپی، کە شێوەی لە ڕۆناڵد ڕیگانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دەچوو، خەیاڵەکانی تێکدام. لەگەڵ بینینی ئەم پیاوە وا هەستم دەکرد، پێشتر ئەم پیرە پیاوەم بینووە، نا. من هەرگیز ئەوم نەدیووە، زۆرجار کاتێك کەسێك، شوێنێك، ڕووداوێك، دەبینی، وا هەست دەکەی پێشتر ئەمانەت بینووە، لە ڕاستیدا هەرگیز ئەو شتانەت نەدیووە. بە دەنگی گڕ و پڕ لە حوزنەوە هاواری لێ بەرزبوویەوە « پسمام چایەك».

یەکسەر چاوم کەوتە سەری کە زۆر هەڵپەی بوو چایەك بخواتەوە، هێشتا مێشکم بە دوای خەیاڵەکانمدا وێڵ بوو، ئەو پەرۆشی چاییەکە و منیش لە خەمی شتێکی دیکەدام. چۆن دەبێت ئەوە ڕوویدابێت؟ کەم نییە پێنج هەزار ڕەگەزی مێی بێ تاوان. لە کوێ؟ لە شوێنێك کە لەسەر سڵاوێکی کوڕ و کەنیشکێك خوێنی لێکەوتۆتەوە، هەمیشە هەست بە مەترسی ئەو ڕووداوانە ناکەین کە لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن. تا ئەو دەمەی خۆمان دەکەوینە ڕووداوەکەوە.سەرماکە تەواو زەفەری پێ بردم، ناچار بووم، منیش هاوشێوەی پیرە پیاوەکە پەنا بۆ خواردنەوەی چایەك ببەم، بە زاراوەی ئامادەبووانی چایخانەکە گوتم «کاکە بە ئەرك نەبێت چایەکم بۆ بێنە، با روون بێت.»

ڕیگان سەیرێکی کردم و بە دەم تێکدانی چایەکەوە هات و لە

تەنیشتم دانیشت. بە بێ ئەوەی سڵاوم لێ بکات گوتی «بە کامێرا و پێنوس و کاغەزی دەستەوە بەو کەسانە دەچیت کە لە پێناو پارەدا درۆ بۆ خەڵکی دەگوێزنەوە، چونکە خراپ لە فکران ڕۆچووی.»

پەشۆکام، جۆرێك لە شەرمەزاری بە ڕووخسارمەوە دیار بوو. هێشتا نەمهێنایە سەر خۆم و بزەیەکی درۆینەم بۆ کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم «بۆچی هاتووم و چیم توش بوو.»

ئەوجا وەڵامی پیرەمێردەکەم دایەوە و گوتم» نا مامە گیان ئێمە دەسەڵاتداران دەیانەوێت درۆ بکەین، وەگەر نا هەموو درك بەوە دەکەین درۆ ناخۆشە. سیاسەت درۆ لەگەڵ هەموو لایەك دەکات، بە تایبەتی بۆ ئێمەی کامێرا و پێنوس و کاغەز بە دەست، ئەی نەتبیستووە هەموو نوسەرەکان درۆ دەکەن و دەکرێت تەنها باوەڕ بەو ڕووداوانە بکەین کە نوسەرەکان دەیگێڕنەوە نەك بە خۆیان.باوەڕ بکە ئەمجارەیان بۆ گواستنەوەی ڕاستی هاتووم نەك درۆ. ئەو ڕاستیەی بە دوایدا دەگەڕێم ترسی ئەوەم هەیە دەستم نەکەوێت.؟»

پیرە پیاوی سمێل سپی زۆر بە کەمتەرخەمییەوە قومێکی بچوکی لە پیاڵەکەی بەردەستی دا و سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی «بە تەئریخی هەموو بەشەرییەت چ عارفێك، چ زاهیدێك گەیشتۆتە حەقیقەت؟ دەتەوێت بە بڕینی چوارسەد

کیلۆمەترێك حەقیقەت بدۆزیتەوە؟»
«مەبەستم لە وشەی ڕاستی ئەوەیە، بە دوای ئەو کچ و ژنانە دەگەڕێم کە...»پیرە پیاو وەکو ئەوەی بەو سەرمایە یەك قەڕابە ئاوی ساردی پێدا بکەی لەگەڵ بیستنی وشەی کچ و ژن پیاڵەکەی لەسەر مێزە چڵکنەکەی بەردەمی دانایەوە و گوتی «تۆ بە دوای ئەوانە دەگەڕێی کە لە ژێر دەستی جەنگاوەرەکانی قەعقاع ڕزگاریان بووە؟»
تەواو دڵخۆش بووم ئیدی زانیم ئامانجەکەم پێکاوە هەموو هزری خۆم کۆکردەوە وەکو ئەوەی ئیشەکەم ئەنجامدابێت و لێم نەپرسی قەعقاع کێیە گوێم نامۆ نەبوو بەو ناوە.هیچ نەبێت هێنامەوە پێش چاوی خۆم چۆن بەسەر ئەسپێکی پیسەوە بەرەو کوردستان هاتووە.بۆیە ناو هێنانی ئەو کەسە بەلامەوە گرنگ نەبوو و گوتم «دەمخۆش، مامۆ، ئەز کەسوکارم لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنفال کران، بە داخەوە ئەو کاتە خەڵکی وەکو ئێستا هۆشیار نەبوو، ئەوجا ماڵوێران خۆم کچەکانی گەرمیان هەروەکو ئەوانەی ئێستا بە کەنیزە و جارییە بەرەو کوێت و وڵاتانی کەنداو بران, کەچی بەڵگەنامەی پێویستمان لەبەر دەست نییە، چییان بەسەر هاتووە. تۆ پێت وانییە شتێکی باش دەکەم.؟»هەموو وڕاوەکانم لە پێناو ئەوە بوو قسەی پێ دەر بێنم. جگەرەیەکی بۆن تیژی داگیرساند و هەناسەیەك پڕ لە حەسرەت

تێکەڵ بە دووکەڵی یەکەمین مژی جگەرەکەی بوو، کە لە نێوان بۆشایی سمێڵیەوە دەهاتە دەرەوە و گوتی «کاکە، ناتوانی بە ئاسانی بیاندۆزیتەوە، منیش دەمێکە بە دوایاندا دەگەڕێم، بەڵام دۆزینەوەیان مەحاڵە. ئەوانەی هەڵهاتوون یاخود رزگاریان بووە، بە حوکمی ناسیاوی قسەم لەگەڵ هەندێکیان کردووە. دەبێت ئەز بچم لەسەر ئیزنت.» پیرە پیاو پارەی چایەکی خۆی دا و بە پەلە هەروەکو ئۆتۆمبێلی سیاسیەکان کە لە دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوە بە ئەنجام نەگەیشتووەکانیان بۆی دەردەچن.تێی تەقاندوو بۆی دەرچوو و تەنانەت سەیری دەموچاویشی نەکردم. بۆ دەبێت بە جێهێشتن هێندە ئاسان بێت؟ ئەزیزترین کەسەکانی ژیانمان بە یەکجاری جێمان دەهێڵن بە تێپەڕبوونی چەند مانگ وا هەست ناکەین لەگەڵمان ژیا بن، ئێمە لە چ خوڵێك دروستکراوین؟ عەجەب ژیان زێرابێکی بۆ گەنە.

کت ومت خۆم بە منداڵەکەی جاران هاتە پێش چاو، ئەو کاتە لە کەناری (ئاوە سپی) باوکم ماسی بۆ دەگرتم، کاتێك لە قولابەکە دەبوویەوە، لە دەستی فرتەی دەکرد، دەگەڕایەوە بۆ ژیان، نائومێد دەبووم و دەگریام، چونکە پێویستم بەو ماسییە هەبوو ئەویش پێویستی بە ژیان هەبوو. ئەو پیرە پیاوەم وەکو ماسییەکە دەهاتە پێش چاو، بۆیە حەزم دەکرد بگریم. گریان بۆ ئێوە ئاسودەییە، بەڵام من هەمیشە بۆ نائومێدیم دەگریم. دەبوو

مشوری خۆم بخۆم و دیسان چەند ڕۆژێکی دیکە بەو پارە کەمەی لە گیرفانم ماوەتەوە، لە هوتێل بمێنمەوە. کەللەسەرم خستە نێوان دەستەکانمەوە، تەواو نائومێد بووم. بە دەنگی ئەڵاهوئەکبەری مزگەوتێکی نزیك چایخانەکە راچڵەکیم.بەرەو لای چاییچییەکە ڕۆیشتم و هەواڵی ئەو پیرە پیاوەم پرسی کە وەکو هەورە تریشقە خەیاڵەکانی سوتاندم. چاییچییەکە بە بێ ئەوەی سەیری دەموچاوم بکات سەرقاڵی شوشتنی پیاڵەیەك بوو، گوتەکانی لەگەڵ هەڵمی سەماوەرەکە تێکەڵ بووبوو «ئەها، ئەوە ناوی مام عەبدۆیە، خۆی مامۆستای مێژوو بووە، ئێستا خانەنشینە زۆری کەیفی پێدێت پێی نەڵێین مامۆستا، چونکە پێی وایە مامۆستا لەم هەرێمە تەنها لە پێناو پارەدا وانە دەڵێنەوە، نەك بۆ ئەوەی منداڵان بە جوانی پەروەردە بکەن. هەر بە مامۆ بانگی بکە، هەندێك لە کەسوکارەکەی توشی بەڵاکە بوون، بەردەوام مژۆڵی بیرکردنەوەیە، پیاوێکی تا بڵێی تورەیە، نیوەی پەیڤەکانی جنێوە.»

«دەکرێت من سەردانی ماڵەکەیان بکەم؟» بە جۆرێك لە تکاوە ئەو پرسیارەم کرد.

«زۆر پیاوێکی تورەیە، دەبێت بە دڵی ئەو قسە بکەی.ئەوجا ئەو داماوە ماڵی کوا؟ لە یەکێك لە کامپەکانی نزیك ئەم شارە دەژی.خەمت نەبێت ڕۆژانە دێتە ئێرە.دەتوانی سبەینێ بێیتەوە

لێرە بیبینی.»
ئەو شەوە تا بەیانی لەو هوتیلّە سارد و سڕە بە تەنها جگەرەم دەکێشا. نەفرەتم لەخۆم دەکرد کە بۆچی بوێری ئەوەم نەبوو، ژمارەی مۆبایلەکەی عەبدۆ وەربگرم. بە دەیان جار ئەمەم لەبەر خۆم دەگوتەوە « دەبێت بیاندۆزمەوە، چۆن دەبێت پشتگوێی بخرێن.؟ «دەمەوبەیان کەرویشك ئاسا خەوم لێکەوت. لە نێوان خەون و بێداریدا گوێم لە دەنگی قیژە و شین و ڕۆ ڕۆی و دایکان و زریکەی زارۆکان بوو.کیژۆڵە و ژنە بە ساڵاچووەکان مەمکی چەپیان بڕابووە و لەناو دەستیاندا وەکو گونکی کولیچە گرمۆڵەی بەستبوو، بە سینگ و بەرۆکی خوێنینەوە بەرەو چیایەك هەڵدەهاتن و هاواریان بۆ ئاو و خودا دەکرد و خوتە و بۆڵەیان بوو، سەریان «بۆ ئاسمان بەرزکردبووە و هەموو بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد ئێمەش مرۆڤین بۆ ئاگات لێمان نییە. هەر هیچ نەبێت مەمکەکانمان بۆ بگێڕەوە بۆ ڕێگە دەدەی زارۆکەکانمان بێ شیر بن». لە دەنگی یەکێك لەو کیژۆڵانە بێداربوومەوە. خێرا پەلاماری پەرداخێك ئاوم دا شەڵاڵی ئارەقە بووم. دوای دانانی پەرداخەکە لەبەر خۆمەوە گوتم «چ مۆتەکەیەکی ناشرین بوو، باشە کێ ناڵێت لە ڕاستیدا وایان لێ بەسەر نەهاتووە؟» نەمویرا جارێکی دیکە بخەومەوە، دەترسام مەمکە خوێناوییەکان ببینم. ئەوا ئێستا چەندین ساڵ بەسەر

مێژووی هاتنی ئیسلامدا هاتووە, کەچی ئەم چەکدارە تازانەی ئیسلام هێشتا سوود لەو ئەشکەنجانە وەردەگرن کە پێشینەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە.بۆ نموونە زانای موسڵمانان باوکی حەسەنی عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی مەسعودی لە پەرتووکی (مروج الذهب) دەڵێت (معتەز) کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی ئیسلام، هەمیشە حەزی کردووە هەتکی ئەو کەسانە بکات کە دەیانکوژێت.ئەگەر لە کەسێك تووڕە بوایە دەهات لۆکەی دەخستە هەردوو کونە لووتی کونە گوێ و دەمییەوە پاشان لە ڕێگەی ئامێرەکەوە هەوایان دەکردە کۆمی کەسەکە جەستەی کەسەکە دەپەنەما، ئەوجا کونێکیان لەسەر شادەماری برۆکانی دەکرد و ئیتر ڕۆحی لەوێیەوە دەردەچوو.یاخود نیوەی لاشەی ئەو کەسەی خەلیفەی موسڵمان لێی تووڕە بووە دەخرایە ناو چاڵێکەوە قونی کەسەکە بەدەرەوە دەبوو، ئەوجا هێواش هێواش ڕۆحی لە کۆمیەوە دەردەچوو.

هەستم کرد بیرکردنەوە لە مێژوو و خەیاڵکردن هیچ خزمەتێك بەو پرۆژەیە ناکات کە بۆی هاتووم. گەڕامەوە بۆ ئەو ساتەی کە کارەساتەکە تێیدا ڕوویداوە، ئەو ڕۆژە زۆر شووم بوو، هەموو ئاڕاستەکان روو لە دۆزخ بوون. هەستم دەکرد سورەتێکی قورئانی پیرۆز بەر گوێچەکانمان دەدرێتەوە. کەناڵەکان وەکو هەمیشە شتگەلی ناخۆشیان پەخش دەکرد، ماڵپەرە بێ سەروبەرەکان بە

خێرایی پێشبڕکێیان بوو،  بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێن ئێمە لە گواستنەوەی مردنی دۆستانتان بە پەلەترین هەواڵتان پێ ڕادەگەێنین. چەند ناشرینین ئێمە لە خاکێك بژین زۆرترین خوێنەر و بینەر و بیسەرمان سەرقاڵی هەواڵی مەرگ بن؟بریا ئەو ڕۆژەش تەنها هەواڵی مەرگ بوایە، نەك دایکان کۆرپەلەکانی ناوسکیان بڕەتێنن بۆ ئەوەی نەیەنە دنیاوە و دیمەنە ناخۆشەکان نەبینن. ئێمە چوزانین، یەکێك لەو منداڵانە گەورە نابن و حەز نەکات دەستکاری ڕۆژمێر بکات و ساڵەکە نەکات بە یانزە مانگ، سەرکردەکان چوزانن  ئەو منداڵە لێی بپرسی مانگەکانی ساڵم بۆ بژمێرە ناڵێت مانگی حوزیران ئەوجا مانگی ئەیلول.یان ئەو کچانە  هەموو ساڵێك حەز نەکەن ورچ ئاسا بچنە سوڕی متبوونەوە و هەموو ڕۆژەکانی ئەو مانگەی دەستدرێژییان کرایە سەر نەخەون؟.

بیرمە سەرەتاکانی مانگی ئاب بوو، خەڵکی لە چایخانە و ماڵ و شوێنە گشتییەکان سەیری ئەو ژنە دەکەن کە دەگری و لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق داوای هاوکاری دەکات بۆ برا و خوشکەکانی کاتێك بە بێ ئاو و نان لە ترۆپکی شاخێك گیریانخواردووە. هەمووومان بینیمان منداڵە بچۆلەکەکان مێش لە دەم و کەپووی داون و دوا هەناسە دەدەن، بەشکوم خوا بەو هاوینە قومێك باران ببارێنێت. بە دەیان منداڵ لە تینوویێتیدا خنکان.

چی دەبوو خوا ئەو ساتە بارانێکی بە ڕەحمەتی بباراندایە؟ لە تەمەنم چەندین ساڵم بینووە لە هاوینان باران بارییووە و خەرمانی مەرەزەی بێوەژنە منداڵدارەکانی تێکداوە. کەس نازانێت نهێنی ژیان و خوا لە چی دایە کاتێکیش دێتە سەر پرسیارکردن لەسەر خوا پێت دەڵێن خوا خۆی زانایە.خوا دەبوو باران بۆ منداڵە تینووەکان ببارێنێت، نەك خەرمانی بێوەژنەکان تێك بدات.داواکارم هیچ نەبێت خودا لەبەر خاتری ئەو منداڵەی کە لە تینوویەتیدا خنکا دەستکارییەکی هاوکێشەی موسڵمانان بۆ بەهەشت و ناموسڵمان بۆ دۆزەخ بکات.

لەم بیرکردنەوانەدا بووم و سەیری کاتژمێرەکەم کرد کە لە سەر مێزی تەنیشت چوار پاییەکەم دامنابوو، کاتژمێر حەوت و بیست خولەکە. خۆم لەبەر کرد و بە بێ ئەوەی سڵاو لە پرسگەی هوتێلەکەش بکەم بەرەو چایخانەکە بەرێ کەوتم. ئۆخەیش ئەوە پیاوە پیرە سمێڵ سپییەکەیە، ئەو ڕۆناڵد ڕیگانی سمێڵدارە.

«سپێدە باش» ڕۆیشتم لە تەنیشت مام عەبدۆ دانیشتم و وامگوت.

« ها پس مام. ڕاستیت دەست نەکەوت؟» بە لاقرتێوە، ئەوهای وەڵامدامەوە.

دەنگم نەوی کردەوە و گوتی «مامۆ، دکاری لە دەرڤە قسە بکەین.؟» بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرگرتنی ڕەزامەندی مامۆ

بم. کامێرا و جانتاکەم بەجێهێشت و لە نێوان مێز و کورسیەکانی چایخانەکەدا هاتمە دەرەوە.دەترسام ئاوڕ بدەمەوە، نەوەکو عەبدۆ بەدواوەمەوە نەبێت. چەند چێژ بەخش بوو ئەو دەمەی گوێم لە پیرە پیاو بوو بە دەنگێکی گڕ گوتی « کوڕم فەرموو قسەکانت بکە، ئەز گوهداری تو دکم.»

« مامۆ، تورە نابیت ئەگەر داوای هاوکارییەکت لێ بکەم»

چاوم بڕیبووە قوڕی سەر پێڵاوە دڕاوەکانی عەبدۆ و ئەو ڕستەیەم گوت.

«نا. فەرموو»

« ئەز هاتووم، لەسەر ئەو کچ و ژنانە ئیش بکەم، کە لە لایەن بۆگەنەکانەوە، ڕفێندراون ، دواتر گەڕاونەتەوە. ئەز لێرە هیچ کەسێك ئەوها ناناسم، تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی، لە چایخانەکە پێیان گوتم تۆ خۆت لە برا ئێزدییەکانی.»

ڕوندك وەکو شەونم بەسەر ڕووخسارە کزەکەیدا هاتە خوارەوە، دەسماڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، لوتی سڕی و گوتی «بە خوا سوێندت دەدەم، بۆ ئەم کارە چەند پارە وەردەگری؟»

« وەکو ئەوانەی پێشوو نیم ، کە پارەی شەرەفیان دەخۆن، من نەهاتووم باسی ئەوە بکەم، چیان لێکراوە تاوەکو بڕێك پارە وەکو مشەخۆرەکان بخەمە تەنکەی باخەڵ و هەست و ویژدانم بفرۆتم. چما کەسێك هەیە لە ماڵوێرانییەکی لەم جۆرە وە شوێن پارە

بکەوێت؟»
«کوڕم تەمەنی من شەست و شەش ساڵە ، زۆر لە تۆ گەورەترم تۆ منداڵی، هێشتا واتای زۆر شت نازانی. ئێوە خۆتان بە ڕۆشنبیر دەزانن، چەندین ساڵە خەریکی خوێندنەوەم زۆرم خوێندۆتەوە. دەزانم لە ژیان چی دەگوزەرێت . ئەو کاتەی ڕاپەڕین کرا بە هەزاران ڕێکخراوی جیهانی، سەدان کەسی بەناو نوسەر و ڕۆژنامەنوسی خۆماڵی، بەناوی گەڕان و بە دوای کچە ئەنفالکراو و بێ سەروشوێنەکاندا فرە زەنگین بوون. دەترسم تۆ وا هەست بکەی شەش وشەت خوێندۆتەوە بڵێی زەمانە گۆڕاوە و ئێستا وەکو جاران نییە؟مرۆڤ هەر مرۆڤە.»
«مامۆ، زۆر دڵت زویرەو بێزاری. منیش وەکو تۆ، باوەڕ بکە تەنها لە پێناو دیرۆك و بەدبەختی خۆمان دەمەوێت بیاننوسمە. ئەگینا من چیم وە چەنگ دەکەوێت؟ کوا ئێستا خەڵکی خەریکی کتێب و نوسینە؟ تکا دەکەم یارمەتیم بدە.»
« چیت بۆ بگێڕمەوە؟ تۆ ڕاستم پێ بڵێ چیت لەو کچ و ژنانە دەوێت؟ بەڵێن بێت یارمەتیت بدەم. ئەگەر ڕاستم پێ بڵێی»
سەری نەوی کردبوو و ئەمەی گوت
«دەمەوێت بزانم ئەو کچ و ژنانە چۆن چۆنی براون، ئەوجا شتێکیان لەسەر بنوسم و بڵاویبکەمەوە. بەڵێن بێت نە ناویان بڵاو بکەمەوە و نە وێنەیان نە شوێنی نیشتەجێبوونیان. چونکە

ئیتیکی نوسین و ڕۆژنامەوانی ڕێگە بە شتی وا نادات.»
بزەیەکی تاڵی بۆ کردم و گوتی «یا خودێ. ئیتك چییە؟ ئەو ئیشەی تۆ دەیکەیت هەڵەیە، دەبێت سەرەتا باسی مێژووی ئێمە و ئاینەکەمان بکەی، ئەوجا باسی کچ و ژنەکان بکەی. کە چۆن چاویان بە کل ڕشت و هەموویان بوونە قۆچی قوربان.»
بۆ ئەوەی ڕەوشەکە ئاسایی بکەمەوە، منیش بە ڕوویدا پێکەنیم و گوتم «ئیتیك بە واتای ئەخلاق دێت.» دەمزانی گوێ ناگرێت ئەگەر زیاتر لەسەر ئەو وشەیە بڕۆم، بۆیە هەر ئەوەندەم پێگوت.
« دەزانم منیش ڕۆژانێك بوو دەمەویست بۆ ئەوەی پێم بڵێن ڕۆشنبیر وشەی بێگانەم بەکاردەهێنا، جا ئەخلاق چییە، لە پێناو ئەوەی بڵێن ئێمە دۆستی وڵاتانی خۆرئاواین ئێمەیان فرۆشت، ئەم خاکەی کە ئێمەی لەسەر دەژین لە زۆر شتدا گەردیلەیەك ئەخلاق بە دی ناکەم، تۆ دۆستی کێیت وا هێندە مکوڕی بۆ ئەوەی ئیشیان لەسەر بکەی؟ لەم ڕۆژگارە هەموو ڕۆژنامەنوسێك لە بەرپرس و کەسایەتییەکەوە نزیکە، بۆیە ئەوە دەپرسم.»
« من دۆستی دایك و خوشکەکانی خۆمم، کە ئەوانیش لە سەردەمێکی جیاوازتر بە هەمان دەرد براون، بۆیە هاتووم کاریان لەسەر بکەم تاوەکو ئەم کارەساتەی بەسەرمان هاتووە، وەکو

ئەوانەی دیکە لەناو نەچێت، ئێستا وەکو جاران نییە دەمانەوێت دەنگمان بگاتە دەرەوە.» هەرچەندە ئەم قسانەم دەکرد  بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگوت «دڵنیام ئەم پیاوە یارمەتیم دەدات ئەگینا بۆ ئەم هەموو قسەیە لەگەڵ من دەکات؟»

عەبدۆ بە بڕوابەخۆبوون و جۆرێك لە لوتبەرزییەوە گوتی «ئێوە باوەڕ ناکەم شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە ئاینەکەی ئێمە بزانن، ئەگەر دەتەوێت شت لەسەر کارەساتەکە بنوسی  هەروەکو پێشتر گوتم، دەبێت سەرەتا باس لە ئاین و مێژووی ئێمە بکەی. مەگەر ناڵێی دەمەوێت دەنگمان بگاتە دەرەوە.؟ دەی کەواتە با هەموو جیهان بزانێت ئێمە کێین.»

خێرا دەستم کرد بە گیرفانی جانتاکەمدا ڕیکۆردەرێکی ڕەشم لە گیرفانم دەرهێنا و گوتم «مامۆ تۆ قسان بکە و منیش گوێت لێدەگرم، دوایش قسەکانی تۆ دەگوازمەوە سەر کاغەز.»

« کوڕم ئێرە شوێنێکی گشتییە ناکرێت لێرە بە دیار  ئەم شتە ڕەشەوە دانیشم و قسان بکەم، من لە کامپێك دەژیم ١٥ خولەکێك لێرەوە دوورە، حەز دەکەی وەرە پێکەوە دەچینە چادرەکەی من و چایەکیش دەخۆین و ئەوجا ئەوەی دەیزانم دەیگێڕمەوە.»

«ئەوەیان بۆ من باشترە ئەگەر تۆ هیچ ئیشێکت نییە با بڕۆین.» هێندەم نەما بوو توشی شاگەشکە بم. چ شتێك لەوە خۆشترە کاتێك هەست دەکەیت ئامانجێکت بە دەستهێناوە؟

تاکسییەکم گرت و بەرەو کامپەکە بەڕێکەوتین، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ کامپەکە خێرا خێرا زوومی کامێراکەم دەکردە خەڵکی و وێنەم دەگرتن. هێندە کامێرا و خەڵکی بیانی سەردانی ئەو کامپەی کردبوو کامێرا شتێکی نامۆ نەبوو بەلایەنەوە. زۆر جار هەر ئاوڕیشیان لە کامێراکە نەدەدایەوە. زۆربەی دانیشتووانی ئەو کەمپە شێوەی دەموچاویان لەیەکەوە نزیکە، هەندێکیان خزمی یەکترن، هەریەك لەوانە کۆمەڵێك چیرۆك و بەسەرهاتی تراژیدی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. هەموو چادرەکان یەك ڕەنگیان هەیە. هەموو خەڵکەکەش یەك کارەسات لێرە کۆیکردوونەتەوە، ئەویش کارەساتی تیرۆرە. دوای تێپەڕاندنی چەندین چادری هاوشێوەی یەك و چیرۆکی جیاوازە، گەیشتینە چادرێکی سپی و بە فەرمووی عەبدۆ خۆم کرد بە چادرەکەدا، هەستم دەکرد دڵم دەگوشرێت. هەناسەم سواربوو. دوای بەخێرهاتن و هێنانی چایەك خێرا ڕێکۆردەرە ڕەشەکەم دووبارە دەرهێنایەوە و گوتم «مامۆ ئێستا دکاری قسە بکەی؟»

بەسەر ئاماژەی بۆ کردم کە ئامادەیە و ڕێکۆردەرکەم لە تەنیشتی دانا و گوتم «چی دەزانی دەربارەی ئاین و مێژووی خۆتان قسە بکە« لەگەڵ دەربڕینی یەکەم وشەدا چەندین منداڵ سەریان لە دەروازەی چادرەکە نزیك دەکردەوە و سەیریان دەکرد، عەبدۆ وەکو ئەوەی لە پێش جەماوەرێکی زۆر بێت، بۆ داکۆکیکردن لە ئاین

و مێژووی خۆیان دەستی بە قسان کرد.
مام عەبدۆ گوتی «کوڕم ئەمە یەکەمجار نییە ئێمە ئەو هالەمان بەسەر دێت، مێژوومان هەمیشە بە خراپ سەد جارە دەبێتەوە، کێ باوەڕ دەکات زیاتر لە پێنج هەزار خاکپارێز بە بێ ئەوەی لولەی تفەنگەکانیان گەرمی پێبگات ناوچەیەکی گەورە ڕادەست بکەن و خەڵکەکەی وەکو دیاری ببەخشن؟. سەیری ئەو عەقڵەی چما ئێمە مرۆڤ نین؟تۆ بنوارە ئەو خاکپارێزانە لە دەرەوەی ژیانی سەربازی خۆیاندا، زۆر گرنگی بە شتێکی عەنتیەکە دەدەن، ئەو شتە بەرجەستە ناکرێت، کەچی ئامادەن ئازیزترین کەسمانی لەسەر بکوژین ئەویش تەنها پێنج پیتە و هیچی دیکە. «شەرەف» وای چەند ژن و کچ و مێر و هەرزەکارمان لەسەری کوژراوە.ئێ باشە ئەو هەموو کیژۆڵە جوانە شەرەفی ئەوان نەبوون؟ لە خوێن و ڕۆحی ئەوان نین؟ هەوای یەك وار هەڵنامژین. ئەوانە شەرەفی خاکپارێزان نەبوون؟.
کوڕی خۆم ئێمەی ئێزیدی بە هەڵە پێمان دەگوترێت ئەهریمەن پەرست.ئێمە باوەڕمان بە ڕێچکەی فریشتەکان هەیە و دوو کتێبی پیرۆزمان هەیە هەردووکی بە زمانی عەرەبی نوسراوەتەوە، ئەوانەش مەسحەفی ڕەش کتێبی ڕووناهییە واتە«کتاب الجلوە» کتێبی دووەم کورتترە لە مەسحەفی ڕەش، ئەمەیان زیاتر لە نزا و پاڕانەوە و پیاهەڵدانی دامەزرێنەری ئاینەکەیە، کە ئەویش شێخ

ئادی-یە.پێکدێت.»

بۆ ئەوەی درێژە بە قسەکانی بدات گوتم «دەربارەی ئاینەکەتان چی دیکە هەیە؟»

بێ ئەوەی گوێ بەو قسەیە بدات، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو «ئێزدی ئاماژە بۆ فریشتە دەکات، مەلەکە تاوس گەورەی فریشتەکانە، مەلەکە تاوس میری تاریکی نییە، بەڵام لە هەموو فریشتە لە پێشینەکان بەهێزترە. ئەنزال پەیکەری باڵندەیەکە لای ئێمە پیرۆزترین متەفەڕکی مەلەکە تاوسە. مەلەکە تاوس لە کوتە ڕەسەنەکانی هێلکەیەکی ڕووناکی ئاسمان دروست بووە و پێشتر ڕۆح لە ناویدا ژیاوە، کاتێك ئادەم لە بەهەشت دەکرا هیچ کونێك لە پاشەڵی نەبوو بۆیە توشی سك ئێشە هات، خوداش باڵندەیەکی نارد بۆ ئەوەی کونێکی لە پاشەوەی بکات. گرنگترین جەژنی ئێمە جەژنی جەمە و دەکەوێتە مانگی تشرینی یەکەمەوەو لەم جەژنەدا پەیکەری ئەنزال فەراهەم دەکرێت.»

ئەوجا دەستوری دا چاییەکمان بۆ ئامادە بکەن و درێژەی بە قسەکانیدا «پیرۆزترین گڵکۆی ئێزدییەکان گلکۆی شێخ ئادییە لە (لالش). زیاتر لە دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا پاشا کوێرەی ڕەواندوز ئازاری ئێمەی دا بۆیە ناچار بووین بە کۆمەڵ بار بکەین بۆ ماردین و میدیات لە نێزیك باتمان لە باکوری

کوردستان. لە سەدەی نۆزدەش هەندێکمان بەرەو قەوقازی ڕووسیا کۆچمان کرد. ئا بیرم کەوتەوە، ساڵێک دوای دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو کاتەی ئەرمەنەکان لە لایەن چەتەکانی عوسمانییەوە کۆمەڵکوژ کران، ئێمە بە هانایانەوە ڕۆیشتین و نزیکەی بیست هەزارێك لەو نەتەوەیە هاتنە شەنگال و دەورووبەری، تیکە نانەکانی خۆمانمان لەگەڵیاندا دابەشکرد. دواتر ئێمە ڕازیی نەبووین ئەرمەنەکان ڕادەستی والی موسڵ بکرێن. هەر بۆیە چەتەکانی عوسمانی و عەرەبە دەشتەکییەکان هێرشیان کردە سەرمان و ئێمەش پەنامان بردۆتە بەر چیای شەنگال و ئەرمەنەکانمان لەگەڵ خۆمان برد، هەر کاتێك چیا نەمێنێت ئێمەش نامێنین.»

کۆکەیەکی بۆ کرد و گوتی «هەر بۆیە سێ ساڵ زیاتر لەو چیایە ماینەوە تاوەکو سوپای ئینگلیز کۆتایی بە پیاوە نەخۆشەکە دەهێنێت و ئێمە و ئەرمەنەکان ڕزگارمان دەبێت. کاتی خۆشی عەرەبەکان زۆر هەوڵیاندا ڕەگەزنامەی کوردبوون لە ئێمە وەربگرنەوە هەربۆیە ئەوهایان بڵاوکردەوە کە ئێمە نەوەی عەرەبەکانی بەنی ئومەیەین، ئەی ئەوە نییە ماوەیەك لەمەوبەر دکتۆرێکی بانگخوازی ئیسلام لە سلێمانی گوتی ئێزدییەکان کافرن و نازانم نەوەی کێن. ئەو بە ناو دکتۆرە پێش تیرۆرستەکان ئێمەی تەکفیر کرد.ئەرێ ئێوەی ڕۆژنامەنوسان بۆ لەسەر ئەوە

هیچ قسەیەکتان نەکرد؟»
«لای ئێمەش زۆر شت هەیە بڤەیە ناکرێت دەست بۆ هەموو شتێك ببەی، دەنا بەر نەفرەتی کۆمەڵگە دەکەوین، تۆ ڕەخنەی من مەکە تکا دەکەم بەردەوام بە» نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە بۆیە وامگوت
« چی بڤەیە باوکم؟ هەر دوای قسەکانی ئەو دکتۆرە بوو، ئەوان ڕێگەیان بە خۆیاندا. بە دەیان ژنی دووگیان بڕفێنن و دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەریان. چ بڤەیە ئەوان هاتن وەکو باڵندەی دارکونکەرە جەستەی کچەکانی ئێمەیان کونکرد. با واز لەوانە بهێنێن.» زانیم بۆ ئەوەی زیاتر پەشیمان نەبمەوە وایگوت.
« ئەزیزم، ئێمە حەفتا و سێ جاران ڕووبەرووی «فەرمان» بووینەتەوە فەرمان بە زاراوەکەی ئێوە دەبێتە ڕەشەکوژی یان کۆمەڵکوژی. حەسەن پاشا و ئەحمەد پاشا و سلێمان پاشای عوسمانییەکان ئەگەر لە ژێر بەیداخی ئاینی ئیسلام لە سەدەی شانزدە و حەڤدەی زایینیەوە ئێمەیان قڕکرد. دوای **٢٩٩** ساڵ جارێکی دیکە پاشایەکی دیکەی نزیك لە ئیمپراتۆریەتی نوێی عوسمانی بە فەرمانێك یەغمای پیرۆزییەکانی ئێمەیان کرد. ئێمە نزیکەی یەك ملیۆن کەس دەبین، باشە ئێمە مرۆڤ بووین یان ئاژەڵ؟»
ئەو هەر دەمی دەجولاند و منیش خەیاڵم ڕۆیشتبوو. نازانم بۆ

ئەو ڕۆژە زۆرترین جگەرە و کەمترین خواردنم خوارد، دیسان کەناڵەکان وێنەی ڕاستەخۆی شاخێکیان دەگواستەوە کە چەندین ژن و زارۆك و پیرەمێرد بە بێ ئاو و خۆراك قەتیس مابوون. ئەوانەی هێرشیان لە دژی ئەو خەڵکە سڤیلە ئەنجامدابوو، پڕبوون لە کوشتن، بۆنی ناوگەڵیان دەهات، برسی بوون بۆ گۆشتی کۆرپە.من هێشتا لە خەیاڵ دەژیم بۆ ئەوانە ببنە خۆراکی تاژییەکی پیر؟ هێندەی قوربانیانی هەڵەبجە ژن و کیژۆڵەی پاکیزەمان وەکو کەنیزە بران.لەوەتەی ئەو ڕوودا‌وە ڕوویداوە بەردەوام چەند دیمەنێك هەن بەردەوام دێنە پێش چاوم، دەروونم تەواو داڕووخاوە، بەڵام بۆ ئامانجێك دەژیم ئەویش دۆزینەوەی ئەو کچانەیە و قسەیان لەگەڵ بکەم، دوایش بڕیارێك هەر دەبێت تاوەکو لەو خەیاڵانە ڕزگارم بێت.

قیژەی منداڵێك لە خەیاڵەکانی دەرهێنام و قسەکانیشی بە عەبدۆ بڕی کاتێك پرسیاری قیژەی منداڵەکەی کرد. ژنەکەی بێ ئەوەی بایەخ بدات گوتی «هیچ نییە لەسەر دەمانچە ئاوییەکانی دەستیان بە شەڕ هاتوون.»

«ئەمە کورتەیەك بوو لە ئێمە و ئەو بەڵایەی بەسەرمان هاتووە، چی دیکەت بۆ باس بکەم؟ تکایە هەمووی وەکو خۆی بڵاو بکەرەوە.»

« باشە خۆ مام عەبدۆ هەموومان دەزانین زۆربەی ئەو

تیرۆرستانە لە نەتەوەی عەرەبن، کەچی دەبینم زۆرجار پیرە پیاوەکانی ئێوە دشداشە لەبەر دەکەن و عەگال لەسەر دەنێنن. بیرتان لەوە نەکردۆتەوە واز لەو شێوازە جلوبەرگە بهێنن؟»
سەیرێکی دەنگ تۆمارکەرەکەم کرد تاوەکو دڵنیابم کە ئیش دەکات ئەوجا گوێم هەڵخست بۆ وەڵامی پرسیارەکەی
« دەزانی ئەم پرسیارەم پێ ناخۆش بوو؟» ڕیتمی دەنگی گۆڕا و ڕوخساریشی هەڵبزرکا
« نا مامۆ، ئەوە بەتەنها پرسیاری من نییە، خەڵکی زۆر ئەوەیان لەسەر دڵ بۆتە گرێ» دەستم کێشا بەسەر شانیدا وەکو ئەوەی دۆستایەتی بنوێنم، چونکە قسەی خاوەن چایخانەکەم بیرکەوتەوە کە دەبێت بە دڵی ئەو قسە بکەم.
« ڕۆیشتیتەوە بەو کەسانە بڵێ کە جلوبەرگەکەی ئێمەیان لەسەر دڵ بۆتە گرێ، عەبدۆ گوتویەتی ئەی خۆیان بۆچی دایك و خوشکەکانیان عەبا دەپۆشن؟ مەگەر ئەوەش جلوبەرگی ئەو نەتەوەیە نییە کە ئەنفال و کیمیابارانی کردن؟ ئەی ئەوە نییە زمانی ئەوانی ئەنفالی کردن نوێژ دەخوێنن و پارە دەکەنە دەست برا عەرەبەکانتان لە سعودییە. کورە گەلەك عەیبە ئەو قسانە خۆ ئێوە هەموو شتێکتان لاساییکردنەوەی ئەو نەتەوانەیە کە چەندین ساڵە دوژمنایەتیتان دەکات. ئەوجا کێ نالێت دوای ئەم بەڵایە چیتر ئەو جلانە لەبەر نەکەین.»

« باشە هەرچەندە پرسیارەکەت پێ ناخۆش بوو، ئەوە ڕاستیەکە و نابێت دڵگران بیت. زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کە یارمەتیتدام و تیشکێکت خستە سەر ئاینەکەتان. دەتوانی هاوکارم بیت تاوەکو لەگەڵ چەند کچێك لەوانە قسە بکەم، کە کە لەناو کەمتیاری ئەشکەوتەکانەوە هاتوونەتەوە.؟» لەگەڵ کوژاندنەوەی دەنگ تۆمارکەرەکەم ئەمەم گوت

« سبەینێ وەرەوە بۆ چایخانەکە، لەوێ پەیوەندی بە برادەرانەوە دەکەم، تاوەکو یارمەتیت بدەن، ئەگەر پێشت خۆشە ئەوا ئەمشەو لە کۆشکە سپییەکەی ئێمەدا ڕۆژ بکەرەوە.»

« نا نا سوپاس ماڵ ئاوەدان بێت، دەبێت بڕۆم ئیشی دیکەم لەبەردەستە.» قەیتانی کالە ئێرانییەکەم بەست. لە بەردەم چادرەکەدا خواحافیزیم لە عەبدۆ کرد و لە کامپەکە دەرچووم و بە نیاز بووم بەرەو هوتێل پەرلەمان بگەڕێمەوە، کە دەکەوتە ناوەڕاستی پارێزگاکەوە. کامپەکە هەر بیست بۆ بیست و پێنج کیلۆمەترێك لە باشوری خۆرئاوای سەنتەری پارێزگاکەوە دوور بوو، حەزم دەکرد ماوەی چەند خولەکێك بە پێ بڕۆم، جانتاکەم تەواو شانەکانی داچۆڕاندبووم، بیرم لە وتەکانی مامۆستا عەبدۆ دەکردەوە، هەرچەندە زانیاری باشی پێدابووم، هێشتا ئەو نوسین و لێکۆڵینەوەیانەم وە بیردەهاتەوە کە پێشتر لەسەر ئێزدییەکان خوێندبوومەوە، تەواو باوەڕم بەوە هێنا کە

ڕاسته ئێزدییەکان زۆر نهێنی ئایینەکەیان هەیە بە کەسانی غەیرە خۆیان ناڵێن. سروشت سەرچاوەی ئاینەکەیانە، بە پێی میتۆلۆژیای ئایینی ئێزدیی خوا کوردە و بە کوردیی قسە دەکات. وتە و نووسینەکانیشیان بە زمانی کوردی و زاراوەی کرمانجییە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاینە ئەوەیە کە بە ئایینی سەرزارەکی دێتە ئەژمار، واتە باوکان لە زاری خۆیانەوە ئاینەکە بۆ وەچەکانیان دەگوازنەوە. بۆیە کەسێکی ئێزدی دەبێت لە دایك و باوکێکی ئێزدی لە دایك بێت، ئەها ساڵانە دەوترێت ئەوەندە کەسی مەسیحی بووەتە موسڵمان و موسڵمانان پێی خەنی دەبن. لای ئێزدییەکان وا نییە، کەس ناتوانێت ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت و ببێتە ئێزدی.هەندێ نهێنی ئایینەکەیان هەیە خۆیان نەبێت بە کەسی تری ناڵێن تەنانەت زۆر جار (کۆد) بەکار دەهێنن ئێستا ئەگەر عەبدۆ لەگەڵ ژنەکەی باسی نهێنی ئاینی بکردایە دەیگوت «هەورە» واتای ئەوەیە باسەکە بگۆرە ئەمە غەیرەیە.ڕەنگە ئەوهاش نەبێت.

جگەرەیەکم داگیرساند و بیرم لە قوڵی ئاینی ئێزدییەکان دەکردەوە. فەندەکەکەم خستە گیرفانەوە و دیسان قسەکانی عەبدۆم بیر کەوتۆتەوە، چونکە بە پێی گوتەکانی ئەو بێت، ئەوان چەندین ساڵە لە ئێمە دابڕاون، ئاخر تاکی ئێمە لەگەڵ ئایین گەورە بووە و شیرمان بە ئایەت و وێرد و پاڕانەوەی دایکانمان خواردۆتەوە.

چی بۆتە ڕێگر تاوەکو ئێمە دەربارەی ئایینەکەی عەبدۆ هیچ نەزانین و بێ ئاگا بین لەوەی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و بابلی و ئاشوریەکانی عیراقی ئێستا، هاوبەشەییەك لە نێوان ئێزدی و سۆمەری و بابلی و ئاشوری هەیە، بۆ نموونە، ڕۆژی سەری ساڵ کە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسانە کە لای سۆمەریەکان بە " ئەکیتو" و لای بابلییەکانو ئێزدییەکان "سرصال" ە ناودەبرێت. رۆژی چوارشەمە لای ئێزدیی و بابلییەکان قەدەغەیە کە هاوسەرگیری بکەن.

لە ئایینی ئێزدییدا لەبەر ئەوەی خودا کوردە و ئەوا پەیامەکەی بەڕاستی گەشتووە، ئێزدییەکان خێر و شەڕ بەش ناکەن، لەبەر هەندێ خودێ ئەوەی نەکردووە.ڕاستی لای هەموو کەسێکە و خراپەش برێکی ریژەیی هەیە، بە پێی ئاینی ئێزدی خودا دۆزەخی دروست نەکردووە بۆ سزادانی خەڵکەکەی، بەڵکو مرۆڤ لە رێگەی رۆحی دۆنادۆنەوە پاکژ دەبێتەوە. واتا گەر مرۆڤ تاوانی کردبێ ئەوا وەك مرۆڤ لە دایك نابێتەوە بەڵکو دەچێتە بەرگی ئاژەڵەوە، واتا بە پێی ڕێژەی گوناهەکە بەرگەکان دەگۆڕێن تا سەرئەنجام پاش هەزار و یەکجار رۆحی پاك دەبێتەوەو دەچێتەوە ئاستی ئێزدان.

ئێزدییەکان باوەڕیان بە ڕۆحی دۆنادۆن هەیە، دەتوانین بێژین لای ئەوان ڕۆح نامرێت و لە جەستەیەکی دیکەدا لەدایك

دەبێتەوە. ئاینی کوردیی ئاینێکی دەسەڵات سەپێن نییە وەکو ئەوەی ئاینی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەن، بە زۆر و زەبر و بڵاوکردنەوەی ترس خەڵکی بۆلای خۆیان پەلکێش دەکەن.

لە سەر دۆنادۆن بەسەرهاتێکی ناوچەی خانەقیم بیرکەوتەوە کە دەگێڕنەوە لە ساڵی سییەکانی سەدەی نۆزدە، کەم کەس هەبووە بێ باوەڕ بوو بێت بەڵام ئاغایەك لە ترسی خەڵکی ناوچەکەی زۆرجار باسی خواپەرستی و ڕۆژی قیامەتی کردووە، تا ڕۆژێك تورە بووە و بە زاراوەی ماچۆ گوتوویەتی «مردەی هەر دروێنە، خوا کەسیو کوشو و روحو ئینە بەرمەرۆ منیۆش قنگو یورتەری، ئەی مەلا چی پاسێ کەرە؟» بە واتایی، مردن هەر درۆیە، خوا کەسێك دەکوژێت و ڕوحی ئەمە دەر دەکات و ئەینێتە قونی یەکێکی تر، ئیتر ئەم مەلایانە بۆ وا دەکەن.؟ئەو دەمە خەڵکی لە ترسی دەسەڵاتی ڕەهای ئاغا نەیانوێراوە هیچ بڵێن بەڵام لە پشتە ملە دەیانگوت «بەخوا ئاغا کافرە، بزانە خوا چی لێ دەکات.» بێ ئاگابوون لەوەی ئاغا مەبەستی دۆنادۆن بووە.

سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستم کرد. زانییم چیتر کات لە بەرژەوەندی مندا نییە، هەستم بە ماندووبوونێکی بێ ئەندازە دەکرد، جەستە هەمیشە شەکەتە، ئەوەی زیاتر ماندووی دەکردم مێشکم بوو. هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەبێت ئەو کچ و

ژنانەم دەست بکەوێت کە لە بەڵاکە ڕزگاریان بووە؟ ئاڕاستەکەم بەرەو باکوری کامپەکە گۆڕی، چەند تاکسییەك وەستابوون چاوەڕوانی سەرنیشین بوون. پێش ئەوەی بگەمە تاکسییەکان بازاڕێکی تەژی لە خەڵکی ئاوارەم بینی سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن بوون، بازرگانی نێوان خەڵکەکە زێر و خانووبەرە و ئاڵتون نەبوو، بەڵکو منداڵت دەبینی بە دیار مریشکێکی ڕووتاوەی پەڕ پیسەوە دانیشتبوو، پیاوێکی پیر هاواری تەماتەی ئاودار دەکات، کیژۆڵەیەکی قژ چڵکن، بازنگی زەرد دەفرۆشێت، گەنجێك بە کوتەکێکی بچووك خەریکی ڕۆحکێشانی ماسیەکی گەورەیە کە پێش چەند چرکەیەك لەناو حەوزی پشتەوەی بارهەڵگرەکەی یاری بۆ کڕیارەکانی دەکرد.

بێ سێ و دوو کامێراکەم لە جانتاکەم دەرهێنا و دەستم بە چرکاندنی کرد، جارجاریش هەروەکو ئەوەی لاسایی فۆتۆگرافەرە بە ناوبانگەکانی جیهان بکەمەوە، ئەژنۆیەکم دەخستە ناو قوڕەکە و خۆم لار دەکردەوە بۆ ئەوەی دیمەنی سەرنجڕاکێش و جوان بگرم. چەند منداڵێکی چەقاوەسوویش پلاریان تێدەگرتم و لەسەر عارەبانەیەك هاواریان دەکرد « مستەر، مستەر، ڕەسم » قاقایان لێدەدا و پێدەکەنین. دڵخۆش بووم بەوەی منداڵەکان بێ ئاگان کە چی بەسەرماڵبات و کەسوکارەکەیاندا هاتووە.دەبێت چی لەوە ڕوخێنەرتر بێت کاتێك زارۆکێك لە منداڵی کارەسات بەرۆکی

دەگرێت و لە گەورەیی لە نۆستالۆژیادا دەژی؟ بە چرکە دیمەنەکانی لێ دوور ناکەوێتەوە.لە منداڵەکان نزیك بوومەوە و بە بزەوە سڵاوێکم لێکردن و ئەوجا چەند وێنەیەکی ئەوانم گرت. دوو پیاوی بە تەمەنیش خەریکی پێچانەوەی سیگارەکانیان بوون، ئاخیان بۆ ناوچەکەیان هەڵدەکێشا «گردەعوزێر بەهەشت بوو بەهەشت، نەمرم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ سەر زێدی خۆم». ناخودئاگا ڕوندەك کەوتە سەر کامێراکەم، خۆ دەزانم ڕۆژنامەنوس و پزیشك و سیاسی نابێت بە سۆز بن. چونکە ئیشوکارەکانیان ڕایی نابێت، چی بکەم دواجار من هەڵگری ناوی مرۆڤم. من دژیەك لە ژیانمدا هەیە، لەبەر ئەوەی زۆرجار لە کاتی چاوپێکەوتنیشیدا دەگریام. یاخود دیمەنێکی دڵتەزێنم ببینایە خۆم پێڕانەدەگیریا. خێرا ئەو بازاڕەم بەجێهیشت و قوڕەکانیش پێیان ناخۆش بوو بڕۆم، چونکە لەگەڵ ڕۆیشتم ئەوان خۆیان بۆ جلوبەرگەکەم هەڵدەدا و تەواو لە دواوە پیسیان کردم.

لەگەڵ گەیشتنم بۆ ناو تاکسییەکان شۆفێرێکی باڵابەرز لێم هاتە پێشەوە و خێرا سەودامان دەست پێکرد و ڕێکەوتین. شۆفێر جگەرەکەی داگیرساند و جگەرەیەکی پێشکەش کردم و پاشان ئۆتۆمبێلەکە بە ڕێگا پێچاوپێچەکاندا بە هێواشی دەڕویشت. بە بێ ئەوەی هیچ بڵێم شۆفێرەکە گوتی «ئەو شوێنەی

کە ئێستا وێنەکانت لێگرتن لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵگەی زۆرە ملێ بوو، سەدامی گۆڕبەگۆڕ دوای ڕووخاندنی گوند و ئەنفالکردنی پیاوەکان، هاتن ئەم شوێنەیان بۆ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە دروستکرد.»

«ئا دەزانم» چاوم نابووەوە کامێراکەوە و خەریکی چرکاندنی بووم بۆ ئەوەی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەوە چەند وێنەیەکی ئەو سروشتە بگرم.

« تۆ ڕۆژنامەنووسی؟ لە کوێوە هاتووی؟ ئەوە بۆچی زۆربەی ڕۆژنامەنوسەکان دێن بۆ لای ئێزدییەکان؟ بۆ کۆکردنەوەی پارە دێن؟» پێی ناخۆش بوو کە ڕووی پێنەدرابوو، بۆیە دەیویست بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

لەگەڵ هەڵگرتنی کامێراکەم گوتم «بەڵێ، ئەز ڕۆژنامەنووسم، من ئیشم بەسەر کەسەوە نییە کێ بۆ پارە دێت و کێ بۆ پارە نایەت، هاتووم بۆ ئەوەی ئیش لەسەر ئەو کچ و ژنە ڕفێندراوانەی ئێزدییەکان بکەم کە تیرۆرستان ڕفاندبوونیان.»

هەستم کرد هەر ئەوەندە بەسە بۆ وەڵامدانەوەی.

«کاکە، خۆ چەکدارەکان بەتەنها ئێزدییەکانیان ئازار نەداوە، موسڵمانەکانیش بە هەمان شێوە زەجریان کێشا، مەگەر ئەوانە نەبێت کە هاوزمانی خۆیان بووبن.» لەگەڵ زیادکردنی دەنگی قورئانی ڕادیۆی ئۆتۆمبیلەکە، دەستێکی بەڕیشە ماش و

برنجییەکەیدا هێنا، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.
«تۆ خەڵکی کوێی کە ئەو زانیارییە دەزانی؟»
جارێکی دیکە ئاخێکی قوڵتری هەڵکێشایەوە و گوتی «ئەز شنگالیمە و موسڵمانم.»
تەکانێکم بە کورسییەکەمدا و جانتاکەم خستە کووشنی دواوە و ئەوجا گوتم «لە بەڵاکەی ئاب ئێوەش لەوێ بوون؟»
«بەڵێ، ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات مەگەر تەنها باڵندەکان و خودا بزانێت. ئەگەر ئیشەکەت لەسەر هەموو پێکهاتە ئاینیەکانی ناوچەکە بوایە، بۆم باسدەکردیت.بە داخەوە تۆ هاتووی تەنها لەسەر ئێزدییەکان ئیش بکەی»
خۆم وەکو گەورە سیخوڕی جیهانی (سیدنی ڕیلی ) کە جیمس بۆندی ڕاستەقینەبوو. هاتە پێش چاو کاتێك خێرا مۆبایلەکەم دەرکرد و دەستم کرد بە تۆمارکردنی دەنگی ئەو شۆفێرە داماوە. لەم هەرێمە ڕۆژنامەنووسی و سیخوڕی وەکو جمك وان خۆ زۆرن ئەوانەی بەناوی ڕۆژنامەنووسییەوە بە ڕیکۆرد و کامێراکەیەوە خەریکی سیخوڕیکردنن. نەك لە پێناو نەتەوەکەیان بەڵکو لە پێناو ئەو گرگنانەی کە شەوان بە پێکێك شەرابی فەرەنسی ئامادەن وڵاتەکەیان بفرۆشن. هەر ئەو بوودەڵانە بوون ئەوهایان بەسەر ئەو کچانەدا هێنا. سیخوڕەکانی ئێرە خوێڕین، چونکە کوردستان بۆتە بێشەی سیخوڕانی جیهان کەچی باوەڕ ناکەم

یەك سیخوڕ هەبێت لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان لە پێناو گەلەکەیاندا کار بکەن، سنووری سیخوڕەکانی کورد لە زاخۆ تا خانەقینە.

مۆبایلەکەم لە نێوان بۆشایی کورسیەکەی خۆم و شۆفێرەکە دانا و گوتم «کێشەیەك نییە، ئەگەر دەکرێت بۆم باس بکەی، هانیێ بگرە با جگەرەیەکی دیکەش پێکەوە لە داخی شەنگال بکێشین.»

شۆفێرەکە وەکو ئەوەی گوێی لە جنێودان بوو بێت لە ماوەی چاو تروکانێکدا ستۆپێکی گرت و ئاماژەی لادانی کردەوە و ڕۆیشتە سەر ڕێگە خاکییەکە. کەمێك سڵمیمەوە و خێرا مۆبایلەکەم هەڵگرت و دەستی ڕاستیشم گرت بە دەرگاکەوە بۆ ئەوەی هەر شتێکی نەخوازراو ڕوویدا هەڵبێم بەڵام بۆ کوێ؟ خۆ هەمووی هەر عەردی نەرم و شاخ بوو، لە دووریشەوە ماڵ و ئاوەدانی بەدی دەکرا.تەواو دڵم داخورپا.هەروەکو سوچەڕ چۆن لە کاتی سەربڕیندا دەست دەخاتە سەر چاوی بۆ ئەوەی چەقۆی بکوژەکەی نەبینێت ئەوها دەستی چەپم خستە سەر برۆکانم و زۆر بە ئارامی گوتم «کاکە بۆ وەستای؟ هەڵەیەکم کرد؟» قاقایەکی درێژ و بێزارکەر گوێیەکانمی سڕکرد ئەوجا شۆفێرەکە وەڵامی دایەوە «زۆرمان نەماوە بگەینە سەنتەری شار، ئەوەی بەسەر ماڵباتەکەی مندا هات ناکرێت بەم دەم و دەستە بۆت

باس بکەم، من ئەمرۆ بەشی خۆم پارە پەیدا کردووە، ئەگەر تۆ ئیشێکی زۆر گرنگ و بە پەلەت نییە، ئەوە تۆزێك دادەنشین و ئەوجا بۆت باس دەکەم.»

چ ئاسودەییەکە ئەو دەمەی غایلەی شتێکی مەترسیدار دێت بە دڵ و دروونماندا و دوایش ئەو هالە دەرناچێت. ئۆخەیەکم لە دڵەوە کرد و ئەوجا بۆ ئەوەی ترسەکەم بشارمەوە گوتم» نا من هیچ ئیشێکم نییە، لەم چۆڵەوانیی و کەش و هەوا ساردە؟! ناتوانم دانیشم. تۆزێك ناساغم دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ناو شار، ئەوجا ئەگەر حەز دەکەی دەچینە چایخانەیەك یاخود هەر شوێنێك تۆ پێت خۆش بێت و بە شێنەیی قسان دەکەین.»

سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم و دووبارە ناوی خودای هێنا و بەرێکەوتن ئەمجارەیان بێ ئەوەی ورتە بکەن تاوەکو سەنتەری پارێزگاکە نەوەستان.

«فەرموو ئەوە کرێکەت بگرە، ئەگەر لەسەر بەڵێنەکەی خۆت ماوی پێمخۆشە، بڕۆین لەو چایخانە نزیکە دانیشین ئەها تۆ سەیر بکە کەسیشی لێ نییە؟»

«خودێ ژ تو رازی بی برا.کەرم کە» دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی داخست و کەوتە پێشم بۆ چایخانەکە، کات ئیتر بەرەو ئێوارەیەکی سارد و دڵتەنگ دەچوو. پەیکەری هۆزانڤانی ناوداری کورد ئەحمەدی خانی کەوتبووە ڕووی کەلۆری چایخانەکە. بانگی دوو

چامان کرد.تەلەفزیۆنی چایخانەکە خرابووە سەر گۆرانییەکی شڤان پەروەر کە زۆر بە گڕ و تینەوە دەیچریکاند «فەرمانە فەرمانە.» منیش هەر بیرم لای ئەو حەفتا و سێ فەرمانە بوو کە کرابووە سەر ئێزدییەکان و عەبدۆ بۆی گێڕامەوە. شۆفێرەکە هاوشێوەی ئەو فەرمانانە هێرشی کردە سەر خەیاڵەکانم و گوتی «کاکە گیان چیت بۆ بگێڕمەوە؟ ئەوەی بەسەر خەڵکی شەنگال هات یان ...؟»

قسەکەم پێ بڕی و گوتم «مەگەر بەڵێنی ئەوەت پێنەدام باسی ئەوە بکەیت کە موسڵمانەکانیش ئازار و ئەشکەنجە دراون؟ دەتوانم دەنگت تۆمار بکەم؟ مەترسێ پس مام هەرگیز ناوت بڵاو ناکەمەوە.»

« لە چی بترسم شتێك نییە چیتر ئێمە لێی بترسین، بۆ نا ئاساییە فەرموو دەنگم تۆمار بکە، ئەگەر کامێرای ڤیدۆیشت پێبوایە ئامادەم وێنەم بگری.»

ڕیکۆردەرەکەم دەرکرد و پەنجە باریکەکانم خستە سەر دووگمەی ڕیکۆرد و « فەرموو، چیت بینووە و بیستووە بیڵێ.»

«دووەم ڕۆژی بەڵاکە بوو، بە دزییەوە سەردانی ماڵی مامم کرد، بۆ ئەوەی بزانین چۆن قوتار بین و بەرەو ناوچە ئارامەکان بە ڕێ بکەوین، سێ لە ئامۆزاکانم ژندار بوون.منیش خێزان و دایکمم لە ماڵ جێهێشتبوو.هەر وەکو ئەوەی پۆلیس بە دوامەوە

بێت و بانکم بڕیبێت، بە شێوەی پێچاوپێچ خۆم گەیاندە ماڵیان، چەند جارێك لە دەرگامدا، دەنگیان نەبوو، ئەوجا توندتر لە دەرگای ماڵەکەیانمدا، داودی ئامۆزام بە ڕوویەکی گرژەوە و تەوقەی لەگەڵ کردم و ڕێنوینی کردم بۆ ئەوەی بڕۆمە ژوورەوە، هەر سێ ئامۆزاکەم زۆر بە کپی دانیشتبوون تەنها ژنەکەی داود لە ماڵەکە مابووەوە، منداڵەکانیان ناردبووە ناوچە ئارامەکان»

بە خێرایی قومێکی لە چایەکەی دا و لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو. «ناوچەی ئارامی چی؟ من ناوی دەنێم ئارام ئەگینا چی ئارامییەکی تێدایە، تۆ لە شاخێکی ڕووتەڵ عاسی بیت؟ نە نان نە ئاو، نە هێزی ئەمنی؟ هەڤاڵ من بێ عەقڵم دەڵێم ناوچەی ئارام، دوای ئەو بەڵایە ئیتر هیچ جێگەیەکی ئارام بۆ ئێمە نەماوەتەوە. گەر جەستەمان بسەکنێ ئەوا ڕۆحمان ئۆقرە ناگرێت. ئەوەی ئێمە بینیمان بە ملیارەها ڕۆژنامەنوس لەسەری بنوسێت، هێشتا تەواو نابێت.»

زەنگێك بۆ مۆبایلەکەی هات، دیسان قسەکانی بڕی و گوتی «ببورە ئەوە ماڵەوە نیگەرانی ئەوەن نەڕۆیشتوومەتەوە.ها کاکە ئیتر ئەوە بوو، من و سێ ئامۆزاکەم و ژنەکەی داود سەرقاڵی خاڵیکردنی خەفەتەکانمان بووین ، لە پڕ دەنگێکی گەورە هات. ئەوان وەکو گێژیان لێهات، من خێرا بەرەو سەربان

ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بزانم چی باسە، هەر کە گەیشتمە سەربان ڕمە لە دەرگاکەوە هەستا، خۆم لەگەڵ زەوی سەربانەکە تەخت کرد و لە کونی خشتە سوورەکانەوە سەیرم دەکرد بزانە چی ڕوودەدات. چەند چەکدارێکی توندڕەو هاتنە حەوشەی ماڵەکەوە دەموچاویان بەستبوو هەروەکو ئەوەی خەڵکی بۆ دروێنە لە ترسی خۆر دەموچاویان هەڵدەپێکن، نازانم ئەمانە لە ترسی چی دەموچاویان هەڵپێکابوو؟ لە ترسی خوا؟ ئەی مەگەر ناڵێن خودا ئاگای لە دڵەکانە ئیتر لە ترسی کێ؟ نازانم. تەنها یەکێك لەوانە نەبێت دەموچاوی بەدەرەوە بوو.بە بۆکس و شەق لە ئامۆزاکانمیان دەدا. داود ( بەر دڵۆڤانی خودا بکەوێت) هەرچەندە لاواز بوو، دەیویست بەرگری بکات. بە پاڵ لە دەرگای حەوشەکە برانە دەرەوە. ئەو کاتەی ئەوانیان برد من بیرم لای ژنەکەی داود بوو، دەبێت هۆکاری ئەوەی ژنەکەی داودیان نەبردووە چی بێت ؟ تۆ بڵێی ئەمانە ئافرەت نەکوژن؟ ئەوجا بە خۆمم گوت تۆ شێت بووی؟ دیرۆکی ئەمانە پڕن لە ئافرەت بە زیندەبەچاڵکردن و بەردبارانکردنیان، ئەوان بە درێژایی مێژوو ئافرەتیان وەکو هۆکارێکی تۆڵەکردنەوە بەکارهێناوە.ئێستا نایکوژن؟ئەوەندە پەشۆکام بیرم لای ژنەکەی داود نەما»

«باشە تۆ نەدەتوانی یارمەتیان بدەی؟ چەکت پێ نەبوو؟»

«کورە ماڵ خەراپ تۆ چی دەڵێی چەکی چی ئاخر؟ ڕۆژی

پێشووتر هەموو فیشەکەکانم تەقاندبوو، (هەردوو پەنجەی وەکو ئاماژەی سەرکەوتن بەرزکردەوە) من تەنها دوو فیشەکم پێمابوو.دەی ئەوە من لە شوێنێکی ئەوها چەکێکت دەدەمێ بە بێ فیشەك بە کەڵکت دێت؟.»

«وایە تۆ ڕاست دەکەی» دەموچاوم سوور هەڵگەڕا

« دەمزانی داود لەماڵەوە دەمانچەیەکی هەبوو، بیرم بۆ ئەوە ڕۆیشت تۆ بڵێی داود لە ڕێگە بەرگری لە خۆی بکات؟ خودا تۆ ئەمە بکەی خۆی و یونس و یوسف رزگار بکات و خۆیان بگەیەننە شاخەکە. پاشان لە سەربانەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە بۆ پشت خانووەکەیان، کە زەوییەکەی ڕەقبوو، پاشان بە سکەخشکێ ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتم تاوەکو تەواو دوور کەوتمەوە.»

« ئێ دوای ئەوەی لە ماڵەکە چویتە دەرەوە بۆ کوێ چووی؟ »

« بەرەو دەرەوەی شار ڕۆیشتم، تەواو لەوان دوورکەوتمەوە، تاوەکو گەیشتم بە کەسوکارەکەم. دواتر ....»

شۆ فێرەکە زۆر گریا، ڕوندەك لە چاوی هاتە خوارەوە و مشەیەکی کرد، ئەوجا دەستی برد بۆ گیرفانی پاڵتۆکەی و دەستەسڕەکەی دەرکرد و لووتی سڕی و سێ جاران لەبەر خۆیەوە گوتی «ئیستەغفیروڵا ، ئیستەغفیروڵا، ئیستەغفیروڵا». درێژەی بە قسەکانی دا.

«دواتر خزمێکی نزیکمان هەواڵێکی پێ ڕاگەیاندم سەرتاپا لاشەم وەکو زەوی ژێر بەفر تەزی، دوای ئەوەی چەکدارە ریش ئەسپێدارەکان هەر سێ ئامۆزاکەم لە ناوەڕاستی شوێنێکی گشتی گوللەباران دەکەن، ئەو کەسەی کە دەموچاوی هەڵنەپێکابوو. ژنەکەی داود لە درزی پەنجەرەکەیانەوە ناسیبوویەوە کە چەندین ساڵە دراوسێی خۆیان بووە. دواتر دەمانچەکەی داود هەڵدەگرێت بەرەو بازاڕ دەڕوات.»

« ئەم ڕووداوە لە چی گەڕەکێکی شەنگال بووە؟» بەدەم سەیرکردنی دەنگ تۆمارکەرەکەوە بۆ ئەوەی دڵنیابم کە دەنگەکان تۆمار دەکرێت وامگوت.

« لە گەڕەکی شەهیدان بوو»

« بەردەوام بە»

« ژنەکەی داود دەمانچەکەی دەردەکات و یەك فیشەك دەنێت بە سەری ئەو سەگبابەوە کە مێردەکەی کوشتووە. پاشان ئەوانیش دەستی لێدەکەنەوە و دەیکوژن. بە ڕاستی ئەمانە لە تەپاڵە پیسترن، چونکە ئەوانە بە ئازاردانی خەڵکی چێژ وەردەگرن. چ خۆشییەك لەوەدایە ژنێك بکوژێت و ڕووتی بکەیتەوە؟»

« بۆ؟ بەو جۆرە ئازاری ژنەکەی داودیان دابوو؟»

«بەڵێ، دوای ئەوەی تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. بەوەش تێر ناخۆن کە خوێن لە گیانی دەچۆڕا، ئەی مەگەر ناڵێن کەسێك

بمرێت شەیتان و ڕەحمان دەستی لێدەشۆن؟ بە خوای مالك ڕووتیان کردەوە و لەناو شار ڕایاندەکێشا.»

حەزم دەکرد بگریم، لەبەر خاتری شۆفێرەکە نەگریام ئەوجا بە لچەکوڵەوە گوتم «بەداخەوە.. ئێمە تەنها ئەوەمان لە دەست دێت بڵێین بە داخەوە. ئەی منداڵەکانی داود؟ نەتگوت ئەوان لە شوێنێکی ئارامن؟ چیان لێ بەسەرهات.؟»

« ئێستا ئەوان نە دایکیان هەیە نا باوك، بێ سەرپەرشت ماونەتەوە. باوەڕیش ناکەم سبەی دوو سبەی کارێکیان بۆ بکرێت بتوانن ئازارەکانیان لە بیر بچێتەوە. لەگەڵ گەورە بوون ڕابردوو لە بیر دەکرێت. بەڵام ڕابردووەکان جیاوازی هەیە. کێ ناڵێت منداڵەکانی داود بکوژێکی مەترسیدار دەرناچن؟ خۆ ئەو کاتە خەڵکی ناڵێن ئەو منداڵە بەوجۆرە ژیاوە دەڵێن بکوژە و تەواو، خەڵکی بێویژدان هەرگیز سەیری ڕابردوو و ژیانی کەسەکان ناکەن.»

ڕیکۆردەکەم کوژاندەوە، تەوقەیەکی گەرم و گوڕم لەگەڵ کرد، سوپاسم کرد کە ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕاومەتەوە ئەوجا گوتم «ئێستا دەتوانی خەریکی ئیشەکانی خۆت بیت و ماڵەوەتان چاوەڕوانت دەکەن.»

شۆفێرەکەش بە زۆر پارەی چاییەکانیدا و لێیدا ڕۆیشت، منیش بەدوایدا هاتمە دەرەوە، خودا حافیزمان لە یەك کرد لە ڕۆیشتندا

ئاوڕێکی بۆ دامەوە و لە دووری بیست مەترێك بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد «دوای گەڕانەوەمان بۆ شەنگال سەردانمان بکە.»

« سەرچاو، بە نیازی دیدار».

## جۆزەردان

## «تەنهایم لە قەرەباڵغیەکی درۆینەم پێ باشترە»

لە ژیانم هەمیشە بە تەنها گەڕاومەتەوە ئەو شوێنەی کە لێی دەنووم، تەنهایی بۆ مرۆڤەکان ئاسوودەییە، بەڵام هەندێك جار ئەو تەنهاییە دەبێتە مۆتەکەی ژیانت و وردە وردە لەگەڵت گەورە دەبێت، لەگەڵ گەورەبوونی ئەو تەنهاییە لێدانەکانی دڵ و تروکانی چاوەکانیش تەنها دەبن، چونکە ئەو کاتە لە شتە بێ گیانەکانی دەوربەرت زیاتر هیچی دیکە بە دی ناکەی نازانی لەگەڵ کێ بدوێی و گوێ لە چی بگری؟ ئەوە ئێمەین زۆر جار لە دەنگ و هەناسەی مرۆڤەکان بێزار دەبین، کەچی زۆر جاریش بووە خۆزگەمان خواستووە بێ گیانەکان بێنە بیستن تاوەکو ڕازێکیان بۆ بدرکێنین. بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە

مرۆڤ نابێت بوونەوەرێکی تەنها بێت، کەچی زۆربەمان لە لایەن تاکەوە نامۆ و تەنهامان دەکەن، ناکرێت بتەوێت ئاوی جاویدانی بنۆشیت و تا ئەبەد تەنها بین، ئەو مرۆڤانەی تەنهایی لە رۆحیاندا گەرای خستووە دەبێت نەژین، دەبێت گۆڕ بکەن بە دوایین مەنزڵیان، زۆر حەز بە تەنهایی ناکەم بەڵام ژیان وا دەکات تەنها بین، بیر لە تەنهایی بکەینەوە. کەچی زۆر جار دێمە سەر ئەو باوەڕەی تەنهایم لە قەرەباڵغیەکی درۆینەم پێ باشترە.هاوکێشەیەکی سەیر لەنێوان تەنهایی و پێکەوە ژیان هەیە. باوەڕ ناکەم کەس بتوانێت دەرئەنجامی ئەو هاوکێشەیە بدۆزێتەوە.ئەوەندە خووم بە تەنهاییەوە گرتووە زۆر جار خۆزگە بەو بوونەوەرانە دەخوازم کەناتوانن لە ژیانی پێکەوەبوون هەڵبکەن و بژین.

لەکاتی گەڕانەوەم بۆ هوتێلەکە جلەکانم لەبەر داکەند و بێ ئەوەی تەزی قاچە ماندووەکانم دەربچێت کامێراکەم دەرکرد و سەیری ئەو وێنانەم دەکرد کە ئەو رۆژە گرتبووم.بە ڕاستی لە وێنەی فۆتۆگرافەر نەدەچوو، هێشتا دڵم پێی خۆشبوو، باوەڕم بە خۆم هێنا دوای چەندین ساڵی دیکە ئەم وێنانە دەچنە ئەرشیفی نەتەوەیەکەوە. کامێراکەم هەڵگرت و لەسەر چوارپایەکە ڕاکشام و سەیری بنمیچەکەم دەکرد، وێنەی ژنەکەی داود دەهاتە پێش چاوم کە چۆن ڕوتیانکردبووەوە.

کەوتمە پرسیارکردن لە خۆم «ئەگەر داود زیندووبایە چی دەکرد شتێکی ئەوهای ببیستایە؟. بە ڕاستی مردن هەندێك جار بۆ مرۆڤ دیارییە. داود تۆ گەلەك خۆشبەختی ئەگەر نەمردبایی ئێستا مێشکم ورەمی کردبوو، زووخاو لە کەپووتەوە دەهاتە دەر. پێ بکەنە داود پێبکەنە. تۆ بڵێی من ئەو کچانە ببینمەوە؟ ئاخر ماندوو بوونەکەم بە هەدەر دەچێت.» هەرچیم دەکرد خەوم لێ نەدەکەوت. چاوەکانم بە کراوەیی مابووەوە، جەستەم تەواو پشووی وەرگرتبوو . دەستم برد بۆ ژێر چوارپاییەکە و لە ناو جانتاکەمدا پەڕاوە بچووکەم دەرهێنا، پەڕاوەکەم پڕ بوو لە نهێنی ژیانی خۆم. هەر شتێك لەسەر دڵم ببوایەتە گرێ، یاخود لە ترسی کۆمەڵگە نەمەوێت بیڵێم و بینوسم لەناو ئەم پەڕاوە بە خەتێکی زۆر ناخۆش دەینوسمەوە. پێنوسەکەم هەڵگرت و بە دەست و خەتێکی زۆر گەورە و درشت نوسیم «خودا؟ تۆ دەزانی ئێمەی کورد لە باشور و خۆرئاوای کوردستان لەژێر ناوی جیهاد دا سەرمان دەبڕن و کڕین و فرۆشتن بە کچ و ژنەکانمانەوە دەکەن، لە خۆرهەڵاتیش لاوەکانمان لەژێر یاساکانی شەریعەتدا چارەنوسیان بۆتە مانگرتن لە زیندانەکان و هەموو سپێدەیەك رۆڵەیەکی کورد لە ناوەڕاستی شەقامێکی گشتیدا پەتی سێدارەیان وەکو خەڵات لە مل دەکەن. لە باکوریش ئیسلامییە بەناو مۆدێرنەکان دەیانەوێت بمانسڕنەوە. دەبێت ڕوو لە کوێ بکەین؟ لەسەر ڕووی

ئەم هەسارەیە شوێنکمان پێ ڕەوا ببینە لەسەری بژین.»
کاتژمێر شەش و بیست و یەك خولەك بە ئاگا هاتمەوە، تێنووس و پێنووسەکە لە چوارپاییەکە کەوتبووە خوارەوە. کۆتا جگەرەش کە شەو دامگیرساندبوو بیکێشم، بە مژ لێنەدراوی لەناو ناڵەبەگییەکە بووە بە سووتوو. راپەڕیم و دەموچاوم شۆرد، لەگەڵ هیشك کردنەوەی ڕوومەتم قسەکانی مامۆستا عەبدۆم بیرکەوتەوە، کە دەبێت بڕۆمە چایخانەکە بۆ ئەوەی لەوێیەوە بمنێرێت بۆ لای خەڵکی دیکە. ڕۆژباشم لە کارمەندی پرسگەی هوتێلەکە کرد.خوڵکی کردم نانی بەیانی لەگەڵ بخۆم بەسەر ئاماژەی سوپاسم لێکرد و، هاتمە دەرەوە بە هەنگاوی خێرا خۆم گەیاندە چایخانەکە، جگە لە چایچییەکە و پیرەحەماڵێکی بێ دەرەتان کەسی دیکەی لێ نەبوو. داوای ماست و چایەکم کرد، وەکو ئەوە بوو پلێت قووت بدەم لە قورگم نەدەچووە خوارەوە، چونکە چاوەڕوانی پلەیەك لە خوار مەرگەوەیە « کێ ناڵێت مامۆستا عەبدۆ بۆ ئەوە نەیوتووە وەرە بۆ چایخانەکە تاوەکو لە کۆڵی ببمەوە، پیرەپیاوێکی بەدبەخت لە کوێ حەوسەڵەی هەیە کیژۆڵەی ڕفێندراو بە کەسێکی وەکو من بناسێنێت؟»
هەروەکو ئەوەی خوام لێ ئاشکرا بێت عەبدۆ بە کۆکە خۆی کرد بە چایخانەکەدا و دەموچاوی مۆن دەردەکەوت خێرا ڕۆیشتمە پیرییەوە بە خێرهاتنم لێکرد. عەبدۆ دانیشت و دانەنیشت

چایەکییان لەبەردەمی دانا ومنیش وەکو ئەوەی بڵێم با کات لە دەست نەدەم گوتم « دڵم لات بوو گوتم تۆ بڵێی نەیەت؟ » عەبدۆ خەشم و رق گرتی گوتی «من لە کاتژمێر شەشەوە خۆم گەیاندۆتە سەنتەری شار، لەبەردەم هوتێلەکەت خۆم لولدابوو هەر ئەوەندە مابوو ڕەق ببمەوە، سەرماکەی کوشندەیە، خوا خێری ئەو حەسحەسانەی شەو بنوسێت کە ئاگریان لەناو تەنەکە ڕۆندا کردبووەوە، کەچی تۆش دەڵێی تۆ بڵێی نەیەت؟.»

حەزم دەکرد وەکو داوای لێبوردن دەستەکانی ماچ بکەم، نازانم بۆچی ئەو کارەم و نەکرد لە بری ئەوە گوتم «داوای لێبوردن دەکەم مەبەستم ئەوە نەبوو نەخوازەڵا تۆ بێ بەڵێن بیت. گوتم نەك خوانەکات توشی شتێك بوویێت.» ئەوجا دەنگم نەوی کردەوە و گوتم «مامۆ، کەی پەیوەندی بە برادەرانەوە دەکەی تاوەکو برۆم بۆ لایان؟ »

« لێگەڕێ با هەر سم و سندانەکەم بخۆمەوە.» ئاماژەی بە چاییەکەی بەردەستی کرد. چاییەکەی تەواو کرد و دەستی کرد بە گیرفانیدا و مۆبایلێکی شڕەی دەرهێنا.هەرلەگەڵ ئەوەی گوتی « چەوەنی» لێیدا و لە چایخانەکە ڕۆیشتە دەرەوە و بە چاو تێیگەیاندم کە ئێستا دەگەڕێتەوە.

دڵم زۆر بە خێرایی لێیدا ریێك وەکو ئەو کاتانەی کە لە زانکۆ خوێندکاربووم و لە تەنیشت مزگەوتی ناوەوەی زانکۆ چاوەڕوانی

خۆشەویستەکەم دەکرد، حەزم دەکرد زووتر بگات بۆیە تاوەکو گەیشتنی دڵم تپە تپی بوو. ناحەقم نەبوو. چی بکەم لەوێ لە پەنای مزگەوتەکە چەند ماچێکمان دەگۆڕییەوە، هەمیشە بیرم لەوە دەکردووە. خۆ نوێژکەرانی مزگەوتەکە بمانبینن هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە و دەگاتە بنەماڵەی ئەوان و پاشانیش دەمانکوژن، بێ ئاگای لەوەی ئێمە ماچەکانمان لەو شوێنە دەگۆڕییەوە کە نزیکە لە شوێنێکەوە بە ماڵی خوا ناو دەبرێت، ئەو کاتەی عاشق دەبیت نازانیت خوا دەکەوێتە کوێی گەردوونەوە، چ جا ئەوەی لە خەڵك بترسیت. بەهەمان خەیاڵی جارانەوە چاوەڕوانی عەبدۆ بووم. زۆری پێنەچوو عەبدۆ بە ڕوویەکی گەشەوە هاتەوە و ئاماژەی ئۆکەی بۆ کردم، کە هەموو شتێك بە دڵی ئەوە، ئەوجا هات دانیشت و پێی گوتم «برۆ بۆ بنکەی لالش لەوێ چەند برادەرێك چاوەڕوانی تەشریفی جەنابتانن.» بێ ئەوەی ئاگام لەدەوروبەر بێت قیژەیەکی شادمانیم بۆ کرد و ئەوجار دەستەکانیم ماچکرد و گوتم « مامۆ عەبدۆی دڵ، تەواو؟ دڵنیابم کە من دەگەیەنن بەوان؟ دەترسم ئەوها نەبێت.» هەموو دڵخۆشیەکی مرۆڤەکان بەستراوە بە گەیشتن بە ئامانجەکانیانەوە، هەرکاتێکیش ئامانجت نەما ئیدی ئەو ئەنجامە چاوەڕێتە کە هەمیشە بیری لێدەکەمەوە.

« برۆ چاوەکەم بۆ ئەوەندە زۆر لە سەر شت دەرۆی دە برۆ دەی»

عەبدۆ وایگووت منیش خێرا خوا حافیزم لێکرد و بۆی دەرچووم.

## پوشپەڕ
## «سێویک بوون لەگەڵ فروغ دوو لەت کرابوون»



پێش ئەوەی تاکسی بگرم، منداڵێکی بچووك کە کوڵمەکانی سور هەڵگەڕابوو چەند ڕۆژنامەیەکی کۆن و نوێی بە دەستەوە بوو دەیفرۆشت، بەلەز دانەیەکم لێکڕی و دەستم لە تاکسیەك ڕاگرت بۆ ئەو شوێنەی کە عەبدۆ ناونیشانەکەی پێدابووم. شۆفێرەکە دەستی بە لێخوڕین کرد و منیش سەرم شۆڕکردەوە بۆ سەر ڕۆژنامەکە. چەندین شتی سەرنجڕاکێشم بەرچاو کەوت. یەکێك لەوانەش ئەمە بوو کە (دەوڵەتی ئیسلامی) بڵاوکراوەیەکیان تەخشان کردووە بەناوی پرسیار و وەڵام دەربارەی سەبی و کۆیلەکان کە دیوانی لێکۆڵینەوە و فتوادانی (دەوڵەتی ئیسلامی) سەرپەرشتی ئەو پرسیارە و وەڵامی کردووە و لە سی

و دوو پرسیاردا باس لە سەبی و کۆیلەکان دەکات. هەر بۆیە دەستمکرد بە خوێندنەوەی

سەبی چییە؟

ئەو ژنانەی پیاوە ناموسڵمانە جەنگاوەکانە، کە موسڵمانان دەیانبەن.

هۆکاری حەڵاڵبوونی ئەو ژنانە چییە؟

هۆکاری حەڵاڵبونیان ناموسڵمانێتییە ئیتر ئەو ژنە ناموسڵمانانە بۆمان حەڵاڵ دەبن، بەوەی کە (پێشەوا)ی موسڵمانان دابەشیان دەکات، ئەوەش دوای ئەوەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەهێنرێن بۆ (دار الاسلام)

ئایا بە سەبیکردنی هەموو ژنێکی ناموسوڵمان دروستە؟

هیچ ناکۆکییەك لەنێوان زانایانی ئیسلامدا لەوەدا نییە بە سەبیکردنی هەموو ئەو ژنانە دروستە کە هەر لە بنەڕەتەوە ناموسڵمانن، وەکو ئەوانەی لە ئەهلی کیتابن (وەکو مەسیحی و یەهودی) و ئەوانەی بتپەرستن. بەڵام سەبارەت بە سەبیکردنی ئەو ژنانەی پێشتر موسڵمان بوون و دوایی هەڵگەڕاونەتەوە، زانایانی ئیسلام ناکۆکبوون: زۆرینە پێیان وا بووە کە دروست نییە، و هەندێکیان پێیان وابووە سەبیکردنی ئەوانەش دروستە. ئەوەی بەلای ئێمەوە بەهێزترە، قسەی زۆرینەیە کە گوتوویانە دروست نییە.

سەرجێیی کردن لەگەڵ ژنی سەبیکراو دروستە؟

بەڵێ دروستە، ئەوەتا خوا دەفەرموێت: ( والَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حافِظُونَ (٥) إِلاَّ عَلى أَزْواجِهِمْ أَوْ ما مَلَكَتْ أَيْمانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (٦) فَمَنِ ابْتَغى وَراءَ ذلِكَ فَأُولئِكَ هُمُ العادُونَ (٧)) (المؤمنون: ٥- ٧)، (المعارج: ٢٩-٣١).

ئیتر "ما ملكت أيمانكم" هەر بەشێکن لە ژنە سەبیکراوەکان "السبايا".

ئایا ژنی سەبیکراو ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی دەبێتە موڵکی موسڵمانێك، دروستە سەرجێیی لەگەڵ بکرێت؟

ئەگەر کچ بێت هەر کە بوو بە بە موڵکی دەتوانێت سەرجێیی لەگەڵ بکات، ئەگەر شوودار بوو بێت، دەبێت لە سووڕێکی مانگانە پاکبێتەوە، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە، ئەبو داود لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەر دەربارەی ژنە سەبیکراوەکانی هەڵمەتی سەر دۆڵی (ئەوتاس) گووتوویەتی: «بەسەر ژنێکی دووگیاندا مەکەون هەتا سکەکەی دادەنێت، و ئەوەشی کە سکی نییە، هەر بەسەریدا مەکەون هەتا حەیزێك دەشوات»

فرۆشتنی ئافرەتی سەبیکراو دروستە؟

کڕین و فرۆشتن و بەخشینی ئافرەتانی سەبیکراو و کەنیزەکان بە گشتی، دروستە، چونکە ئەوانە سامان و موڵکی ڕووتن،

دەکرێت ئاڵوویریان پێوەبکرێت، بە مەرجێك بۆ مەبەستێك نەبێت کە خراپکاری یان زیان گەیاندنی تێدا بێت.

لە کڕین و فرۆشتنیاندا، جیاکردنەوەی دایك و منداڵەکانی دروستە؟

دروست نییە لە فرۆشتن و کڕین و بەخشیندا دایك و منداڵەکانی کە هێشتا باڵق نەبوون، جیا بکرێنەوە، بەڵام ئەگەر باڵق بێت، دروستە لە دایکیان جیا بکرێنەوە.

گەر دوو موسڵمان لە کڕینی ئافرەتێکی سەبیکراودا هاوبەش بن، ئایا بۆ هەردووکیان دروستە؟

«سەرجێیی کردن لەگەڵ ئافرەتی سەبیکراو تەنها بۆ ئەو پیاوە موسوڵمانە دروستە کە هەر خۆی بەتەواوی خاوەنییەتی. ئەوەی خاوەنداریێتییەکەی ناتەواو بێت وەکو ئەوەی هاوبەشی هەبێت، دروست نییە سەرجێیی لەگەڵ بکات هەتا بەشی ئەوانی تر دەکڕێتەوە یان ئەوانی تر دەست لە بەشی خۆیان هەڵگرن بە بەخشین.»

لەگەڵ تەواو بوونی هەشتەمین پرسیار چیدی نەمتوانی تاوەکو کۆتا پرسیار بخوێنمەوە، پەنجەرەی تاکسییەکەم کردەوە تا هێز لە دەستم بوو، هەڵمدایە دەرەوە، دەموچاوم وەکو تەندوور هێڵەی لێوە دەهات. ئەوجا لەبەر خۆمەوە ورچ ئاسا بۆڵەم دەهات «هەر چی ئایین هەیە مرۆڤایەتی وەکو بوکەشووشە هەڵدەپەڕێنن.

باشە بۆ نابێت مرۆڤ خۆی ڕێگای باش و خراپ لێکباتەوە، بۆ دەبێت ئێمە لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە خوا و باشە و خراپە بناسین.» لەم قسانەدا بووم  هەستم کرد دەروونم بەرەو تەنگژە دەچێت بۆیە  هەر ئەوەندەم پێکرا بە شۆفێرەکەم گوت «زۆرمان ماوە؟ وەختە کوێر دەبم بۆ داگیرساندنی جگەرەیەك.؟»

« نەخێر، زۆرمان نەماوە ئەو پێچەی کە لێمانەوە دیارە دەیبڕین و دەگەین. تۆ هەر دەتوانی جگەرەکەت بکێشی، خەمت نەبێت خۆشم جگەرەی تیا دەکێشم.»

هیچمان نەگوت تاوەکو گەیشتنە شوێنی مەبەست.لەگەڵ گەیشتنمان دوو کوڕی گەنج خۆیان پێناساندم کە لە بنکەی لالش سەرقاڵی خزمەتکردن بوون، بە کەیسی هەموو ئاوارەکان و ئەو کچ و ژنانەی کە لە دەستی تیرۆرستان قوتاریان بووبوو. پێشوازیان لێکردم و پاشان چاییەکیان بۆ بانگکردم. یەکێك لەوانە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، بە گەرمی پێشوازی لێکردم و گوتی «مام عەبدۆ زۆر باسی تۆی بۆی کردین کە بە پەرۆشی بۆ بینینی ئەو کچ و ژنانەی گەڕاونەتەوە ناومان، دەتەوێت چۆن ئیشیان لە سەر بکەی؟»

« کاتێك کوردی باشور ئەنفالکران بە گوێرەی پێویست زۆر شتمان ئەرشیف نەکرد، بۆیە لە لایەن وڵاتانی خۆرئاواوە گرنگییەکی ئەو تۆی پێنەدرا. تا ئەم چەند ساڵەی دوایی

لە هەندێك وڵات باسیان لێوە كرد. ئەوجا باوەڕ بكە بڕوام بە ڕۆژنامە و پەرتووكی ئەلیكترۆنی نییە، بە هاككردنێك ئەوەی هەیە و نییە دەسڕێتەوە. دەمانەوێت هیچ نەبێت كارێك لە سەر ئەو كچانە بكەین. تاوەكو نیو سەدەی تر مناڵی كورد بزانێت ئێمە بە درێژایی مێژوو چیمان لێ بەسەر هاتووە. تۆ سەیر بكە جولەكە هۆلۆكۆستیان كرد بە كارەێكی مرۆیی و مێژوویی بە ئێستاشەوە ئەوان لە پەنای هۆلۆكۆست دەحەسێنەوە، خۆ ئێمە زۆر زیاترمان لەوان لێ بەسەر هاتووە بۆ نابێت چیرۆك و بەسەرهاتی دڵبڕ یاداشت بكەین. كورد ئەگەر سینەماكاری بەناوبانگ و نووسەری گەورەمان هەبێت هەموو ساڵێك خەڵاتەكان بۆ ئێمەن، چونكە ژیانی هەر تاكێكمان ڕۆمان، دراما، فیلمێكە. ئەمریكا بەو زلهێزییەوە لە قەیرانی چیرۆكدان. تۆ تەماشا بكە....»

كوڕە پۆشناخەكەی پشت مێزەكە، لەگەڵ سەیركردنی تێنووسەكەی بەردەستی و هەڵدانەوەی پەڕەكانی قسەكانی پێ بڕیم و دیاربوو باوەڕی بە قسەكانم هێنا گوتی «ئێمە ناوی چەند كەسێكمان لایە لەبەر پاراستنی ناوبانگی ئەوان دەبێت، ناو و ناونیشانیان بڵاو نەكرێتەوە، مەبەستم ئەوە نییە چیتر ئەوان بە بێ ڕێزی سەیر دەكرێن. زۆربوون ئەوانەی كاتێك ئێمە كچەكانمان ڕفێندران گوتیان لە گەڕانەوەیاندا هەموویان دەكوژن.»

دەستی خستە سەر یەکێك لە پەڕەکان و درێژەی بە قسەکانیدا «ئەوەتا دوو کچ لەوانەی لە لایەن تیرۆرستانەوە ڕفێندرابوون ئێستا چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنین. بەهەرحاڵ ئێمە ئێستا دەتبەین بۆ لای یەکێك لەو کچانە کە پێشتر دەبوو ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی بڕوات چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات و ڕێك نەکەوت بێت. تۆی کورد باشتر لە ئازارەکانی تێدەگەیت و دەتوانی بە ئارەزووی خۆت پرسیاری لێ بکەی.»

« زۆر سوپاس یارمەتیم دەدەی، تۆ لە زۆربەی بەرپرس و کاربەدەستانی باشوری کوردستان زیاتر هەست بە خەمخۆری بۆ ئێمە دەکەی، ئەگەر ڕۆژنامەنوسێکی عەرەب، فارس، تورك، بێت دەرگای هەموو دەزگاکانی بۆ دەخرێتە سەر پشت، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی بە هەمان زمانیان دەپەیڤین یەك ساڵی ڕەبەق لەبەر دەرگاکەیان بوەستین ناڵێن (کەرەمەلی کەرەکەت بە چەند)»

دەنگی کچێك نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و سڵاوێکی کرد و ئەوجا بە خێرهاتنی کرد «ئەز دکارم هاوکاریت بکەم»

« ئا. زۆر سوپاس» بە دڵەڕاوکێیەوە وامگوت چونکە نەمدەزانی ئەم کچە کێیە.باش بوو کچە خۆی دەست پێشخەر بوو بە دەنگێك پڕ لە باوەڕبەخۆبوونەوە گوتی «من ناوم سەمایە، سەرقاڵی یارمەتیدانی ئێزدییە ماڵوێرانەکانم، نەك لەبەر ئەوەی

که وەکو خۆم ئێزدین، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤ حەز دەکات پێ بەسەر مرۆڤدا بنێت، حەز دەکەم ئەو ڕێچکەیە بشکێنم بڵێم نا مرۆڤ هێشتا ماوە مرۆڤی دیکە لە قوڕاوی ئەم ژیانە رزگار بکات.»

تف لە دەممدا وشك بوو، سەما؟ وای چەند ناوێکی جوانە، سەما کە قسەی دەکرد هەستت دەکرد دەنگی کەمانچەیەکی سپییە بە دەستی (موجتەبای میرزادە)وە و پارچە موزیکێکی غەمگین دەژەنێت، تەمەنی هەر نۆزدە ساڵێك دەبوو، بەڵام کە دەپەیڤی هەستت دەکرد سەرە ژنە، بە ساڵانەوە ڕۆیشت لەو دیو دەرگاکە وەستا وەکو ئەوەی بڵێت. ئیتر درەنگە با بڕۆین یارمەتیەکەت بدەم. خێرا جانتاکەم هەڵگرت و ڕووی دەمم کردە کوڕە پۆشناخەکە «سەما، دەتوانێت من ببەیتە حزوری ئەو کچ و ژنانە؟»

سەما گوتی «بەڵێ. من سەرپشککراوم، وەکو گووتم دەتوانم یارمەتیت بدەم.با بڕۆینە لای پەرچەم، زۆر نابێت گەڕاوەتەوە، ناوی ڕاستەقینە و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونی لێ نەپرسی تکایە.»

«بە دڵنیاییەوە نەخێر هیچ ناپرسم، بڕۆین؟» کوڕە پۆشناخەکە هەستایە سەر پێ و سویچی ئۆتۆمبیلەکەی دەرهێنا و پێش من و سەما کەوت. ئەو شوێنەی بۆی دەرۆیشتن، گوندێك بوو

نزیکەی سی خولەك لە بنکەی لالشەوە دوور بوو، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن کارێك بکەم تۆزێك باسی ئاینەکەیان بکەن. لە پێشەوە دانیشتبوو، کوڕە بۆشناخەکە شۆفێری دەکرد و سەماش دەستی لەناو بەرگی قەمسەڵەکەی دانابوو بە کپی دانیشتبوو، ڕێگاکان باراناو کردبوونی بە قوڕاوێکی خەست. شوێنی لاستیکی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە پێشتر پێیدا ڕۆیشتبوون، دیاربوون. ڕووم کردە شۆفێرەکە و گوتم « دەکرێت بزانم جەنابتان ناوتان چییە؟»

« هاهاهاها. هێشتا زوو نییە؟» بەلاقرتێوە ئەوهای وەڵامدایەوە.

« کورە ئەوەندە مێشکم مژۆڵە هیچم بیر نەماوە، ئەو کەیسە ناوی خۆمانیشی بیر بردۆتەوە.»

« ناوم ڕەڤەندە، ئیش لەسەر ئێزدییەکان دەکەم و بە خۆشم ئێزدیم»

« تەمەن درێژ بیت کاکە ڕەڤەند، حەزم کرد شتێك لەسەر ئاینەکەتان لەسەر دەمی خۆتانەوە بزانم، ئێوە کێن؟» تۆزێك بەشەرمەوە ئەمەمم گوت.

«تۆ هاتووی بە دوای ئەو کچ و ژنانە دەگەڕێی کە گەڕاونەتەوە، چیت داوە لە ئاینی ئێمە؟ دەتوانی لە سەرچاوە و کتێب و شتەوە زانیاری وەربگری، گوێ بگرە با ڕووداوێکی ناخۆشت بۆ

بگێڕمەوە بۆ ئەوەی بزانی چی بەسەر کەسوکارەکانمدا هاتووە.
«زەنگی مۆبایلەکەم نەیهێشت ڕەڤەند بەردەوامی بە قسەکانی بدات، هەڵمگرت و چەند جارێك ناوی کەسێکم هێنا، باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئیشەکانم بەرەو تەواو بوون دەچێت و سەرچاوەی باشم دەستکەوتووە. مۆبایلەکەم داخستەوەو ڕەڤەند لێی پرسیم «تۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە چۆن دەناسی؟»

« کەس هەیە نەیناسێت؟ مەگەر ئەو داماوەش هەشت ڕۆژێك لەسەر ئەو شاخە گیری نەخوارد؟ هەموومان دڵمان لای بوو، ئینجا ڕۆژێك پێش ئەوەی بۆ ئێرە بکەومە ڕێ، پەیوەندیم پێوە کرد، بەڵێنی پێدام هاوکارم بێت.ئەوەتا ئێستا گوتی چیت کردووە، ئەوەم پێگوت کە تۆش گوێت لێبوو.»

بۆ ئەوەی باسەکەی بیر نەچێتەوە گوتی «دەبا باسی ئەو ڕووداوە ناخۆشەت بۆ بکەم، ئینجا بۆ زانیارت ئەمەی بۆت دەگێڕمەوە خەڵکی هەمان ناوچەیە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنوسەی کە ئێستا پەیوەندی پێوە کردی، ئەو کیژۆڵەیە کە بەڵاکەی بەسەر هاتووە خزمی نزیکی سەمایە.» لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە سەیرێکی سەمای کرد. سەما وەکو ئەوەی خۆڵی مردووانی بەسەردا بکەی ڕەنگ پەڕیوو، دانیشتبوو.داوای لە سەما کرد ئەو باسەکە بگێڕێتەوە، بەڵام سەما ڕەتیکردەوە هیچ باس بکات و دیسان بێدەنگ بووینەوە.

بۆ ماوەی چەند چرکەیەك بێدەنگبوون، لە پڕ ڕەڤەند تەلیسمی بێدەنگییەکەی شکاند و ڕووی دەمی لە لای ڕاستی کرد و گوتی «تۆ ئاگات هەبوو، ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەو تیرۆرستانە نرخیان لەسەر کچ و ژنەکان دانابوو.؟»

« نا، لە کوێ بڵاوکرایەوە؟»

« هاهاهاها چ ڕۆژنامەنووسێکی، چۆن دەبێت ئاگات لێ نەبێت؟»

دەمزانی کە بڵاوبۆتەوە و نوسراوەکەشم لابوو، بەڵام دەمویست بزانم ئەمان چۆن باسی دەکەن. ئەوجا ڕەڤەند گوتی «ماوەیەك بەر لە ئێستا لە بەڵگەنامەیەکدا چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیی بڵاویانکردەوە، گوایە بازاڕی فرۆشتنی ژنان و شتە دەستبەسەردا گیراوەکان دابەزینی گەورەی بەخۆوە بینووە. ئەوەش کاری کردۆتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و پارەدارکردنی موجاهیدەکان. هەربۆیە دەستەی (بیت المال) بڕیاریداوە نرخ لەسەر فرۆشتنی ئەو ژن و شتە دەستبەسەر گیراوانەدا دابنێت. دەبێت هەموو کەسێك پابەند بێت پێیەوە هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەو نرخانە بجوڵێتەوە ئەوا لە سێدارە دەدرێت.»

سەما تۆزێك لە کوشنەکەی خۆی هاتە پێشەوە بۆ بۆشایی نێوان شۆفێر و کەسی تەنیشت شۆفێر و بە کپی گوتی «ئەی

نرخەکانیان چۆن بوون؟»
ڕەڤەند لە داخاندا پێدەکەنی و گوتی « ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان سی بۆ چل ساڵ بێت نرخەکەی حەفتاو پێنج هەزار دینارە.ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان بیست بۆ سی ساڵ بێت نرخەکەی سەد هەزار دینارە.بۆ مێیینەکەی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان دە بۆ بیست ساڵی بێت سەدوپەنجا هەزار دینارە.ژنێکی پێگەیشتووی تەمەن چل بۆ پەنجا ساڵ نرخەکەی پەنجا هەزار دینارە.منداڵی تەمەن یەك ساڵ بۆ نۆ ساڵ نرخەکەی دوو سەد هەزار دینارە.باسیانیش لەوە کردووە کە ڕێگە نادرێت هیچ کەسێك لە سێ دەستکەوت زیاتر بکڕێت، جگە لەوانەی تورك و سووری و کەنداوییەکانن.»
سەما لە قوڵپەی گریانیدا و هیچی دیکەی نەگوت، ڕەڤەند بە دەستێکی ستێرنی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەی چاوی دەسڕی، ئەویش خۆی ماتکردبوو، قوڕگم پڕبووبوو لە گریان هەر ئەوەندەم لە دەم ترازا کە گوتم «ئەمانە کەمتیارن کەمتیار» سەما تووڕە بوو «تۆ غەدر لە کەمتیار دەکەی ئەوان نرخ بۆ نێچیرەکانیان دانانێن، ئەوان مەمکی کەروێشکە مێینەکان نابڕنەوە، ئەوان زۆر لەمان پاکترن.تکایە چیتر مەڵێ کەمتیار.»
« نا ببورە ڕەنگە بە هەڵە تێگەیشتبی، مەبەستم ئەوەبوو،

کەمتیارەکان لەسەر پاشماوەی نێچیرەکانیان دەژین، هەمیشە بۆنێکی پیسیان لێوە دێت. بەزۆری شەوان دەردەچن و بە ڕۆژ لە مۆڵگەکانیان دەمێننەوە.» بە شەرم و پچڕ پچڕییەوە وامگوت.

ڕەڤەند ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و گوتی «فەرموون، گەیشتنە ماڵی پەرچەم.»

ئێرە زۆر ناخۆشە، ماڵێکە لە هەموو شتێك دەچێت تەنها ماڵ نەبێت، ماڵەکەی پەرچەم پەنجەرەی لێ نییە، تاوەکو کزە با ساردەکان ڕابگرێت، دەرگای پێوە نییە، دەرگا؟! بە دەیان جار پێیان گوتووین «کوڕم دەرگاکە دابخە نەبادا پیاو خراپێك خۆی بکات بە ژوورە.» پەرچەم ئیتر ترسی لە پیاو خراپ نەماوە. چەندین منداڵی بێ دەرەتان لەبەر دەروازەی ماڵە تەواونەکراوەکان وەستاون هەر وەکو لیژنەی پێشوازی بن. ئەو هەموو منداڵە دەبینی کەمترین پێڵاوت بەرچاو دەکەوێت، بە پێ خاوسی بەو ناوەدا دێن و دەچن، منداڵێك تەمەنی هەرگیز لە شەش مانگ تێنەپەڕێت، بە باوەشی ژنێکی ڕەشپۆشی ماتەمگێڕەوە، منداڵەکەی دەترسێت، لە بەنی ئادەم دەترسێت. ئاخر بەنی ئادەم کارێکیان بەسەر دایکیدا هێناوە، ڕەنگە بە نیو سەدەی دیکەش بیری نەچێتەوە، ئەسڵەن ئەگەر مامۆستا هێمن موکریانی بمایە دەبوو شانازی بەو هەڵبەستییەوە بکات کە دەبێژیت:

چۆن نەبەم بۆ مەی و ومەیخانە پەنا تێگەیوم
لەم وڵاتە هەموشت زۆرە بەنی ئادەم کەم
لە هەموو جیهاندا، بەنی ئادەم کەمە، بگرە لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوین بەنی ئادەمەکان لە بێژنگ دراون. کوا مرۆڤ ماوە؟ دەبینی ڕووداوێکی هاتوچۆییە ژنەکە و منداڵەکەی بەر مەمکی لە ئاویلەکەدایە، ناڕوات یارمەتی بدات، وێنەی دەگرێت. باوکی پەرچەم هاتە بەر دەرگا و تەزبیحێکی کەهربی بە دەستەوە بوو، چەقەی ددانەکانی و دەنگی تەزبیحەکە لەیەکتر جیانەدەکرانەوە، داوای لە هەرسێکمان کرد بۆ ئەوەی دەرباز بین و بچینە ژوورەوە. ڕەتمانکردەوە و گوتمان ناکرێت بێینە ژوورەوە، بەڵام گوێی لێدەگرین ئەگەر قسەمان بۆ بکات، پاشان دەڕۆین. باوکی بە دەنگێکی نەوی ڕەڤەندی بانگ کردە پەناوە و پێی گوت «ئەو ڕۆژەی کە باسی ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، تا ئێوارە شیری منداڵەکەی نادات، یەکێکیش لە ئێمە بمرێت بەلایدا نایەت، توخوا زۆر پرسیاری لێ مەکەن. تەندروستی زۆر خراپە.»
ڕەڤەند گوتی «نا نا، ئەگەر حەز دەکات ئێمە دەنگ تۆمارکەرێکی دەدەێنێ، (ئاماژەی بۆ سەما کرد) ئەویش دەتوانێت پرسیار و شتەکانی لێ بکات نەوەکو شتێك بگێڕێتەوە شەرم بکات.» سەما و ڕەڤەند بە زاراوەی خۆیان تێیان گەیاند

کە لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتووم، بە نیازە کارێك لەسەر ئەو کچ و ژنانە بکات کە وەکو کچەکەی تۆ تووشی بەڵابوون و ڕزگاریان بووە. دواتر چووینە ژوورێکەوە، دیوارەکەی شێدار بوو، بنمیچەکەی بە نایلۆن و بزمار ڕووپۆشکرابوو، کەسوکاری پەرچەم بەخێر هاتنی کردین و لەسەر کومبارێك کە پێیەوە دیارە لە کۆنیدا ڕەنگی سوور بووە. خودا دەزانێت چەند بەکارهێنرابێت کە بۆسەی ڕۆژگار نەك بەتەنها مرۆڤ بەڵکو ڕەنگی ئەم کومبارەشی گۆڕیووە.

سەما و پەرچەم لە نزیك یەکەوە دانیشتن، گوێم لە چرکەی دەنگی دەنگ تۆمارکەرەکەبوو کە دەستیان بە قسەکردن کرد. ئێمەش هاتینە دەرەوە. هەروەکو ئەوەی شتێکی گەورە لە ناوەوە ڕوویدات، وردە وردە چەند پیاو و کوڕیژەگە کۆبوونەوە و باوکی پەرچەمیش تەنها فریای تەوقەکردن و ماچکردن دەکەوت، چونکە پەرچەم زۆر نەبوو گەڕابووەوە، کچەی پەرچەمیش لەو ناوە خەریکی گڕ و گاڵ بوو. ئیتر خەڵکی هەواڵی کامێرا بە دەستەکەیان دەپرسی، ڕەڤەند لە بری من وەڵامی خەڵکەکەی دەدایەوە کە بۆ کارێك هاتووم لەسەر ئەو کچانە کە لە دۆزەخ هاتوونەتەوە.

کوڕێکی ڕیش خەنەیی، ڕەنگ زەرد زۆر بە قووڵی مژی لە جگەرەکەی دەدا، دیار بوو ئەگەر بە دەستی ئەو بوایە حەزی

دەکرد هەرچی دووکەڵی کارگەی شارە پیشەسازییەکان هەیە، هەڵیبمژێتە سینەی، بێ ئەوەی هیچی بداتە دەرەوە. دەستی ڕەڤەندم گرت و چەند شەقاوێك لە خەڵکەکەم دوور خستەوە، هەواڵی کوڕە ڕیش خەنەیەکم لێ پرسی، ڕەڤەندم زۆر بە بێ دەنگی گوتی «ئەوە مێردی پەرچەمە، مەیکەرە قاڵ ئەگەر دەتەوێت بە خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم، تاوەکو خۆت بچیت هەموو شتێکی لێ بپرسی.»

بێ ئەوەی هیچ هەست بە دوو دڵی بکەم بە ڕەڤەندم گوت «بە قوربانت دەبم، بڕۆ بۆ لای تاوەکو نە ڕۆیشتووە، دەمەوێت بیدوێنم.»

ڕەڤەند بەرەو ڕووی ڕۆیشت، لە پڕ کەسێك هاتە ژوورەوە هەمووانی سەرسام کرد، ئەم کەسە کێیە؟ وا هەمووی بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو پیری ڕۆیشتن. مام عەبدۆ؟!! چی دەکات لێرە؟ بۆ لێرەیە؟ دواین کەس تەوقەی لەگەڵ کردم و پێی گوتم «ئەوانەماڵباتی منن، بۆیە تۆم ناردە ئێرە تاوەکو خەڵکی دیکە بناسی، ئەوجا دەمتوانی خۆم بتهێنم خۆم ئەوەم نەکرد.»

لە خۆشیا پێکەنین گرتمی و گوتم « مامۆ گیان زۆر سوپاست دەکەم، بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی جوانی.»

« نا من جوان نیم، زۆرجار زەمەن کارەێك دەهێنێتە ئاراوە، ناشرینترین کەست لا جوان دەکات، ئەگەر ئەم کارەە ڕووینەدایە،

زۆربەی سیاسییەکان لە هزری خەڵك نەمابوون، بەڵام ئێستا دەبینی دوای ئەمماڵوێرانییەی ئێمە، بە چەکە نوێیەکانیان لە کەناڵەکان دەردەکەون، خەڵکی خۆی بە قوربانی غیرەتیان دەکات. ئەگینا هەیە لەوانە دەستی سوورە بە خوێنی هەزاران کەس. کەچی ئێستا وەکو پاڵەوانی جەنگ دەردەکەوێت.»

« وەکو کێ؟ مەبەستت چییە؟» دەمویست قسەی لێ دەربهێنم.

« تۆ مەگەر ڕۆژنامەنوس نیت؟ خۆت بۆ نارۆی بە دواداچوونی بۆ بکەی؟ دەترسیت بە دەردی ئەوانی دیکەت ببەن؟»

« نا من ناترسم باکم بە مردن نییە، بەڵێ تۆ دەڵێی هەن و وەکو پاڵەوانی جەنگ دەردەکەون وتم بزانە کێن؟» لای ئێمە وادەزانن ئەوەی ڕۆژنامەنوس بێت هەموو شتێکی پێدەکرێت، بێ ئاگان لەوەی نیوەی ڕۆژنامەنوسانی ئێمە لە پێناو بژێویدا ئەو کارە دەکەن.

« ئەو پرسیارە بۆ خەڵکی هەڵگرە» دەستی چواردەوری خۆی ڕاکێشا و گوتی « هەموویان دەزانن دۆنکیشۆتەکان کێن» بەردەوامی بە گوتارەکەی دا و بە زاراوەکەی خۆیان گوتی

«شوکر هۆشیارە (عەبدۆ) تێدەگات دنییێ خەراباتە،

کە بەدە مەستی بکات ئەهلی خراپەی بۆچی لێدەگرم

من تۆزێك ئیشم هەیە لەگەڵ باوکی پەرچەم، پشووی خۆت

وەربگرە.» زۆر بە بڕوا بە خۆبوونەوە ئەو هەڵبەستەی مەحوی دەربڕی.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی قسەکانی عەبدۆ چاوم کەوتە سەر ڕەڤەند لەگەڵ مێردەکەی پەرچەم قسەیان دەکرد، لەو ساتەداحەزم دەکرد هێندەی شەمشەمەکوێرەیەك هەستی بیستنم هەبوایە، بۆ ئەوەی بتوانم گوێ بگرم، پەرچەم چی بۆ سەما دەگێڕێتەوە و ڕەڤەندیش چی بە مێردەکەی پەرچەم دەڵێت. ڕەڤەند بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم کە بچم دابنیشم و بەشداری قسەکانیان بکەم. چاوم کەوتە سەر عەبدۆ کە دەستەسڕەکەی لە بەرکی دەرهێناو چاو ڕیپۆقاوییەکانی دەسڕی، دیاربوو لە نێوان باوکی پەرچەم و عەبدۆ بارانی تراژیدیا باریبوو.بەرەو ڕوویان ڕۆیشتم و مێردەکەی پەرچەم وەکو ڕێز هەستایە سەر پێیان و توند دەستی گوشیم و بە خێرهاتنی کردم، خۆی ناساند و گوتی «من ناوم روودی»یە.

دەستم لەناو دەستیدا بوو گوتی «خۆشحاڵم. ئەگەر بکرێت بڕۆینە دەرەوە و چەند قسەیەك بکەین.»

« بەڵێ، بەڵێ، کەرەمکە.» بە دەست ڕێنویی کردم بۆ دەرەوەی دەرگای حەوشە.

سێ و چوار شەقاومان هاویشت و عەبدۆ بانگی لێوەکردم «وەرە، وەرە با ئەم کوڕە شتێکت بۆ بگێڕێتەوە دڵنیام بۆ تۆ

سوودمەند دەبێت.»

بە نابەدڵییەوە و خۆم و رودی گەڕاینەوە. عەبدۆ ئاماژەی بۆ کوڕێکی گەنج کرد گوتی « دەی ئەوەی ئێستا بۆت باسکردم بۆ ئەمی باس بکە.» کوڕە گەنجەکەش وەکو ئەوەی دەستکەوتێکی گەورەی چنگ وەکەوتبێت سەیرێکی ئامادەبووانی کرد و گوتی «ئەمڕۆ وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق شتێکیان بڵاوکردەوە کە سەرکردەیەکی داعش بەناوی ئەبوئەنەس ئەللیبی لە شاری فەلوجە سەد و پەنجا ئافرەتی کووشتووە کە کچ و ژنی دووگیانیان لەناودا بووە، دوای ئەوەی ئەو ئافرەتانە بیرۆکەی جیهادی نیکاحیان ڕەتکردووەتەوە کە لەلایەن داعشەوە کاری پێدەکرێت. چەکدارانی داعش لە شاری فەلوجە کردەوەی کووشتنی بەرفراوانیان ئەنجام داوە و قوربانییانیان لە گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەکانی زەغارید و گەڕەکی ئەلجولان و ناحیەی سەقلاویە کردووە بەژێر گڵەوە.» عەبدۆ نەیهێشت قسەکانی کورە گەنجەکە تەواو بێت و خۆی دەستی بە قسان کرد «منیش دوێنی گوێم لە ڕادیۆیەکی عەرەبی بوو بیستم کە چەکدارە توندڕەوەکان، مزگەوتی (حەزرە المحمدیە)ی فەلوجەیان کردووە بە گرتووخانەیەکی گەورە کە سەدان دەستبەسەرکراوی ئافرەت و پیاوی تێدایە کە دژی کردەوەکانیانن».

کوڕە گەنجەکە وەکو ئەوەی بە دەورووبەرەکەی بڵێت «منی باڵا» ئاگام لە زۆر شت هەیە و قسەکانی لە دەمی عەبدۆ وەرگرت و گوتی « بەری دوو ڕۆژان هەڤاڵێکم نامەیەکی بۆ ناردم کە لە ئەنتەرنێت نوسراوە ، توخوا یەك خولەك با هەر نامەکەتان بۆ بخوێنمەوە.»

عەبدۆ بزە گرتی و روودی و ڕەڤەند سەیری دەستی کوڕەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی خێراتر مۆبایلەکەی دەربهێنێت و بیخوێنێتەوە، مۆبایلەکەی گرت بە دەستەوە و بەناو نامەکاندا دەگەڕا نامەکەی دۆزییەوە گوتی «نووسراوە، ژنێکی بەریتانی مامۆستای میوزیك ، کە سەرقاڵی فێرکردنی کچان بووە لەسەر ژەنینی ئامێری گیتار، پیشەکەی گۆڕیوە بۆ ئامادەکردنیان بۆ چوون بۆ ناو داعش و ڕازیکردنیان بە شووکردن بە موجاهیدەکانی ئەو گروپە چەکدارە لەناو خاکی سوریا و عیراق.ڕۆژنامەی سەندەی تایمز بڵاویکردۆتەوە، سالی جۆنز ئەو ژنە موزیسیانەی»

یەك دووجار وشەی موزیسیانی حونجە دەکرد و ئەوجا بەردەوام بوو لە خوێندنەوەی نامەکە « سالی ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ عایشە، پەیجێکی دروستکردووە و خۆی بە حەڤدە ساڵێك نیشانداوە، بەمەبەستی وروژاندن و هەڵخەڵەتاندنی کچان تا بچنە ناو داعش و شوو بە چەکدارەکانیان بکەن.ڕۆژنامەکە دوای سێ مانگ لێکۆڵینەوە لەپەیج و چالاکییەکانی ئەو

ژنە، بۆی دەرکەوتووە کە عایشە ناوی ئەسڵی سالی جۆنز-ە و ڕەگەزنامەی بەریتانی هەیە.عایشە لەپەیجەکەیدا هانی ئەو کچە گەنجانەی وڵاتەکەی داوە، کە «گەر بچنە ناو داعش، خوا لێیان خۆشدەبێت و گوناهەکانیان دەسڕدرێتەوە» بەڵێنیشی داوە لە «سوریا ژیانێکی ئارام و ئاسودەیان بۆ دەخوڵقێنێت و ڕێگەیان بۆ ئاسان دەکات لەگەڵ چەکدارانی داعش ژیانی هاوسەرییان بۆ ڕێکبخات، بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە، جۆنز تەمەنی چل و پێنج ساڵە و خەڵکی (کینت)ە لەناوەڕاستی ئینگلتەرا، لەگەڵ منداڵەکەیدا بەناوی (جوجو) چۆتە سووریا و شووی بە گەنجێکی بەریتانی کردووە کە خەڵکی بێرمینگهامە، خۆشی ناو ناوە (سەکینە حسێن) کوڕەکەشی ناو ناوە (حەمزە)، بەڵام بەناوی عایشەوە خۆی بە کچانی بریتانیا ناساندووە.جۆنز نووسیوێتی «ئەگەر ویستت لە سووریا بژیت، ژیانێکی خۆش دەبەیتە سەر و پارە و ماڵت ناوێت، پیاوی باشی لێیە و دەتوانیت شووی پێبکەی، کە زۆر چاودێریت دەکەن».

باوکی پەرچەم ناخود ئاگایی و بێ ئەوەی وا هەست بکات خەڵکی لێیە لە ژێر لێوەوە گوتی «بی ناموس، قەپك.» دەموچاوی زەرد هەڵگەڕا.

عەبدۆش بۆ ئەوەی دەوربەر بخاتە پێکەنین گوتی «بە ڕاستی برادەرکەت پارەدارە و خوا رزقی بدات، ئەمەی بە چەند نامە

ناردووە؟ خۆ ئێستا کۆمپانیای تەلەفۆنەکانی بەرپرسان خەنی دەبن ئەگەر هەر کەسێك و ڕۆژی یەك نامەی ئەوها دوور و درێژ بنوسێت.»

هەموویان لە قاقای پێکەنینێکی تاڵیان دا. ئەمەم بە هەل زانی و دەستی رووەی  مێردی پەرچەمم گرت و بەرەو دەرەوە رۆیشتین، دیار بوو ئەمجارە گەڕانەوەمان نەبوو. گەیشتینە ئەو دیوی دەرگای حەوشە و پاڵماندا بە حەساری ماڵە وێرانەکە و سەر و جگەرەمان داگیرساند و لە قسە کردن دەستپێشخەریم کرد و گوتم «ئەو رۆژەی پەرچەم کەوتە دەست چەکدارانی داعش تۆ لە کوێ بووی؟»

بە هیچ جۆرێك سەیری چاوانی نەدەکردم، ئەوجا زۆر بە کاوەخۆیی گوتی «حەز دەکەم لە سەرەتاوە بۆت بگێڕمەوە، نەك بە تەنها پەرچەم، من یارانی خوشکیشم کە تەمەنی سیازدە ساڵە، ئێستا لەبەر دەستی ئەوانە.» ڕوندك بەسەر تاڵە ڕیشەکانی هاتە خوارەوە و نەیهێشت دەم بکەمەوە، درێژەی بە قسەکانی دا. «من و پەرچەم لە تەمەنی منداڵیەوە بە یەکەوە بووین، لە ناوەندی خوێندنگاکانمان جیاکرانەوە، کچان بە جیا و کوڕانیش بە جیا، ئیتر وردە وردە بەرەو گەورەبوون دەچوین زۆرجار بە بزەیەك یاخود بە سەیرکردنێك گوزارشتمان لە خۆشەویستی خۆمان دەکرد، بە تێپەڕبوونی کات قۆناغی ئامادەییمان تەواوکرد و

خودا کردی، لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراین ، من لە بەشی زمانی کوردی و ئەویش لە بەشی زمانی ئینگلیزی. تا ڕۆژێك خۆم پێ نەگیرا و ڕۆیشتم بەرۆکم گرت، دوای چەند ڕۆژێك ڕەزامەندی پیشاندا کە دوای تەواو بوونی زانکۆ بۆ هەمیشە پێکەوە بژین. تا بڵێی یەکمان خۆشدەویست.هەموو ڕۆژێك پێکەوە بووین، زانکۆمان تەواوکرد و دانەمەزراین، سوور بووم لەسەر بەڵێنەکەی خۆم، ئەو شەوە کە بڕیاربووماڵەوەمان بچنە داوای تاوەکو بەیانی چاوم لەگەڵ ئەستێرەکان دەیانجریواند، تۆ بڵێی من و ئەو بەیەك بگەین؟ ئاخر تۆ نازانی ئەو انە چەند سەختە بۆ دوو کەس کە دەیانەوێت تا ئەبەد پێکەوە بژین و ڕێگریان لێبکرێت، خۆ تۆ خۆت دەزانی ئەم کۆمەڵگەیە چۆنن، سبەینێ بوو باوکم و مامەکانم ڕۆیشتنە پێشەوە و دەپاڕامەوە و وێردم دەخوێند، لە پڕ زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، پەرچەم بوو، لە خۆشیا دەگریا، گوتی روودی گیان ئێمە دەبینە ژن و مێردی یەکتر. وای لەو انە چەند خۆش بوو، دڵم چەشنی ئەو کەوە بوو کە ماکەوەکەی لە دەرەوە ئازادانە دەخولایەوە، لە خۆشیا خۆی دەکێشا بە قەفەسەی سنگمدا. مارەم کرد و خێرا گواستمەوە، دوای حەوت مانگ خودا کچێکی جوانی پێ بەخشین، لەبەر خاتری ئەو هۆنراوەیەك کە پێشتر ئەزبەرم کردبوو، لە پەنا و پاسارەکانی زانکۆ بۆم دەگوت کچەکەم ناونا (نەی).»

زۆرجار خەم و کەسەرم هەبوایە دڵم توند دەبوو، لێوم ڕەش دادەگەڕا. ئەوجا هەناسەم سوار دەبوو، خۆ چەند جارێکیش سەردانی پزیشکیم کردبوو، پێیان دەگوتم هیچ نییە ماسولکەکانت کەنفت بوون. من دەمزانی دەردەکەم شتێکی دیکەیە، گەورەترین کێشەی من ئەوەیە هەمیشە بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە، بۆیە هەر کاتێك فشار لەسەر ڕۆحم دروست بێت، جەستەم هۆشیاریم دەداتێ. ئەوەی کە روودی گوتی ناوی کچەکەمان نا (نەی)، ئەگەر ئاوێنە هەبوایە، ئەوا دەمزانی لێوم ڕەشداگەڕاوە.منیش سەردەمێك دەمەویست لەگەڵ ئەو کەسەی بەڵێنمان بە یەکدابوو ناوی کچەکەمان بنێین (نەی)بەڵام... بۆ ئەوەی پێمەوە دیار نەبێت قسەکانی روودیم بڕی و گوتم «ئەوە هۆنراوەی کێیە؟» رودی گوتی «ئەم بەیتە هی هۆزانڤانی گەورە مەولانا جەلالەدینی مەولەویی بەلخییە دەڵێت:

بشنو از نی چون حکایت میکند

از جدائیها شکایت میکند.»

«فەرموو بەردەوام بە.»

« خۆت دەزانی دوای وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆ دامەزراندن نییە، پارچە زەوییەکی باوکم هەبوو فرۆشتم و توانیم بەو پارەیە تاکسییەك بکڕم، دەمتوانی کەم و زۆر ژیان بەرێ بکەم، زۆر دڵخۆش بووین پێکەوە، باوکم و دایکم و یەك خوشکم هەبوو،

داپیرەم خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، کوێر بوو پاشان لە پەل وپۆش کەوت.»

« ئەی ئێستا داپیرەت لە کوێیە؟» دەمویست بە کەمترین ماوە زۆرترین زانیاریم دەست بکەوێت.

«ئەزیزم، من هاتووم باسی خۆمت بۆ دەکەم، ئەگەر پەلە نەکەی هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.» روودی بە بێزارییەوە وایگوت

« نا ببورە لە پەرۆشیم بۆ کەیسەکە بۆیە ئەوها دەپرسم.» خەجاڵەتیم کێشا کە رودی بە ڕاشکاوی ئەوها وەڵامی دامەوە.

« باشە بوراوی، دراوسێکانی ئێمە لە شەنگال هەندێکیان عەرەب بوون و لە منداڵیەوە یاریمان پێکەوە دەکرد. ڕاستە زۆرجار جیاوازیمان تەنها زمان و هەندێك جار جلوبەرگ بوو، بەڵام نەتەوەپەرەستی و خوێنی ڕەشەکوژی لەناخی منداڵەکانی جاران و داعشەکانی ئێستا لە لاربوونەوەیەکی زەمەن کە بەسەرماندا هات دەردەکەوێت، برام سەرت بە ژان نەهێنم ئەو شەوەی بڵێی بەیانییەکەی ماڵوێران دەبین، کاتژمێر نزیکەی دوانزدە بوو پەرچەم لە خەو ڕابوو، گوتی دەترسم، خەونم بینیووە یەك و دوو جاران پێمگوت هیچ نییە مۆتەکە و شت بووە، چونکە زۆر نابێت تۆ بوویت بە دایك، لە زانستی دەروناسیدا باس لەوە دەکرێت زۆر جار ڕەگەزی مێ کە دەبن دایك توشی ترس

دەبن، ڕەنگە هی ئەوە بێت. پەرچەم هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی خەوەکەی ترسناکە، پێم گوت دەی بۆم بگێڕەوە ، پەرچەم لە خەونیدا بینیبووی نەی بە دەمی گورگێکەوەیەوە و بەرەو تەلەعفەر دەیبات، نەی هەر دەگری کەس ڕێگری لەو گورگە ڕەش و سپییە ناکات. بوو بە کاتژمێر دووی سەر لە بەیانی دەنگی تەقە دەهات زۆر نزیك بوون، هەموومان لە خەو ڕابووین، بزانین چ باسە، گوتیان ئەرەوەڵا داعش هات. ئیتر ئەوەی من بینیم ناکرێت، باس بکرێت. خۆزگە ئەو شەوە هەرگیز ڕۆژ نەبوایەتەوە. بەیانییەکەی باوکم گوتی کوڕم تۆ فەلت بکە، چونکە بە پێی قسەی خەڵکی ئەوان تەنها کوڕ و پیاوی گەنج دەکوژن، ئەوە بوو من هەڵهاتم، پەنام بردە بەر شاخێکی نزیك خۆمان، برادەرێکم دوور بینێکی پێبوو جار جار سەیرمان دەکرد بۆ ئەوەی بزانین ناوەوەی شەنگال چ باسە، بە مۆبایلیش پەیوەندیم بە ماڵەوە دەکرد کە ڕەوشی ئەوان چۆنە. دوو رۆژ بوو ئەوهاماینەوە، ئەوان دەستیان بەسەر تەواوی شەنگالدا گرت، تەواو ئیدی من هەڵهاتم ئاگام لە کەسیان نەما. دواتر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە زانیم چەکدارانی داعش داپیرەمیان هێناوەتە ناوەڕاستی کۆڵانەکەمانەوە و فیشەکێکیان بەسەرییەوە ناوە! چ کارەێکە ئیلاهی پیرەژنێکی نابینا بکوژی؟ لە پێناو کام ئایین و کام ئایدیا دەستت بچێتە پەککەوتەیەك. تاوەکو ئەو زاڵگەیەی

که بەرەو دهۆك دێی، باوکم لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ من دوای ئەوەی چەکداران گرتیان ئاگام لەوانیش نەما.»

« بە چ ڕێگەیەك زانیت پەرچەم کەوتۆتە دەست چەکدارانی داعش؟» باری دەروونیم تەواو تێکچوو بوو کاتێك ئەو پرسیارەم کرد.

« وەڵا برام، خۆ ئەوانە دەڵێن داعش هەموویان داعش نەبوون، بە خوا کوردی سۆرانی خۆمانی تێدابووە لە تەلەعفەر لەگەڵ ژن و کچەکانی ئێمە قسەی کردووە. منیش زانیم پەرچەم و نەی، کوڕێکی هاوڕێی منداڵێم کە لە نەتەوەی عەرەببوو، سەرپەرشتی دابەشکردن و فرۆشتنی کچەکانی ئێمەی کردووە. تا ئێستا چارەنوسی خوشکەکەم و دایك و باوکم نازانم، ئەزانی چۆنە...»

دەنگی قیژە و وا وەیلا دەهات، هەردووکمان بە پەلە پڕووزە خۆمان کرد بە ژووردا، لەناو چەند کەسێکدا، چاوم کەوتە سەر سیمای سەما، کە بە پەرداخێك ئاوەوە بەرەو ژوور ڕادەکات. باوکی پەرچەم هەمچوون ئەو دایکەی سێ رۆڵەی لە یەك ڕۆژدا تەرمەکانیان هێنرایەوە بەر دەستی. لە خۆی دەدا و خۆی دەڕنییەوە. هەر دەیگوت و دەیگوتەوە « نەمگوت با باسی بەڵاکە نەکات، خراپی لێدێت.»

عەبدۆ وەکو جەنگاوەرێکی نەدۆڕاو لە ناو هەموویان سنگ دەرپێوو دەستی نەوازشی خستە سەر شانی باوکی پەرچەم و

گوتی «هیچ نییە پس مام ، لە مێران بەڵا دەقەومێت.» ئارەقەی ساردم دەردەدا، چونکە هەستم دەکرد، هۆکاری بێتاقەتی پەرچەم و بنەماڵەکەی من بووم، روودی زوو درکی بە شتەکە کردوو نەی گرتە باوەشەوە و گوتی «هیچ نییە لەوەتەی ئازاد بووە ئەوە چەندین جارە وای لێ بێت، لو لو لو لو لو» یاری لەگەڵ کچەکەی دەکرد.

پەرچەم هاتە دەرەوە سەما بن باڵی گرتبوو، هێنایان تاوەکو هەوایەك هەڵبمژێت، بە ئاماژە داوام لە ڕەڤەند کرد کە بڵێت ئێمە دەچین، بە شەرمەوە هاتمە پێشەوە و داوای لێبوردنم لە ئامادەبووان کرد کە من هۆکاری بێ تاقەتی ئەوان بووم. عەبدۆ گوتی «نا هیچ کێشە نییە، دەزانم ئێوە سەرتان قاڵە و دەبێت برۆن، ڕەڤەند ئەوەی پێمگوتی ئەویشی بۆ ڕێك بخە.» ماچی باوکی پەرچەم و روودیم کرد و بەرەو ئۆتۆمبیلەکە بەڕێکەوتین. سەما بێ ئەوەی بهێڵێت کەس هیچ بڵێت ڕیکۆردەرەکەی داییەوە دەستم و گوتی «وای من بمرم، چیمان بەسەر هاتووە، وای. باش بوو، چل و حەوت خولەکم ڕێکورد کرد.» من و ڕەڤەند ورتەمان لەدەم نەهاتە دەرەوە.

تێنووسە بچوکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکە وایکردبوو کە پێنووسەکە بە خۆشی لەسەر پەڕە سپیەکە نەیدەنووسی، وەکو ئەوەی هێڵکاری دڵ بکێشم نوسیم

« مرۆڤەکانی ئێستا ئەوهان تا ئەو کاتە ئیشت بە کەسەکانە لەگەڵیان دەبیت. چیتر پەرچەم، روودی، باوکی پەرچەم نابینمەوە، ئەوان خەمەکانی خۆیان بۆ خۆیان دەبێت، منیش دەڕۆمە لای ژیانەکەی خۆمەوە. نە دەبوو مرۆڤەکان خەمی یەکتر هەڵبگرن؟ هەست دەکەم دڵم بە سستی لێ دەدات و جەستەم ماندووە.خۆم بەو پیاوە دەبینم کە بە پارە بۆ چەند کاتژمێرێك لەگەڵ سێکسفرۆشێکی سێکس دەکات و دەڕوات. ئیدی بیری ئەو کەسە ناکاتەوە لەگەڵ چ ڕۆحێکدا خەوتووە، من دەمەوێت هەموومان تا ئەبەد کارەکانی گەلەکەمان بیر نەچێتەوە. دەی گریمان ئەوە من ئەوها بووم؟ خۆ هەموو مرۆڤێك وا نییە.» تێنووسەکەم هەڵگرتەوە و ڕووم لە رەڤەند کرد و گوتم «کاکە ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟»

ڕەڤەند دەنگی سروودەکەی کزکرد کە لە بڵندگۆی ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەردەچوو و هاواری دەکرد « ئێمە کوردین تێکۆشەرین نابەزین...» و بێ ئەوەی سەیری لای دەستە چەپی خۆی بکات گوتی «تاوەکو گەڕەکێکی شارە دێی شاریا دەچین، کیژۆڵەیەك ڕزگاری بووە ئەویش بەڵێنی داوە قسەمان بۆ بکات.»

سەما بە ددانەکانی خەریکی کرتاندنی نینۆکی پەنجە تووتەی بوو، تفێکی کرد بۆ ئەوەی وردە نینۆکی بن ددانەکانی بێتەوە

دەرەوە گوتی «ڕەڤەند تۆ نەتگوت پەتو و خۆراك بۆ ئەو ماڵە دەهێنم؟ بۆچی لەبیرمان کرد؟»

وەکو ئەوەی نەیەوێت وەڵامی سەما بدەتەوە و هەست بە تاوان بکات، دەنگی ڕادیۆییەکی زیادکرد و خۆی بەسەر ستێرنەکە شۆڕکردەوە. بێژەرێکی دەنگ ناخۆش، کە هەر دیارە لە یەکەم هەواڵیدا هەواڵی دڵتەزێن بڵاو دەکاتەوە و دەستی بە قسان کرد «گوێگرانی ئازیز، فەرموون لەگەڵ سەردێڕی هەواڵەکان، سەرۆك وەزیرانی...» سەما هاواری لێبەرزبوویەوە کە دەنگەکە کز بکات، چونکە پەیوەندی تەلەفۆنیی بۆ هاتووە. ڕەڤەند لە داخا رادیۆکەی کوژاندنەوە. سەما کۆتایی قسەکانی بەوە تەواو بوو» هەر دەگەڕێینەوە بۆ ماڵ بۆ کوێ دەچم؟ کوێ هەیە بۆی بڕۆم. خوات لەگەڵ.»

ڕەڤەند لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی خێرا ڕادیۆکەی داگیرساند و بێژەرە دەنگ ناخۆشەکە گوتی «گوێگرانی هێژا سەرنجتان بۆ دواین هەواڵ ڕادەکێشین، چەکدارانی داعش لە ڕێگەی گۆڤاری (دابق)ەوە کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت ئاشکرایانکردووە کە ئەوان ژمارەیەکی زۆر لە کچی ئێزیدیان فرۆشتووە.ئەوەش لە پاش ئەوەی دەستیان بەسەر چەند گوندێکی ناوچەی شەنگال گرت لە خۆرئاوای موسڵ. ئەو دانپێدانانە لە پاش ئەوە دێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بەربڵاو باسیان لە بازاڕی

فرۆشتنی ئەو کچانە دەکرد لە موسڵ و ڕەقەی سووریا.سەرەتا کاتێك باس لە بازاڕی فرۆشتنی ئەو کچانە لە سووریا و عیراق و بە تایبەتی لە موسڵ دەکرا.بە لای هەندێك کەسەوە وەکو پڕوپاگەندە دژی داعش سەیر دەکرا، بەڵام ڕاستییەکان بەدەرکەوتن. دواتریش ئاشکرا بوو کە نزیکەی سەد کچ و ژنی کوردی ئێزدی وەکو (سبایە) لە ناوچەی شەنگالەوە بۆ ڕەقە گواسترانەوە و هەندێکیان لەوێ فرۆشراون.

بێژەرەکە ڕاستی گوت، پێش ئەوەی من بەرێ بکەوم، گۆڤاری دابق کە لە چەند رۆژی ڕابردوو بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراییەوە و زمانحاڵی داعشە، بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (زیندووبوونەوەی کۆیلایەتی لە پێش قیامەت) بڵاوکردۆتەوە و تێیدا نووسیبوویان «سروشتی نییە کەمایەتیە ئێزدییەکان لە دەشتەکانی موسڵ بە تایبەتی و عیراق و سوریا بە گشتی بمێننەوە.چونکە محەمەدی پێغەمبەر وتویەتی نابێت مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوبەش دروستکەرانە بکرێت کە نایانەوێت بێنە سەر ئاینی ئیسلام. ئاماژەشیان بەوە کردبوو، کە ئێزدییەکان شەیتان پەرستن. کاتێك پێش ئەوەی بچنە ناوچەی شەنگالەوە چەند خوێندکارێکی داعش لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئاینی ئێزدییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن کردنیان لەگەڵیان کردووە.»

سەما یەکبەخۆ لە پڕمەی گریانی دا، ڕووی دەمی لە من

کرد و بە گەرووی پڕگریانەوە گوتی «تۆش موسڵمانی نا؟ ئێمە بۆ شەیتانپەرست بین؟ باشە خۆ نیوەی ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن شەیتانپەرست، خۆیان وێنەی شێخ و پیاو چاك و موفرکی مردووان لە ماڵ هەڵدەواسن. وای دانێ شەیتان پەرستین. کچ و ژنمان بفرۆشن؟ .»

سوێند بەخواکەی ناخم نەمدەزانی چی بڵێم؟ هەروەکو ئەوەی منداڵێك کەتنێك بکات و نەزانێت چۆن پینە و پەڕۆی بکات چەند وشەیەکم بڵماند و گوتم «من ... من نوێنەری موسڵمانان نیم. پێم خۆشە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە بژین.» بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵبووم، ئەوجا زیاتر درێژەم پێدا» نزیکترین هاوڕێیەکانم کاکەیین، شانازییان پێوە دەکەم، هەمیشە نەتەوە لە سەرووی ئایینەوە بووە، چونکە کاتێك مرۆڤ زمان دەگرێت بە زمانی دایکی دەپەیڤێت و دواتر ئایینی باوك و دایکی وەردەگرێت، هەڵەی ئێمە ئەوەیە خۆمان ئایین ناناسین لە ڕێگەی کەسانی گەورەتر لە خۆمانەوە خودا و پەیامبەرەکان دەناسین. بۆ نمونە ئێستا ئەگەر من لە تەمەنی هەژدە ساڵی ئاینم هەڵبژاردبایە لەوانە بودایی، یاخود هیندۆس ببوایەم.»

ڕەڤەند هەستی کرد وەختە دەبێتە شەڕە قسە هاتە ناوبژیوانمان و دەستی گرتم و گوتی «لێی مەگرە، دڵی پڕە لەوەی بەسەرمان هاتووە.سەما ڕۆحی بە بێدەنگی سەما دەکات»

« نا. باوەڕ بکە تێدەگەم، وەکو گوتم من نوێنەری موسڵمانان نیم.»

« ببورە، مەبەستم نەبوو هێرش بکەمە سەر تۆ.» سەما فرمێسکەکانی سڕی و وایگوت.

شاریا ئەو شوێنەی بە سەدان ژن و منداڵ و پیرەمێردی ئێزدیی لە خۆی گرتووە، ژیان لەوێ سەختە، خەڵکی تەواو بێزارن لە ژیان، لە بوون، لە خودا. هەریەکێك لەوانە سەرگوزشتەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەم کیژۆڵەیە کە ئێمە بۆ سەردانی دەڕۆیشتن، جیاوازتربوو لەوانی دیکە، لەبەر دەرگای خانوویەکی تەواو نەکراوی دوو نهۆمی وەستاین. ژنێك جلێکی کۆنەی زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتری لەبەر بوو، منداڵێکی ساواش لە باوەشیدایە بە ڕووی ژیاندا پێدەکەنێت، هات بە پیریمانەوە و بە خێرهاتنی ڕەڤەند و سەمای کرد و منیش وەکو جوجکە غەریبە لە پشتیانەوە خۆم مەڵاسدابوو. منداڵێکی بچکۆڵە هاتە پێشەوە و لە ژێر دەمی ڕەڤەند قاچەکانی لە زەوی گیرکرد و سەری بەرزکردەوە و پێی گوت «تۆ پێت وتم، بۆ بوکەڵەکەت مەگری، بوکەڵەت بۆ دەهێنم. ئەی کوا؟.»

ڕەڤەند دەستی خستە سەر منداڵەکە و ئاورێکی بە لای من و سەما دایەوە و پێی گوتین «ئەو کاتەی تازە لە شاخ رزگاریان بوو. ئێمە بۆ هاوکاریکردنیان ڕۆیشتن، تەماشا دەکەم، بە کوڵ

دەگری، ئاومان پێدا سودی نەبوو، نان، جلوبەرگ. تاوەکو پوری (دەستی بۆ ئەو ژنە ڕاکێشا کە لەبەر دەرگا پێشوازی لێکردین) گوتی ئەوە بۆ بوکەڵەکەی دەگری کە لێی بزر بووە. ئیدی مردم و زیندوو بومەوە. (سەیری چاوی منداڵەکەی دەکرد و گوتی باشە بە خودا بەیانی دەگەڕێمەوە بۆت دەکرم بەخوا، بەڵێنت پیێ دەدەم.» ڕەڤەند مەسەلەی بوکەڵەکەی چارەسەرکرد و ڕووی کردە ژنە پێشوازیکەرەکە گوتی « کوا لە کوێیە؟ با نەترسێت و خەمی نەبێت ئەمە خۆمانەیە و نە ناوی دەبات نە وێنەشی دەگرێت.»

ژنەکە وەکو فەرماندەیەکی سەربازی دەنگی بەرزکردەوە «مەیلیێ؟ کچێ مەیلیێ؟ وەرە کاك ڕەڤەند هاتووە» ڕووی لە ئێمە کرد و سەرپۆشەکەی ڕێکخست و گوتی «شەرمیێ دەکات، ناحەقی نییە، چیتان بۆ بگێڕێتەوە؟ بڵێ ئەو زۆڵە قەحپە شیرانە وایان لێکرد؟ کوێراییم دا بێت. مەیلیێ گیان وەرە ئەمانەش کەسی خۆمانن، سەربەرز بە کچم سەربەرز»

بیێ ئەوەی هەست بە ترپەی دڵ و شەقاوەکانی بکەی، مەیلیێ هات، بۆ دەبێت مرۆڤ لەیەکەم نیگاوە دەست بە بەراود دەکات؟ ئەمە لە فڵانە کەس دەچێت، یاخود پێکەنینەکەی لە فیسارە دۆست و خۆشەویستت دەکات، لە کوردەواریدا دەڵێن « فڵان کەس سێوێکە و لەگەڵ فیسار کراوەتە دوو لەتەوە.» مەیلیێ

و ژنە شاعیری فارس فروغ فرخزاد نەك سێوی لەتکراو، بەڵکو وەکو ئەو دوو دانە گێلاس وابوون بە چلێکەوەن. بە بینی مەیلێ مرۆڤ قەسیایی دەکرد، کچێکی هەبێت و ناوی بنێت (مەیلێ). مەیلێ لە ئایندە دەبێتە مەشخەڵی ئێزدییان، تا بڵێی جوان و شرین کەلام بوو. بە خێرهاتنی کرد، سەری داخستبوو قسەی دەکرد چەند عازەبەیەکی تازە جوقاو لەسەر لووت و چەنەی هەبوون، بووبوون بە نەخش و نیگار بەسەر ڕووخسارییەوە «کاك ڕەڤەند، هەمووتان دەزانن چیم بەسەر هاتووە، ئیدی بۆ دەتانەوێت جارێکی دیکە بیگێڕمەوە.»

سەما لەبری ڕەڤەند وەڵامی دایەوە و بە زاراوەی خۆیان پێی گوت «ئەو کوڕە میوانە و هاتووە لەبری ئێوە دەنگتان بگاتە جیهان. ئەو هەر نایەوێت قسەت لەگەڵ بکات. ئەگەر تۆ شەرم دەکەی، بەڵێن بێت دوای ئەم کوڕە ئیدی نەڵێین بۆمانی باس بکە.»

مەیلێ، هەر وەکو ئەوەی وەحی بۆ هاتبێت سەری بەرزکردەوە و ڕووی لە من کرد «برام کێشە نییە، تۆش وەرە دانیشە، چی پرسیارێکت هەیە بە ڕاشکاوی وەڵامت دەدەمەوە.»

سوپاسی مەیلێم کرد و خێرا ڕێکۆردەرەکەم دەرهێنا و گوتم «گوڵێ جان ئەز ئامادەمە.» مەیلێ و سەما بەو ڕستەیەم بزە کەوتە سەر لێوەکانیان و پێشم کەوتن بۆ ژوورەوە. ڕەڤەند

خۆی لە کاروان دواخست و لەگەڵ ژنە پێشوازیکەرەکە کەوتنە باسی ئەو ڕێکخراوانەی کە بە نیازن دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکەن. ژوور چ ژوور، گڵێمێکی تەنك و چەند دۆشەکێك دانراوە، بێ زۆپا، بێ کارەبا، بلۆکی دیوارەکان لەسەرما زیرەیان لێوە هەستابوو. دانیشتین و لە جیاتی خواردنەوەی گەرم ئاویان هێنا. من و سەما لەبەر ڕێزی ماڵەکە سەر و قومێکیان خواردەوە و سەما پەرداخەکەی دانایەوە و گوتی «مەیلێ خوشکی من، دەست پێ بکەین؟.»

مەیلێ سەیرێکی دەوربەری خۆی کرد و چەند زارۆکێکی بچوك و کچێکی تازە پێگەیشتوو وەستابوون، بە چاو ئاماژەی بۆ کردن بڕۆنە دەرەوە، ئەوانیش قەتارەیان بەست و ڕۆیشتنە دەرەوە. ئاخێك تەژی لە خەم، لە هەناسەی هاتە دەرەوە و سەری بەرز کردەوە بۆ بنمیچی ژوورەکە و گوتی «خودا چ تاوانێکمان کردبوو کە ببین بەوەی کە هەین، ببورن فەرموون با دەست پێبکەین.»

سەما ڕیکۆردەرەکەی لێ وەرگرتم و دەستی پێکرد « دەکرێت بزانین پێش ئەوەی باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ بکەی دەمەوێت بزانم ژیانتان چۆن بوو؟»

مەیلێ، دەستی کرد بە گریانێکی قووڵ و داوای کرد تەنها سەما لە ژوورەکە بمێنێتەوە. جانتاو و کامێراکەم هەڵگرت و خێرا بەرەو دەرەوە ڕۆیشتم. کالەکانم لە پێکرد و نەك هەر نەوەستام

بەڵکو چووم لە تەنیشت ئۆتۆمبیلەکەی ڕەڤەند سەیرێکی پاکەتی جگەرەکەم کرد و هەشت دانەی تێدا مابووەوە، جگەرەیەکم داگیرساند و دوان ئۆکسیدی کاربۆن لەگەڵ گریان لە دەمم و سییەکانم دەهاتنە دەرەوە. زۆر گریام بە ئەندازەیەك تەواو هەستم بە بێ هێزی خۆم دەکرد، دەم و لێوم ڕەش هەڵگرا، سەرم خستبووە نێوان هەردوو ئەژنۆمەوە و بەرەنیسکم دەدا، دەستێکی پڕ لە سۆز و دۆستایەتی کەوتە سەر مل و قژم و گوتی «مەگری، ئێمەش وەکو تۆ زۆر گریاوین، لە هەمان کاتدا پێمخۆشە بگریت تا خاڵی بیتەوە، باوەڕ بکە بە گریان هیچ چارەسەر نابێت.ئینجا پیاو چۆن دەبێت بگریت؟.»

«ڕەڤەند بۆ دەبێت پیاو نەگری؟ پیاو دڵی نییە؟ مرۆڤ نییە؟ تۆش دەتەوێت ببیت بە پیرە ژنەکەی دراوسێمان ئێستاش بیرمە لە منداڵی کاتێك منداڵێك لێی دەدام دەگریام، ئەو دەیگوت مەگری کورە پیاو چۆن دەبێت بگری. ڕەڤەند گیان من لە هەشتساڵییەوە دەگریم، بۆ خۆم دەگریم لە جیاتی هەمووتان گریاوم»

« دەی با ئێمەش بزانین بۆچی تۆ دەگریت.» ڕەڤەند بۆ ئەوەی هێورم بکاتەوە وایگوت.

« ئێستا کاتی نییە، ڕۆژێك دێت دەبیستی من بۆچی گریاوم و دەگریم.» نازانم چەند کات بەسەر ئەو گریان و قسانەی من و ڕەڤەند تێپەڕی. ئەوان هاتنە دەرەوە، بەرەو لای ئێمە

دەهاتن، خێرا چاوم چووە سەر پێیە خاوسەکانی مەیلیٚ ، سەما بە بەرپرسیارێتییەوە گوتی «خۆ هیچ نەبوو؟» ڕەڤەند گوتی «نا، هەندێك نەخۆشە.»
مەیلیٚ سەیرێکی کرد و گوتی «هەموومان هەمان نەخۆشیمان هەیە، لێی گەڕیٚ با بگری، من داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی وەکو پێویست قسە بکەم، هەر ئەوە بوو کە بە سەرم هاتووە گێڕامەوە.»
سەما گوتی «باشە، مەیلیٚ گیان لە چەند خولەکێکدا هەموو بەسەر هاتەکەی گێڕاییەوە. ئیدی درەنگە و دەبێت بڕۆین.»
ڕەڤەند بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی ڕۆیشت من و سەمایش بەدوایدا. خوداحافیزیان کرد و سەرکەوتین، چەندین منداڵی ورد دەوری ئۆتۆمبیلەکەیان دا، ژنە پێشوازیکەرەکە هاتە پێشەوە و دەستی خستە سەر پەنجەرەی لای ڕەڤەند و گوتی «ئەو کاغەزانەی کە ناوی قوربانییەکانت نووسیوە، ناوی باوکی مەیلێت بیر نەچێت، بەخوا خێرت دەگات شتێکی بۆ بکەی، لە ڕای خوا جێگەم کردۆتەوە، پورێك بووم و نەبووم، مەیلیٚ نە دایکی ماوە نە باوکی، کەسیش هەواڵی خوشك و براکانی نازانێت.»
ڕەڤەند گوتی «بیٚ خەمبە، شتێك هەر دەکەین و بەیانیش گەڕامەوە، بووکەڵە و پەتو و ڕایەختان بۆ دەهێنم، دەی بە دوعا.»

## خەرمانان
## «لە پڕ خۆم فرۆشرام»

منداڵەکان دەستیان بە قاوقیژ کرد، بەڵام من گوێم لە دەنگی ترپەی دڵی مەیلیَ بوو، بە دەستە خرپنەکانی سڵاوێکی کرد، دەیویست بەو سڵاوە بڵێت، ئیدی مەگەڕێنەوە، خوێنبەرەکانم توانایی بردنی خوێنیان نەماوە بۆ مێشکم، حەزدەکەم بمرم، باوەڕتان هەبێت لە چاوەکانی ئەوە نووسرابوو. ئەوانەی زۆر ئازار دراون بیلبیلەکانیان قسە دەکەن. مەیلیَ یەکێك بوو لەو کەسانە. هەموومان زمانمان گیرابوو وەکو ئەوانەی لەسەرە مەرگ زمانیان دەگیرێت. منیش تێنووسە بچووکەکەم دەرکرد و دەستم بە نووسین کرد «مەیلیَ؟ باوەڕ بکە، من ئاشقت بووم، وەکو چۆن لە یەکەم نیگادا ئاشق بووم، ئەشق بەوەی نا

بیری لێبکەمەوە رۆژێك لەگەڵت دەژیم، من ئاشقی خەمەکانت بووم، لە ئەشقدا بە یەك گەیشتن کوفری خوداییە چۆن دەبێت کەسێکت خۆش بوێت گەر دابڕان نەکەوێتە نێوانەوە هیچ لەزەتێك لە ئەشقدا نامێنێت و بەهای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات. ئەشق نە تام دەکرێت نە تێی دەگەی نە پێی دەگەی، هەر کەسێك باسی ئەشقی کرد ئەوە نەیناسیوە. تامی ئەشقی نەچەشتووە، هەر کاتێك پێ گەیشتی، خاڵی بوونەوە ڕوودەدات. مەترسیدارترین جۆری مرۆڤ ئەو مرۆڤانەنن کە ئاشقن. بۆ ئەوەی ژیان نەتکوژێت  و لەگەڵ مەرگ کە ڕکابەری سەرسەختی مرۆڤە براوە بیت، دەبێت ئاشق بیت. ئێمە هەموومان کەسێك لە پشتی خەیاڵەکانمانەوە هەیە بەردەوام لەگەڵی دەدوێیین، ئەشق پێناسەیەکی دیکی سێبەری مرۆڤە. مرۆڤە مەزنەکان ئەو جۆرانەن کە لە ئەشقدا تێکدەشکێن و بۆ دۆزینەوەی بەدیلێکی ئەشقەکەیان بەردەوام وێڵگەردن و بەو جۆرە تا مردن ژیان دەگوزەرێنن و هەرگیزیش نایدۆزنەوە. هەر لە ئێستاوە با درۆت لەگەڵ نەکەم، ئەوەی پێش تۆ کە ئاشقی بووم، هاوشێوەی تۆ چەکدارەکانی کۆمەڵگەی باوکسالاری ڕفاندیان. من ئیدی نە تۆ دەبینمەوە نە ئەو. تۆ لەبەر ئەوەی هەست بە ناسکیی ڕۆحت دەکەی ناتەوێت کەس ببینی، ئەویش لە ترسی کەسوکارەکەی نایەوێت من ببینێت. مەیلێ دەمەوێت

پێتی بڵێم من زۆر نەخۆشم ، هەست دەکەم مووی سەر سینەم بوونەتە چەقۆی گەوەز دەچەقنە ژێر پەراسووی چەپم. بە بۆ ماوەیی بۆمان ماوەتەوە پێش ئەوەی سەفەری کۆتایی بکەین، دڵمان پێمان دەڵێت چیتر پێکەوە ناژین دەبێت بمرین. منیش هەست دەکەم مردنم نزیکە چاوەڕوانی ئەوەش ناکەم کەسێك بێت و ڕۆحم بکێشێت. چەندین ساڵە ئەم ڕۆحە وەکو بەرداش دەمهاڕێت دەمەوێت تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە و چاوەڕوانی کەس نەکەم ببێتە خاوەنی ڕۆحم. دەمەوێت تۆ بژیت. کۆڵمەدە، برۆ زۆر دوور برۆ چەندان فەرسەخ ببڕە سەیری میلی کاتژمێر و مەوداپێوەکان مەکە. تا دەتوانی دوور برۆ بژی، لەوێ ڕەنگە بەهای مرۆڤایەتی هەبێت. ئەمڕۆ کە هاتووم سەردانت بکەم حەوتەمین ڕۆژە هاتووم. وتی ئێ با هەر بزانی حەوت ڕۆژە هەر حەوت چینی ئاسمان لەسەری من خۆیان ڕاگیرکردووە، بە هیوام جارێکی دیکە بتبینم. لە کوێ؟ ئەوەیان نازانم.»

ڕەڤەند پێشتر چەند جارێك بانگی کردبووم، هیچ ئاگام لێ نەبوو، کاتێك تێنووسەکەم هەڵگرت، بینیم ڕەڤەند و سەما پێدەکەنن، تۆزێك بە خۆمدا چوومەوە و گوتم «هیچ بووە؟» ترسام لە کاتی نووسینەکەدا ناوی کەسێکم بردبێت، یاخود دزەیان کردبێتە ناو دالغە و نووسینەکانمەوە، ئەوانیش پێکەوە وەڵامیان دایەوە «بەڵێ بووە» دیسان پێکەنین. خۆم پێ نەگیرا و منیش

دەستم کردە پێکەنین لەگەڵیان. مرۆڤ شێتێکی ناشرینە، لەو پەڕی غەم و پەژارە و گریاندایین بە بینیی شتێکی پێکەنیناوی پێدەکەین. ڕەڤەند گوتی « کاکە، هێندە بە قورسی سەیری ژیانی ئێمە مەکە. لە ڕێگای ڕێباز و نەتەوە و بیروباوەڕمان کارەساتمان لێ قەوماوە، دەبێت ئێمە شانازی بە خۆمانەوە بکەین کە چیتر مێژوو دەماننووسێتەوە بە خەڵکانێکی قوربانیدەر. ئەوەی لە تۆم بەدی کردووە نان و شت ناخۆی، خراپ دەکەی برام.»

« من باشم خەمی منتان نەبێت. بەڵام بۆ نەچین بۆ لای قوربانییەکی دیکە؟ هێشتا کات ماوە.» هەستم کرد ئەم قسەیەم زیادڕەوی بوو، نەمزانی بۆ کردم!.

« ئاخر ناکرێت وا کات بەرەو خۆرئاوا بوون دەچێت و سەماش دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ڕێگای تۆش هێندە نزیك نییە، ئەگەر دەمێنێتەوە ئەوا دەچینەوە ماڵی خۆمان، وەگەرنا درەنگە. ئا بیرم چووە پێت بڵێم، من دەنگی نیگارم لایە، ئەویش بەدبەختییەکەی لەمان کەمتر نییە.بۆ نایەیت کاسێتەکەت بدەمێ؟ شەو ڕۆیشتیتەوە گوێی لێبگرە. دڵنیام سودی دەبێت بۆ ئیشەکەت.»

وەڵامەکەی ڕەڤەندم بە دڵ نەبوو گوتم « باشە، هەر ئەو کاسێتەم بدەرێ و دوای ئێوە دەتوانن بڕۆن.» سەیرێکی سەمام کرد و گوتم «خانم ببورە، بۆ تۆش بوومە مایەی ئەزێت.»

« به پێچەوانەوە ئەوە ئەرکێك بوو بە جێم گەیاند. تۆش دڵگران مەبە کە کەنیشەکەکان نەیاندەتوانی ڕووبەڕوو قسەت لەگەڵ بکەن، لەگەڵ رۆژنامەنوسە بیانییەکان ئازادانە قسە دەکەن، چونکە خۆت باشتر دەزانی شەرم لە زمانەوە دروست دەبێت. تۆ لە ئازاری ئەوان تێدەگەی... نازانم چۆن پێت بڵێم.»
«تێگەیشتم.» پەنجەرەکەم داگرت و کزە بایەکی سارد لە ڕوومەتیدام، هەستم دەکرد، جەستەم گەرمە و تا دەمگرێت. بە ڕەڤەندم گوت «زۆر سوپاس بۆ تۆش کە خەمخۆرانە لەگەڵم بوویت. هیوادارم بتوانم. قەرەبووت بکەمەوە.»
تۆزێك خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی زیادکرد و گوتی «پیَ نەڤیت پس مام»، ئیدی لەوێوە تاوەکو بەردەم بنکەی لالش بێدەنگ بووین. ڕەڤەند دابەزییە خوارەوە و منیش بە دوایدا. سەما لەناو ئۆتۆمبیلەکە مایەوە. خێرا جگەرەیەکم داگیرساند و چاوەڕوانی ڕەڤەند بووم، لەگەڵ تەواوبوونی جگەرەکەم بە چەند کاسێتێکەوە گەڕایەوە، سەیری دەکردن و کاسێتەکانی هەڵاو دیو دەکرد بۆ ئەوەی نیگار بدۆزیتەوە، لەو کاسێتانەی کە بە دەستییەوە بوو، هەشتەمین کاسێت، کاسێتێکی ڕەشی جیاکردەوە کە لە جۆری (ماکسڵ) و بە قەڵەمی سوور لەسەر کاغەزێکی تەنك نوسرابوو «نیگار» دەستم بۆ ڕاگرت و کاسێتەکەم هەڵەودیمم کرد. خستمە سەر ڕیکۆردەرەکەم بۆ ئەوەی دڵنیابمەوە، ئیش

دەكات. دەستم پێدا نا. یەكسەر دەنگێك لە غوربەتەوە، دەنگێك كە پڕ بوو لە ڕق لە مرۆڤەكان. گوتی «كۆن دەیانگوت مرۆڤیان فرۆشتووە باوەڕم نەدەكرد، كەچی لە پڕ خۆم فرۆشرام.» خێرا كوژاندمەوە. كاسێت و ڕیكۆردەرەكەم خستە جانتاوەكەوە و دەستم كردە ماچ كردنی ڕەڤەند و پێمگوت «بە نیازی دیدار، ئینجا من چۆن ئەم كاسێتەت بۆ بگێڕمەوە؟.»

دەستمان لەناو دەستی یەكتردابوو ڕەڤەند پێی گوتم « كۆپیی دیكەم هەڵگرتووە. خەمت نەبێت. بە نیازی دیدار، دەی خێراكە بڕۆ.» سەیرێكی سەمام كرد، لە ئۆتۆمبێلەكە هاتبووە خوارەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوو خوداحافیزیم لێبكات. كێ ناڵێت حەزی نەكردبێت وەكو ڕەڤەند تەوقە و ماچ و موچ بكات؟ ئێمە واین ڕێگری لە دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی تاكمان كراوە، دەستم خستە پشتە قونم و ڕۆیشتمە بەردەم سەما، تەنها پێم گوت «بە خۆشبەختییتان دەسپێرم.»

ئیدی ئاوڕم نەدایەوە و چەند مەترێك لەولاترەوە، تاكسییەكم ڕاگرت و دەستمان كرد بە سەودا كردن، لەبەر ئەوەی نەختە نەختە پارەم نەدەما، دواجار ڕێككەوتین. خەریكی خۆشكردنی كوشنەكەم بووم، سەما بە پڕتاو هات و گوتی «مامە عەبدۆ پەیوەندی كردووە بە ڕەڤەندەوە و داوای ژمارەكەی تۆی كردووە.» خێرا لە تێنووسە بچوكەكەم پارچەیەكی بچووكم كردەوە و ژمارەكە

و ناوی خۆمم لەسەر نوسی. سەما بردی و بۆ هەمیشە پەنهان بوو.
شۆفێری تاکسیەکە بەرەو شوێنی داواکراو بەڕێکەوت، مەودایەکی باش ڕۆیشیتن و شۆفێرەکە ویستی بمدوێنێت، قاچەکانم لولکردبوو، دەمێك بوو نووقمی خەوێکی قووڵ بووم، بە سەدان جار کەسانێك لە دەروبەرمان خەویان لێکەتووە، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەڕوات دەبێت ئەم کەسە خەون بە چییەوە ببینێت؟ خەونەکەم زۆر ئاشکرا بوو ئیدی پێویست بە خۆزگە ناکات. لە خەونمدا چەندین کچ و ژنم دەبینی پەتکراوەتە ملیان و ڕیشدارەکان دەیانکێشن بۆ ئەوەی هەرزان فرۆشیان بکەن. زەنگی مۆبایلەکەم نەیهێشت بزانم ئەو کچانە بەرەو کوێ دەبەن. لە خەو ڕابووم، ماوەی چەند چرکەیەك سەیری ئەو ژمارە نەناسراوەم دەکرد کە زەنگی بۆ لێدابووم، بە نا بەدڵی هەڵمگرت دەنگێکی نەناس « ئەز عەبدۆمە، عەبدۆ. سبەینێ کاتژمێر هەشت پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە دیارییەکم بۆت ئامادە کردووە دەمەوێت لێمی وەربگری.»
«ئۆ مام عەبدۆ گیان، سەرچاوم منیش خۆشحاڵ دەبم، پێشتر ئاوەز میوانم نەبوو ژمارەکەت لێوەربگرم، تۆ ئەو کارەت لە بری من کرد»
«واز لە گلەیی بێهنە دەمەوێت بتبینم. بە دوعا.» عەبدۆ

وایگوت و مۆبایلەکەی داخستەوە.
« بە دوعا.»
شۆفێری تاکسیەکە گوتی «عەبدۆ؟ ئەو ناوە بە ناوی ئێزدییان دەچێت.وایە.»
ویستم لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە و گوتم «ئا ئێزدییە.»
شۆفێرەکە دەیویست گفتوگۆکە درێژ بکاتەوە و گوتی «خۆم پێشمەرگەم، خۆزگە دەتزانی چییان بەسەر هات، ئەوەی من بینیم یاخوا بەسەر دوژمنەکەشماندا نەیەت، کورە یاخوا بەسەر دوژمنمان بێت. بەس تاوانێکی بچوکی ئێمەشی تێدابوو.»
« تاوانی ئێوەی تێدابوو؟!»
شۆفێرە تاکسییەکە وەکو بڵێت نێچیرەکە کەوتە داواکە و بەردەوام بوو» کاتێك تۆ گەورەکەت فەرمانت پێدەکات بکشێنەوە کەس هەیە لە فەرمانی سەربازی دەربچێت؟ دەزانی هەر کەسێك لە ئێمە سەرپێچی بکات لەکاتی جەنگدا سزاکەمان گوللە باران کردنە؟»
«کێ گوللەبارانتان دەکات؟»
« برام ئەگەر لێرەوە تا بەغدا کە زیاتر لە هەزار کیلۆمەترە، قسەت بۆ بکەم تەواو نابێت، دەمەوێت دەروونم پاك بێتەوە و باسی ڕاستییەك بکەم.»
« تۆ وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە گوتم کێ گوللەبارانتان

دەكات؟.»
«فەرماندەكانم، با بۆت بگێڕمەوە، ئێمە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی لە شەنگال هێرشمان بكرێتە سەر ئاگاداركراینەوە، چۆن زانیمان لە دوای شەممە یەكشەممە دێت، ئەوها زانیمان شەنگال داگیر دەكرێت، ئێستاش نازانم كێ گوتی بكشێنەوە.»
«ئێوە بەزەییتان بەو ژن و منداڵانە نەهاتەوە ؟ نەتاندەزانی وایان بەسەر دێت؟.»
«برام تۆ دەڵێی نەخوێندەواری؟ لە دنیای سیاسەت كەی بەزەیی هەیە؟ كەی سۆز هەیە؟. كاتێك ئێمە زانیارییمان پێگەیشت كە شەنگال و دەوروبەری بە تایبەتی ئەو ناوچانەی كە ئێزدییەكانی لێیە، كراوەتە ئامانج. خەڵكەكەش دركیان بە مەترسییەكە كردبوو. بە نیاز بوون خۆیان قوتار بكەن. ئێمە نەمانهێشت.»دەستی برد دەستماڵێك كە بۆ پاككردنەوەی ئۆتۆمبیلەكەی بەكاریدەهێنا، دەریهێنا و پڕیكردە چڵم و فرمێسك.ئەوجا درێژەی پێدا و گوتی «من و چەند برادەرێكم لەسەر یەكێك لەو ئۆتۆمبیلانە بووین، كە دۆشكەی بەسەرەوەیە. هەموومان لەسەر پردێك وەستابووین چەند ئۆتۆمبیلێك لە دوورەوە هاتن بەرەو ئێمە، زانیمان ئەمانە خەڵكی شەنگالن و دەیانەوێت لەسەر پردەكەوە بپەڕنەوە و رزگاریان بێت. زۆر نزیك بوونەوە، ملازمێكمان لەگەڵ بوو، چووە سەر دۆشكەكە و بە خەڵكەكەی گوت بكشێنەوە بۆ

شوێنەکانی خۆتان، هیچ مەترسیەك لە ئارادا نییە.خەڵکە داماوەکە، لە نێوان دوو ڕووباری ئاگردا بوون، نەیاندەزانی لە کوێیەوە رزگاریان دەبێت. حەزم دەکرد لەو ساتە دەسەڵاتم بەسەر هەموو ژیاندا هەبوایە و هەموویانم بە کونفەیەکونێك ڕزگار بکردایە. هەموویان کشانەوە.»

« ئێوە کشانەوە یان خەڵکەکە؟ »

« خەڵکەکە کشانەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێیەوە هاتبوون، دەزانی لەو ساتە چیم بیر کەوتەوە؟. لە ئەنفالە بەدناوەکەی دواییدا، چەند کەسێك بە پەرجوو ڕزگاریان بوو و لە پەرتووك و چاوپێکەوتنەکاندا باسیان لەوە کردبوو، چەند ڕۆژێك پێش ئەوە هێزە چەکدارەکان وتویانە مەترسن و هیچ نییە. بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانتان. بە درێژایی مێژووی ئێمە خۆمان هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنەکانی پلانی داگیرکەر و وڵاتانی زلهێز بووین. ئیدی ئەوەبوو زۆری پێنەچوو ئێمەش کشاینەوە.»

ئەم خەڵکە بۆ ئەوەندە هۆشیاربوون؟ کەچی ئێمە درك بە گۆڕانکارییەکان ناکەین. هەموومان پسپۆر و چاودێر و مێژوونووسین، کەچی بەردەوام لە هەڵەکردنداین. کاتێك شۆفێرەکە قسەی بۆ دەکردم ڕۆمانێکی خالد ئەلخومیسی-م بیر کەوتەوە کە ناوی تاکسییە، ڕۆمانەکەی حوسێنی باس لەو ڕووداوانە دەکات کە شۆفێرەکان دەیگێڕنەوە. شۆفێرەکان شتگەلێك دەزانن

میدیاکان درکی پێ ناکەن. شۆفێری تاکسییەکان بۆ خۆیان بانکێکی گەورەی زانیارییەکانی ژیانن.تۆ تەماشا بکە لەوەتەی هاتووم چەندین زانیاری گرنگم سەبارەت بەو کارەساتە لە شۆفێرەکانەوە دەست خستووە. لە دڵی خۆمەوە وامگوت ئەوجا ڕووم لە شۆفێرەکە کرد و گوتم «ڕۆژنامەنوسم، دەتوانم شتێکت لێ بپرسم؟»

« ئەوەی بزانم وەڵام دەدەمەوە، ئەویش نەزانم گلەیی مەکە. بە جانتاکەتەوە درکم کرد ڕۆژنامەوانی.هەرچی دەپرسی بپرسە. بەس ناوم مەبە با ئەو پارەیەیی کە ناتوانین پێی بژین لێمانی نەبڕن.»

« دوای ئەوەی ئێوە کشانەوە؟ لە گەڕانەوەتاندا چ شتێك زۆر ئازاری دای؟»

«ئەو ماوەیە هەرکەسێك لەوێ بوایە هەموو شتێك ئازاری دەدا، شتێك کە تا لێواری گۆڕ ئازاری پێوە دەچێژم ئەوەبوو کاتێك کشاینەوە. کیژۆڵەیەك تەمەنی هەر نزیکەی دوانزدە، سیانزدە ساڵێك دەبوو. هاتە پێش یەکێك لە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکانمان گوتی توخوا بە جێمان مەهێڵن، بێکەس کوژمان دەکەن. ئیدی زانی چاری ناچارە و هەمووومان دەکشێینەوە و دەموچاوە ناسکەکانی خۆی دەڕنییەوە و دەیگوت دەی مادام هەر دەڕۆن. هەندێك لەو فیشەکدانانەمان بدەنێ، چونکە ئەوان چەکیان هەیە

و فیشەکیان نییە، هیچ نەبێت با برا و کەسوکارمان لە بری ئێوە بەرگرییمان لێ بکەن. گوتەکانی هیچ کاریگەریەکی لەسەرمان نەبوو. وەکو فیشەکە شێتە بۆی دەرچووین و ئەو کیژۆڵەیە و هەزاران کیژۆڵەی دیکەمان بە جێ هێشت. دواتر لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا بینم. هەمان کیژۆڵە کە بە جلوبەرگەکەی ناسیمەوە، لە پەنای بەردێك لە تینوویەتیدا خنکابوو.»

«خودا مافیان بۆ بگێڕێتەوە.» نەمدەویست زیاتر درێژە بە قسەکانی بدات، چونکە باری دەروونیم تەواو شێوابوو، حەزم دەکرد بڕشێمەوە بە شۆفێرەکەم گوت «لەو فرۆشگایەی پێشەوە ئەگەر دەتوانی بووەستە با بوتڵێك ئاو بکڕم. بە ئەرك نەبێت.» ئاوەکەم کڕی و دیسان دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە، شۆفێرەکە ویستی دیسان دەست بە حەکایەتە خەم دروستکەرەکە بکاتەوە، کاتێك لای لێکردمەوە. چاوی کەوتە سەرم، کە بوتڵە ئاوەکەی دەستم وەکو بیی ناو ئاو دەلەرزێت و دیاربوو دەموچاوم هەڵبزرکاوە. بۆیە خۆی پێ نەگیراو گوتی «براکەم تۆ تەندروستیت باش دیار نییە، خۆ لە وڵاتی تیرۆرستان گیرت نەکردووە، ئێمە هەمووومان برا و کەسی یەکترین، وەرە با برۆین سەرێك لە نەخۆشخانەیەك بدەین.»

« نا سوپاس، هیچ نییە ماندووم، تۆزێك پشوو بدەم باش دەبم.» دەمی بوتڵە ئاوەکەم داخست و پشتم تەواو لەگەڵ کورسیەکە

ڕێك كردەوە و چاوم داخست.مەودایەكی كەم ڕۆیشیتن. ئەوجا دەنگی شۆفێرەكە چاوەكانی پێكردمەوە و گوتی «فەرموو، ئەوە ئەو شوێنەیە كە داوات لێكردم.»

دەستم كرد بە گیرفاندا و بڕە پارەكەم پێدا، بەڵام شۆفێرەكە بەهەزار تكا و پاڕانەوە وەریگرت. ژمارەكەی خۆی پێدام و گوتی «ئەگەر هەستت كرد تەندروستیت خراپە، دێم دەتبەم بۆ نەخۆشخانە.» سوپاسم كرد و جێمهێشت.

دوای وەرگرتنی كلیلی ژوورەكەم بەرەو ژووری ژمارە هەشتا و هەشت بەڕێكەوتم. لەگەڵ كردنەوەی دەرگاكە هەستم كرد بۆنی جگەرە ژوورەكەی تەنیووە، چونكە شەوی پێشووتر جگەرەیەكی زۆرم تێدا كێشابوو. ئەوجا بەرەو پەنجەرەكە ڕۆیشتم و كردمەوە، بێ ئەوەی پێڵاوەكانم دابكەنم خۆم فڕێدایە سەر چوارپاییەكە و لەسەر گازەری پشت بۆی ڕاكشام. سەرمای ژوورەكە نەیهێشت زۆرتر بخەوم. هەستام خۆم گۆڕی و ئاوێكم كرد بە دەموچاومدا. بە گەدەی بەتاڵەوە، جگەرەیەكم كێشا. پەتووەكەم دا بەخۆمدا و خەوێكی باشم بۆ كرد. لە كاتژمێر هەشت بە خەبەر هاتمەوە.

دەستم برد بۆ جانتاكەم و ڕیكۆردەرەكەم دەرهێنا، كاسێتەكانی خۆم و ئەو كاسێتەكەی ڕەڤەند پێیدا دابووم. ئامادەمكرد بۆ ئەوەی گوێیان لێبگرم. بە باشمزانی پێش ئەوەی گوێیان لێبگرم، بڕۆمە خوارەوەی هوتێلەكە و لەفەیەك بخۆم. كەچی

گەیشتەمە بەردەم دەرگای ژوورەکەم وەکو ئەوەی ئیلهامم بۆ هاتبێت، گەڕامەوە و تێنوسە بچووکەکەم دەرهێنا و دەستم کرد بە نووسین. « هەرگیز بیرم نەکردۆتەوە، شتێك بکەم زیان بە دەوروبەرم بگەیێنم، ئەمەی من دەیکەم هەوڵدانێکی بچووکە بۆ گومنەبوونی پاکیزەیی ئەو کیژۆڵانە، دەترسم لەو دنیا خودا بڵێت، کێ پێی گوتی ئیش لەسەر شەرەفی ئێزدییە کافرەکان بکەیت؟ دەی بەرەو لای هەڤاڵانی ئەبو جەهەلی ببەن.»

دەرگای ژوورەکەم پێوەدا و بەرەو خوارەوەی هوتێلەکە بەڕێکەوتم، کاتێك لە پەیژەکان دەهاتمەوە خوارەوە، وامدەزانی کەسێك پاڵم پێوە دەنێت. دوای خواردنی لەفەکە خێرا گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم. لە کاتی جوینی لەفەکەوە، بیرم لای ئەوە بوو، دەبێت پەرچەم و مەیلێ و نیگار باسی چییان کردبێت؟ ئەو کارەساتە چۆن بووە؟ چییان بەسەر هاتووە؟. جگەرەکەم بە لا دەمەوە بوو، پیلی دەنگ تۆمارکەرەکەم گۆڕی و بیستەرێکم لە گوێکرد و لەسەر پشت بۆی ڕاکشام. پاکەت و فەندەکەکەم لە تەنیشت خۆمەوە دانا. لە یەکەم وشەوە کە پەرچەم دەریبڕی، گوێم بۆ شلکرد تاوەکو کۆتا وشە چاوم دانەخست. زۆرجار ئێمە هێندە دڵتەنگین بۆ گریان لە بیانوو دەگەڕیین. منیش لەماوەی گوێگرتن لە پەرچەم، دەگریام.

لە سەر چوار پاییەکەم هەستام و خۆم لەبەردەم ئاوێنەکە بینییەوە،

سەیرێکی دەموچاوی کردم. لێوەکانم بووبوون بە کلەکەی چاوی پەرچەم، دەم و چاوم بە ئاوی سارد شووشت و هەردوو دەستم لەسەر لێواری دەستشۆرەکە دانابوو و سەیری خۆمم دەکرد و بیرم لەو بەسەرهاتانە دەکردەوە کە بەسەر ئەواندا هاتووە، وێنەی مردنی توتیم دەبینی، هەموو شتەکان لەناو مێشکم گینگڵی دەدا خۆشم دەهاتە پێش چاوم ئەو کاتەی دەمرم. جارێکی دیکە لەسەر چوار پاییەکەی هەڵاژیام.جگەرەیەکم داگیرساند و دەستم برد تێنوسە بچوکەکەم دەرکرد نوسیم «هیوادارم ئەم بەسەرهاتانە بگاتە دەستی مرۆڤەکانی هەموو جیهان، ئەگەریش بڵاو نەکرایەوە و نەگەیشت بەکەس، داواکارم لە چاپخانەکە و ئەو کەسەی کە بڵاویدەکاتەوە. هەمووی دابەش بکات بەسەر کەمپی ئاوارەکان بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، شەوان سەرمایان نەبێت بیسووتێنن.یاخود بیدەن بە منداڵانی شەنگال و هەموو پەڕەکانی بکەن بە کۆلارە و لەسەر ئەو شاخەی کە تێیدا قەتیس مابوون بیدەن بەدەم باوە.»

تێنووس و پێنووسەکەم هەڵگرت و دەستم برد کاسێتەکەی نیگارم هەڵگرت، بۆ ئەوەی گوێ لە بەسەرهاتەکەی ئەویش بگرم. چەند جارێك ڕیکۆردەرەکەم داگیرساند هەر گوێم لە یەکەم وشەی نیگار دەبوو کە دەیگوت «کۆن دەیانگوت مرۆڤیان فرۆشتووە باوەڕم نەدەکرد، کەچی لە پڕ خۆم فرۆشرام.» چەند

جارێك تاقیمکردەوە سوودی نەبوو، پاشان پیلی ڕیکۆردەرەکەم دەرکرد و دوو پیلی نوێم تێئاخنی، بێ ئەنجام مایەوە، خراپتر دەروونم تێك دەچوو، توڕە و پەرێشان بووم. دەستم کرد بە جێنودان بە هەموو پیرۆزییەکان، ئیدی کەس نەمایەوە جنێوی پێبدەم، جنێوم بە خۆم دەدا. ناچار مامەوە گوێ لە دەنگی کوشتنی مەیلێ بگرم.گوێگرتن لە دەنگی کەسێك کە خۆشت بوێت، سامی هەیە، خۆف دەباتە دڵی کەسەکانەوە، کاتێك دەمویست گوێ لە دەنگی مەیلێ بگرم، خۆمم بیرکەوتەوە کە ماوەی هەشت مانگ لە هەبوونی پەیوەندی تەنها بە نامە پەیامی دڵی خۆمم دەگواستەوە، چونکە دەترسام گوێم لە دەنگی «ئەو» بێت. هەموو ئاوەزی خۆم کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەسەر ڕابردووە سوێرەکاندا زاڵبم، دواجار جگەرەیەکی دیکەم داگیرساند و سەیری پاکەتە جگەرەکەم کرد کۆتا جگەرەی بوو. خستمە سەر لێو و لێی پاڵکەوتم.نەمدەویست گوێ لە سەرەتای گوتەکانی مەیلێ بگرم، دەستم خستە سەر دوگمەی بردنە پێشەوەی کاسێتەکە، ئەز تەنها دەمویست بزانم مەیلێ تووشی چی بووە کە هێندە توڕەیە.دەستم پێدا ناو دەنگی مەیلێ هات «ئێمەیان بردە بەعاج، ئیدی زانیم لەوێوە ئێمە هیچ خاکێك نامانگرێتە خۆی، دوای حەوت رۆژ مانەوە لە بەعاج، گواسترایینەوە بۆ موسڵ، لەوێ لەگەڵ چەند کیژێکی دیکەدا براینە شوێنێك ڕێك لەبەردەم هوتێڵ بەغدا، بۆ

ماوەی یەك مانگی ڕێك من ئاوم نەكرد بە جەستەی خۆمدا، نەمدەویست سەرم بشۆم و قژی نەرمم، جەستەی پاكم بچێتە ژێر دەست ئەو كەسانەی كە بێ هەڵبژاردنی خۆم لەگەڵیان بخەوم، چونكە ئەوەی ڕوویدا لە ژیانم بەسم بوو بۆ ئەوەی بێز لە هەموو نێرنەیەك بكەمەوە، توخوا باهەر بۆتی بگێڕمەوە و بیدە بەو كوڕە ڕۆژنامەنووسە با ئەمەش بڵاو بكاتەوە. بۆیە بۆتانی باس دەكەم، چونكە ناوی من بڵاو نابێتەوە، هۆكاری ئەوەی حەزدەكەم بڵاو دەبێتەوە، چونكە كۆمەڵگەی باوكسالاری و دەسەڵاتی ئاین. زۆرجار لە تیرۆرستان خراپترن. كوڕێك پێشتر خۆشی دەویستم دوای چەندین جار هەوڵدان كارێكی وایكرد كە منیش خۆشم بوێت، ڕابردوویەكم هەبوو لەگەڵ كەسێكی دیكە، هەمیشە لێم دەشاردەوە، لە یەكەم ڕۆژی یەكتر ناسینمان سوێندی دام هەرچی لە ژیانم هەبووە، پێم بڵێت لێمخۆش دەبێت، هاوڕێیەكم هەبوو، ئەویشم ڕاسپارد كە بەو كوڕە بڵێت من پێش ئەو كوڕە كەسی دیكە لە ژیانم نەبووە، ئەو داماوە چەندین جار هاتە داخوازیم، بە هۆی كێشەی خێزانییەوە كە نامەوێت زۆر وردی بكەمەوە، نەیانهێشت بۆیەك بین، ڕۆژێكیان هاوڕێیەكم هاتە لام و گوتی ئەو كوڕە داوای پەیوەندی لێكردم و داواشی كردووە سێكسی لەگەڵ بكەم! ڕێك شێت بووم، دوای ماوەیەكی زۆر زانیم شتی وا لەو گۆڕە نەبووە و ئەو كوڕە هەرگیز ناپاكی

لەگەڵ نەکردووم نازانم بۆچی ئەو هاوڕێیەم کە دەستە خوشکم بوو، خۆی کرد بەو کەسەی کە ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زین باسیدەکات چۆن مەم و زینی لەیەك کرد، وابزانم ئەو کەسە ناوی بەکر مەرگەوەڕ بوو، دوای چی زانیم؟ بە بڕیارێکی شێتانە و منداڵانە بڕیارمدا شوو بە خزمێکی خۆم بکەم. خۆزگەم بە هەندێك وڵات کە خزمی نزیك وەکو خوشکی خۆیان تەماشا دەکەن. دەزگیراندار بووم، هەر شەوێکم بە سەد شەو دەڕۆیشت، هەمیشە ئەو خۆشەویستە خێر لە خۆ نەدیووەم لە پێش چاوم بوو، دەمزانی چەندی خۆش دەوێم، بەردەوام ئازارم دەدا و کورتە نامەم بۆ دەنارد کە دەزگیرانەکەم خۆشدەوێت و ماچی دەکەم. دوای ماوەیەك هەستم کرد دەزگیرانەکەم لەگەڵ کەسێکی دیکە پەیوەندی هەیە و ئەویش وەکو من قوربانییە، بۆیە ئەو هاوسەرگیریەی کە بە شێتانە بڕیارم لەسەر دابوو، هەڵموەشاندەوە.لە دادگا دەستبەرداری بووم. بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی من لە کۆمەڵگا بووم بە بێوەژن، خۆشەویستەکەم هەمیشە بە پەرۆشمەوە بوو، دەیوویست بە هەر نرخێك بووە، جارێکی دیکە هەوڵی ئەوەی دەدا بە یەك بگەینەوە. ئەمم هەرگیز لە دڵ دەرناچێت کە ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە، دوای ئەوەی جیابوومەوە، چەند جارێك پەیامی بۆ دەناردم تاوەکو ئاشت ببینەوە، جارێکیان پەیامێکی دڵتەزێنم بۆ نارد کە من هەرگیز ئەوم خۆش

نەویستووە، خۆ دەزانم ناکرێت چەند ساڵێك کەسێکت خۆش بوێت دواتر ئەوهای پێ بڵێی، مەگەر من ئەو سێکسفرۆشانە بم کە بۆخۆشی و هەوای خۆیان سێکس دەبەخشنەوە، بەیانییەکیان شەش مانگێك دەبوو مێردی دووەمم کردبووەوە، بەرەو خوێندنگا دەڕۆیشتم، چەند جارێك بانگی کردم، زانیم دەنگی ئەوە تەواو ترسام، هاتە بەردەمم و گوتی سەیر بکە«خۆشم دەوێی» لە پێش چاوم خۆی کوشت، دەستی بەرزکردەوە منیش بکوژێت هێزی نەبوو فیشەکەکە بتەقێنیت، هەڵەیەکی گەورەی کرد، دەبوو پێشتر من بکوژێت ئەوجا خۆی، ئێستاش نازانم بۆ سەرەتا خۆی کوشت؟ چەند جارێك لای برادەری من و خۆی وتبووی شتێکی وا دەکەم، کەس قسەکانی بە هەند وەرنەگرتبوو. ئیدی ئەوە بوو لە پێش چاوم مرد. چۆن دەتوانم خۆم بشۆم و لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ئارەزووی خۆم بخەوم، چ جا ئەوەی تیرۆرستێکی ناجسن. لە موسڵ هەستم دەکرد بۆنی جەستەم دێت، بەو گەرمایە ڕۆژانە پەنیر و سەمونمان دەخوارد، ڕۆژێکیان کەسێك هاتە ژوورەوە گوتیان هەستە سەر پێی، هێزم نەبوو هەستم دەستم خستە سەر زەویی و هەستام، لە دەرەوە چەند کەسێکی ڕیش تەنکی خوێڕی وەستابوون، هەموویان ماچیان دەکرد، پیرۆزباییان لێکرد پرسیاری پیرۆزباییەکەم لێکرد بە شەپازلەیەك وەڵامیان دامەوە، ئەو کەسەی ماچیان دەکرد

کوڕێکی فەلەستینی قۆز بوو، دوایی زانیم ئەوان منیان داوە بە ئەو، چونکە لە شەڕێکدا چەندین پێشمەرگەی شەهید کردبوو. لە ڕێگەی خاڵی سنوری نێوان عیراق-سووریا-وە منی بەرەو سوریا برد، سوێند بەو کەسەی دەیپەرەستم، تاوەکو ناوی شاری ڕەقە قسەی لەگەڵ نەکردم، منیش وەکو ئەوەی سەرکە بزۆتێك بم هیچم نەدەگوت تەنانەت ئەو کاتانەش کە تینووم دەبوو، پێم نەدەگوت تینوومە خۆی ئاوی دەخواردەوە و ئەوەشی لە دەمی دەمایەوە پێی دەدام. گەیشتینە شاری ڕەقە، شارێکی وێرانتر لە وێران هەموو ژنەکانی شارەکە حەز بە ڕووتبوونەوە دەکەن، لە ترسا تەنها چاویان بەدەرەوەیە. ئەو کوڕە فەلەستینیە ناوی (یاسر) بوو، کاتی خۆی باوکی لە خۆشەویستی (یاسر عەرەفات) ناوی لێنابوو. ئەك دەستی ئەو کەسە خۆش بێت کە عەرەفاتی دەرمانخوارد کرد.

دەنگی سەما دێت «تۆ چۆن ئەم هەموو زانیارییە دەزانی؟ لە کاتێکدا تۆ تاوەکو پێنجی وێژەییت خوێندووە؟»

« من هەمیشە خوێنەر بووم، ئەو خۆشەویستەم کە لە پێناو مندا خۆی بە کۆمەڵگە تەقاندەوە هەمیشە لە بری دیاری عاشقانە، پەرتوك و ڕۆژنامەی بۆ دەهێنام . بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بووم.بە کوردییەکەی سەرو سەودام لەگەڵ خوێندەوە هەیە، خۆ هیچ نەبێت لە زۆرێك لەو کۆلکە خوێندەوارانە باشترم. یاسر

زۆر خراپ بوو بۆم، هەمیشە داوای لێدەکردم ببمە موسڵمان، من ئەوها خۆم پیشان ئەدا کە هیچ لە زمانی ئەو تێناگەم، تاوەکو ڕۆژێك هەموو قسەکانی دڵم وەکو گرێیەك بۆ کردەوە، کە من تووشی چەندین شکست بووم لە ژیانم. نامەوێت بۆ هیچ پیاوێك خۆم ڕووت بکەمەوە، مرۆڤ درۆ نەکات پیرۆزە، هەرگیز دەستی بۆ نەدەبردم، هەرکاتێك بمزانیبایە تەواو لە جۆش و خرۆشدایە، دەستی بە پەرچەممدا دەهێنا، ڕۆژێك پێم گوت «یاسر» تۆ وەکو برای خۆم سەیر دەکەم، پێکەنینێکی پڕ لە واتایی کرد کە دەروونی ورد و خاشکردم فرە ناخۆش بوو، گوتی کێشە نییە لە میسر ژن بە پیاوەکەی دەڵێت براکەم، چونکە لە سەردەمی فیرعەونییەکاندا هاوسەرگیریی لە نێوان برا و خوشکەکاندا هەبووە.»

سەما قسەکانی پێ بڕی گوتی «پاشان چی ڕوویدا؟ ئەو ماوەیە چۆن تێپەڕی؟»

مەیلێ بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە « شەوێکیان گەڕاییەوە بۆ ماڵەوە و من خۆم کرد بە خەوتوو، تێر و پڕی لێدام، سەیری سەرم بکە ئێستاش جێی مشتە دەمانچەکەی بەسەرمەوە دیارە، کە سەری شکاندم  گوتی هەی کچی قەحپە، تەنها سەرۆك سەدام ئێوەی باش دەناسی، ئەو شەوە هێندەی لێدام ئیدی هێزم لەبەر بڕا بەرگری لە جەستەی خۆم بکەم، تا بەیانی چەند

جارێك وەکو سەگی هار بەربووە کەلاکەکەم. لە دڵی خۆمدا گوتم، هەر ڕۆژێك بێت وەکو سەدامی سەرۆکت لە سێدارەت دەدەم. دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر دەستی بۆ نەدەبردم. منیش بیرم لە تۆڵەکردنێکی ڕقاوی دەکردەوە. نیوەڕوانێك هاتەوە دڵم هەواڵی دابوومێ کە ئەمڕۆ ئەم یاسرە فەلەستینییە دەتۆپێنم، هەر هاتە ژوورەوە چەند جارێك ماچم کرد، شاگەشکە بوو، وتم تۆ بنوو من خۆم دەشۆم دێمە لات. زۆر گەڕام دەمانچەکەیم نەدۆزییەوە، دواجار لەسەر بەفرگرەکە دەمانچەکەم دۆزییەوە، دەمانچەیەك بوو، مەخزەنی نەبوو، تۆپەڵەیەکی خڕ لە ناوەڕاستەکەیدا بوو، زۆر جار لە فیلیمی کاوبۆیی بینوومە. خۆم گۆڕی و بە دوای مشتێك پارە دەگەڕام، تاوەکو پێی دەرباز بم. دەستم نەکەوت، بەرەو دەرگای دەرەوە دەڕۆیشتم، لەبەردەمم ڕاستبووەوە و گوتی دەمانچەکەت فڕێبدە تۆ لەو کچانە نیت کە بتوانن پیاو بکوژن، تەنها شۆرتێکی سپی خام و شامی لە پێدا بوو. بەرەو ڕووم هات، منیش لولەی دەمانچەکەم لێگرتبوو دەمگوت بێیتە پێشەوە ئەتکوژم، هاتە پێشەوە، ئەو شەوەم بیر هاتەوە کە زۆری لێدام و دواتر دەستدرێژی کردە سەرم، چاوەکانم نوقاند و پەنجەم نا بە پەلەپیتکەی دەمانچەکە. کاتێك چاوم کردەوە لە زەوییەکە تەخت بوو و خوێن لە دەمی دەچۆڕێت، لولەی دەمانچەکەم لێکرد و سێجاری دیکە چاوم داخست. ئەوجا دەمانچەکەم فڕێدا

و له ماڵەکه هاتمه دەرەوە.»

سەما تۆزێك خۆی وەکو لێکۆڵەر پیشاندا و گوتی «باشه ئەو ماڵه دراوسێی نەبوو؟ دەنگی فیشەك هات کەس نەهاته دەرەوە بڵێن ئەوە چ خێرە؟»

« تۆ ئەو شارەت نەبینیووە، هەموو ڕۆژێك وا هەست دەکەی جەژنی سەری ساڵه و له ناوەڕاستی پاریسدای له بری دەنگی فیشەکه شێته که ئاسمانی پێ ڕەنگاڵه دەکرێت، دەنگی فیشەکی مرۆڤ کوژ دێت و ڕەنگی خوێنی ئێمەومانان ئاسمان سوور دەکات. با باش بزانی ڕەنگه ئەم قسەیەم هەندێك کەس قەڵس بکات، ئەو شارانەی که چەکدارە ئیسلامەکانی تێدان تەنها دەنگی دوو شت دێت الله و اکبر و دەنگی فیشەك، هاتمه دەرەوە، خودا ئێرە کوێیە، ڕەقە؟ باوەڕ ناکەم باوکم له هەموو تەمەنی گەرمیانی بینیبێت ئێستا من له ڕەقەی سوریا چی ئەکەم؟ پەنا بۆ کوێ ببەم؟ له یەك خولەکدا هەزارەها بیرۆکه به مێشکم دەهات. هیچ یەکێك لەو بیرۆکانه منیان نەدەهێنایەوە بۆ زێدی باوباپیرانم. ترسی ئەوەم هەبوو دەستگیر بکرێم به تۆمەتی کوشتنی برایەکی موجاهید له مەیدانێکی گشتیدا گۆشاوگۆش سەرم ببڕن، یاخود بەردبارانم بکەن. سەرم بەرزکردەوە بۆ خودا و گوتم خودا مەهێڵه دەستگیرم بکەن و با ئەم چیرۆکه تاڵەم بدەم به گوێی هەموو

دنیادا. بێ ئەوەی ئاوڕ لە ڕابردووم بدەمەوە بەرەو داهاتوویەکی نادیار هەنگاوم دەنا، تاوەکو گەیشتمە شوێنێك لەسەری نوسرابوو ڕێگای کۆرنیش بەردەوام ڕێم دەکرد، لە دوورەوە دەنگی ستۆپی خێرایی ئۆتۆمبیلەکانم دەبیست ترسی ئەوەم هەبوو ئەوان بن و پەلکێشم بکەن بۆ مەرگ. زۆر کەس ئەمەی گوتووە کە هەندێك جار مرۆڤ ئاوات بە مەرگ دەخوازێت، هیچ کات ئەو قسەیە درۆ نییە. من لە مەرگ نە دەترسام لە مەرگی بەسەرهاتەکەم دەترسام. چەند دارێکی ڕووتەڵ و حەوزی قەوزەدار و باڵندەی بێ پەڕ لەو ناوە بوون، زۆرتر ڕۆیشتمە پێشەوە ئەم شوێنە لە پارك دەچوو، دیار بوو لە ڕابردوودا چەندان جێژووانی جوان و بەرهەمداری بە خۆییەوە بنیووە، ئەی ئێستا؟ وێرانەیەك بوو لەو گۆڕەی. کۆترم بینی نیوە کلکی سوتابوو، پشیلەی کوێرم بینی، سەگی یەك دەستم دەبینی، حاجی لەق لەقی بێ دەندووك. دەستم خستەبووە ژێر چەناگەم و لە ژێر ڕووبەندەکەوە وەکو دزێکی کەمئەزموون لە مەکۆیەکدا لەو دیمەنانەم دەڕوانی کە مرۆڤ بە بینینیان دڵی دەگوشرێت. ئیدی وردە وردە بەرەو خۆرئاوا بوون دەچوو. سروشتی من وایە لە خۆرئاوابوون زۆر دڵم تەنگ دەبێت، بیرم دەکردەوە تۆ بڵێی خودا بیری بۆ ئەوە چووبێت جارێکی دیکە مرۆڤێکی وەکو من دروست بکاتەوە؟ ئەم هەموو خەم و خەفەتە

له پێناو چی؟ منیش حەزم دەکرد، لەگەڵ خۆشەویستە داماوەکەم بەیەك بگەشتینایە منداڵم هەبووایە و لە خۆرئاوابوونێکی ئەوهادا سەرم لەسەر شانی بوایە و باسی داهاتووی منداڵەکەمان بکردایە. ڕۆژگاری من بە پێچەوانەی ویستی خۆم ڕۆیشتووە. لە نێو دونیای خەیاڵ هاتمەوە بۆ ژیانە ڕاستییەکەم کە نەمدەزانی چی بکەم. هەستامە سەر پێ و خۆم لە خۆڵ و ڕیقنەی باڵندە برسییەکان پاککردەوە و کەوتمە ڕێ، چەند مەترێك لە پارکەکە دوور کەوتمەوە، چەند چەکدارێکی ئیسلامی وەکو زەردەواڵەیەك کە خۆڵی بەسەردا بکەی لێم کۆبوونەوە، دەستیان بە پرسیارکردن کرد، دامیانە بەر ڕێژنەی پرسیار، هەر ئەوەندەم گوت من خێزانی یاسر فەلەستینیم، ئیدی داوای لێبووردنیان کرد پێیان گوتم یارمەتیت ناوێت گوتم نا، لێیاندا و گەردنیان ورد کرد. گەیشتمە سەر شا ڕێگایەك، بارهەڵگرێکی گەورە هات، تابلۆکەی زمانی عەرەبی نەنوسرابوو، لە دڵی خۆمدا گوتم ئۆخەی ڕەنگە ئەم بارهەڵگرە بەرەو وڵاتێکی ئەورووپیم ببات، دەستم لێڕاگرت وەکو ئەوە بوو مێشێك کەوتبێتە بەر پەنجەرەکەی، خێراتر ڕۆیشت، کاتێك لێم تێپەڕی لە داخە ڕووبەندەکەم فڕێدایە سەر زەوییەکە، گوێم لە ستۆپی بارهەڵگرەکە بوو وەستا، هێواش هێواش بەرەو پاش دەگەڕایەوە و منیش خێرا بەرەو پێش و بۆ لای ئەو دەچووم.دەستم نەدەگەیشتێ

دەسکی دەرگاکە بکەمەوە خۆی دەرگاکەی بۆ کردمەوە، سڵاوم لێکرد ئەویش وەڵامی دامەوە و چەند جارێك دەیگوت «بویرون هانم ئۆتورون» هەر تێنەدەگەیشتم دواجار بە دەست تێگەیاندم کە دانیشم. ئیدی دوای فەرمانەکانی ئەو کەوتم. بە دەست ئاماژەی دەکرد کە بۆ کوێ دەڕۆم؟ خەڵکی کوێم، دەستم خستە سەر سینەم و گوتم «من کوردم، ئێزدییم، داعش، ئێمەی کوشت، منیان هێنا بۆ ئێرە، ڕیش درێژەکان، بۆنیان دێت.» ستۆپێکی بەهێزی کرد. ئەم ترسە نەفرەتییە چییە خێرا کاریگەری دەبێت لەسەر دەروونمان، لە ترسان حەزم دەکرد میز بکەم، لە دڵی خۆمەوە گوتم یان ئەوەیە داوای سێکسم لێدەکات یان ئەوەیە دامدەبەزێنێت، سەد جنێوم بە خۆم دا کە بۆچی دەمانچەکەم لای خۆم نەهێشتەوە وا نەبوایە ئەمیشم وەکو سەگ دەتۆپان. داوای لێکردم دابەزم، خۆم دانواندەوە ماچی دەستی بکەم، نەیدەهێشت و ئاماژەی دەکرد دابەزم. خۆم فڕێدایە خوارەوە چەند جنێوێکی مزرم بە کوردی پێدا، ئەویش دابەزی، دەرگاکەی پشتەوەی خۆی کردەوە و دۆشك و سەرینێکی تێدا ڕاخرابوو. دۆشەکەکەی بەرز کردەوە و پێی گوتم وەرە لێرە بخەوە، تێنەدەگەیشتم. خۆی ڕۆیشت لە ژێر دۆشەکەکە نوست و دەیگوت تۆش وەکو من بکە، هەستم کرد شۆفێرەکە هیچ ناترسێت. بەچاو تێم گەیاند کە دەترسم، بەڵام ئەو پەنجەی

ئەسپێ کوژەی وەکو ئاماژەی ئۆکەی بۆ بەرزکردەوە کە نەترسم، ئەوجا گوتی « تورکیا،، تورکیا،» پاشان پەنجەکانی وەکو فڕۆکە لێکرد و گوتی «سۆنرا، کوردستان، کوردستان.» تێگەیشتم دەیگوت دەتبەم بۆ تورکیا و لەوێوە بە فڕۆکە بگەڕێڕەوە بۆ کوردستان، بەڵام سۆنراکە تێنەدەگەیشتم لەو وشەیە زۆر دەترسام. وتم ڕەنگە ناوی پۆلیس بێت یان شتێکی لەو جۆرە. خۆمم ڕادەستی قەدەر کرد و لە ژێر دۆشەکەکە بۆی خەوتم. هەستم دەکرد هەناسم توند دەبێت، گوێم پێنەدا. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین دیار بوو بارهەڵگرەکە وەستا و چەند کەسێك بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ دەکرد، ئەمیش بە تورکی وەڵامی دەدانەوە و دواتر هەردوولا بە تورکی قسەیان پێکەوە دەکرد. گوێم لە پێکەنین و جوڵەی ئۆتۆمبیلەکە بوو، دڵم خۆشی تێکەوت. زانیم ئیدی ڕزگارم بووە.دوای نزیکەی کاتژمێرێك ئۆتۆمبیلەکە جارێکی دیکە وەستا. ئەو ماوەیە کە لە ژێر دۆشەکەکە خۆم ماتکردبوو، وێردم دەخوێند و لە خودا دەپاڕامەوە رزگارم بێت. لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبیلەکە شۆفێرەکە دەرگاکەی کردەوە و دۆشەکەکەی هەڵدایەوە، داوای لێکردم لە شوێنی خۆم دانیشم. ئاماژەم بۆ دەمم کرد کە برسیمە. ئەویش چەند لەفەیەکی ساردی بۆ هێنام لەگەڵ بوتڵێك ئاوی بچوك. لەفەکە هێندە بیبەری تێدابوو ئاو بە چاوانمدا جۆگەلەی بەست. ئەویش

پێدەکەنی و بە ئاماژە دەیگوت ئەو جۆرە خواردنانە خۆشن کە بیبەری زۆری لەگەڵ بێت. دوای ئەوەش ماوەی چەند مەترێك لێم دوور کەوتەوە. زانیم دەیگوت ئیدی ناوەستین خۆت خاڵی بکەوە. منیش ئەمەم بە هەلزانی و هەر لە خوار بارهەڵگرەکەوە دەستم بە ئاو گەیاند و سەرکەوتمەوە. نازانم چەند جار خەوم لێکەوت و هەستامەوە، هەر نەدەوەستا، ئیدی گەرمای تیشکی خۆر خەبەری کردمەوە، هەستم کرد ئێرە وڵاتێکی دیکەیە، زۆربەی شوێنەکانی شاخی سەرکەش و ئاڵایەکی سوور بوو، ناو بەناویش دەگەیشتینە ئاوەدانی وێنەی پیاوێکی چاو زەقم دەبینی. شۆفێرەکە ئاوڕی لێدامەوە و دڵنیایی پێدام، حەزم دەکرد بزانم چەند کاتژمێرە من کەسێکم کوشتووە و جێم هێشتووە. شۆفێرەکە لەسەر خواردنگەیەکی سەر ڕێگە وەستا و دوو قوتو ماستاوی بۆ هێنام، بە ڕاستی خۆش بوو. ئەوجا گوتی «ئێرە، گازی عەنتاب، کورد» ناوی کوردی برد حەزم کرد لە ئۆتۆمبیلەکە خۆم فڕێبدەمە خوارەوە، ئەوجا بە ئاماژە گوتی «چوارده، پازده سەعات، ئەنکەرە.» من هەر هیچم نەگوت و سوپاسم کرد بۆ ماستاوەکە. جارێکی دیکە چومەوە ژێر دۆشەکەکەمەوە، بە خۆمم گوت باشە من جاران زەرنەقووتەی هێلانەی چۆلەکەکانم کۆدەکردەوە و دەمخستنەوە هێلانەکانیان نەبادا منداڵێکی چەتوون بیانکوژێت یاخود پشیلەیەکی برسی

قوتیان بدات، کەچی ئێستا کەسێکم کوشت بۆ بیریم ناکەوێتەوە؟ ئێستا لە دادگاکاندا بە سەدان کەیسی کوشتن هەیە، بەڵام هیچ ئایین و یاسایەك گرنگیان بە لایەنی دەروونی بکوژ نەداوە، تۆ بڵێی ئێستا من شایەنی لە سێدارەدان بم؟ چونکە کەسێکم کوشتووە؟ باشە ئەو ساتەی کە من یاسری گۆڕبەگۆڕم کوشت، ئاین و یاساکان زانیان من چەند هەستم بە ئاسودەیی کرد. لەم بیرکردنەوانەدا بووم، وەکو کەروێشکی بێ لانە و کاتێك مانگەشەو دەبینیت بە دزییەوە سەرم بەرزکردەوە، تێبینی ئەوەم دەکرد ئەم پیاوە سەرەڕای گێڕانەوەی بەسەر هاتە ناخۆشەکەم، کەچی نەمبینی بگری، کاتێك چەند جارێك بە ڕێکەوت سەیری ئاوێنەکەی پێشەوەی شۆفێرم دەکرد، ئەم پیاوە بەردەوام بە خاولییەکی تەڕ دەموچاوی دەسڕی. تێنەگەیشتم نهێنی ئەم خاولییە تەڕە چییە! وردە وردە لە شارێکی گەورە نزیك بووینەوە، چەندین بەرزە پرد پێشوازی لە میوانانی شارەکە دەکرد، سەرم دەرهێنا باڵەخانەیەکی گەورە بە هەزاران کەس وەکو مێروو بەناو یەکدا دێن و دەچن. پیت بە پیت خوێندمەوە نوسرابوو «ئاشتی ئۆتۆگار» شۆفێرەکە داوای لێکردم دابەزم و گوتی «ئێرە، ئەنکەرە، تورکیا». خێرا داوام کرد مۆبایلم پێبدات، ژمارەی برایەکم دەزانی لە کوردستان. شۆفێرەکە دەستی درێژکرد و ژمارەکەم لێدا، خێرا مۆبایلەکەی لە دەستم وەرگرتەوە و ڕۆیشت

پارەی دەرەوەی وڵاتی تێکرد، هەرچی زەنگم دەدا نە دەڕۆیشت، ئەویش هەر هاواری دەکرد «کۆد، تەلەفۆن، کوردستان، چەندە؟» تێنەدەگەیشتم، ڕۆیشت پرسیاری لەچەند کەسێك کرد و گەڕایەوە، کۆدەکەی لەناو لەپی نوسیبوو، لەتەنیشت کۆدەکەوە نوسرابوو (عیراق) ، لە دوای سێ جار زەنگ لێدان براکەم وەڵامی دایەوە، نەمدەزانی لە کوێیەوە و کەوتۆتە کوێوە، دوای سڵاو کردن و تۆزێك گریام، گوتم من لە تورکستانم، ئەویش دەستی بە گریان و گوتی بۆ خاتری خودا تۆ ماوی؟ لە کوێی؟ گوتی ئێستا ئەم ژمارەیە بۆ ڕەشیدی برام دەنێرم. هاتۆتە ئەنکەرە بۆ ئەوەی لە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای مافی پەناهەندەی بکات. خودا حافیزیمان کرد و دوای چەند خولەکێك ڕەشید پەیوەندی پێوەکردم و دەستمان کرد بە گریانێکی بە کوڵ پاشان گوتی «مەیلێ، وا ئێستا دەمرم تۆ لە کوێی؟ گوتم نازانم چیرۆکەکە دوور و درێژە لە ئەنکەرەم و براکەم پێی گوتم، من لە گەڕەکی (چەن کایا)م لە ئەنکەرە، برادەرێکم لەگەڵدایە، خەڵکی خۆرئاوای کوردستانە، تورکی دەزانێت، داوای کرد لەگەڵ شۆفێرەکە قسە بکات. شۆفێرەکە بە تورکی قسەی دەکرد پاشان مۆبایلەکەی بۆ ڕاگرتم ڕەشید بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی «مەیلێ، مەترسە، ئەوە پیاوێکی زۆر باش دیارە، ئێستا ئەو پیاوە تۆ دەهێنێت بۆ (کزڵای) کە دەکەوێتە

سەنتەری ئەنکەرەوە تاوەکو ئێوە دەگەن ئێمەش دێین.» پیاوەکە ماوەیەك لەناو شوێنی پێچاوپێچی گەراجەکە هاتوچۆی کرد، ئەو جا چووینە خوارەوە وەکو تونێل وابوو، شەمەندەفەری لێبوو، زۆر ترسام، یەکەمجارم بوو سەربکەوم، بە خێرایی دیوارەکانی دەبڕی، ئەو فیشەکانەم بیرهاتەوە کە بەر لاشەی یاسر کەوتن، سەرم باوە گێژەی بوو، ڕشامەوە، شۆفێرەکە چەند کلێنسکێکی لە خەڵك وەرگرت و بۆی هێنام. بنێشتی بۆ پەیداکردم، ماوەیەك تێپەڕی و دابەزین و سەرکەوتینەوە سەر زەوی، هەوایەکی فێنك دەموچاوی گرتمەوە، لەسەر زەوی هەمووی پێدەکەنێت، دۆندرمە دەخۆن، سود لە گەنمی وڵاتەکەیان وەردەگرن و کۆترەکانی پێ دان دەدەن، ئێمە چاومان هەڵهێناوە باڵندەکان لێمان دەترسن، منداڵە هاروهاجەکان لەگەڵ ئاوی نافورەکان گەمەیان دەکرد، عەجەب منداڵی ئێمە ناخۆش بوو، ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ، گرانی. چاوم کەوتەوە شۆفێرەکە لە نۆرەی دۆندرمە وەستابوو، چاوم لەسەری لانەبرد، تێڕامام مرۆڤ لە غەریبستان هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە، بۆ لێرە وایە؟ بۆ لای خۆمان وانییە، لە وڵاتان نۆرە بۆ دۆندرمە دەگرن، لای ئێمە بۆ نەوت و بەنزین.دوو دۆندرمەی بەدەستەوە و بوو لە شەقامەکەی ئەوبەرەوە بۆلای من هات. « بخۆ، لەزەتلی،دۆندرمە، ئەنکەرە.» دەستم بۆ برد و بە چاو ویستم سوپاسی بکەم. ناخودئاگا دۆندرمەکە لە دەستم

کەوتە خوارەوە، ڕەشیدم بینی  بەلەز بەرەو ئێمە هەنگاوی دەنا،
دۆندرمەکەم فڕیدا و بە چەند هەنگاوێك خۆم گەیاندە باوەشی،
وای چەند گریاین وای چەند فرمێسکمان داباران. ڕەشید
گوتی هەستە با سوپاسی ئەم پیاوە گەورەیە بکەین، ئیدی
هاوڕێیەکەی ڕەشید کەوتە وەرگێڕانی قسەکانمان، شۆفێرەکە
ناوی «موورات» بوو، پێشتر لە باکوری کوردستان جەندرمە
بووە. باسی لەوە دەکرد کە من زۆر ترساوم کاتێك وەستاوە بۆ
ئەوەی بمشارێتەوە. ئەوجا بە هاوڕێیەکەی ڕەشیدم گوت پێی
بڵێ ئەو خاولییە تەڕە چییە کە لە ڕێگا دەموچاوی پێدەسڕی،
موورات دەستی کرد بە گریان و گوتی، لە سوریاوە تاوەکو
ناوخاکی وڵاتەکەم من گریاوم. بۆیە پیشانم نەدەدا تاوەکو ئاوەزی
خۆم کۆبکەمەوە بتوانم ئەم کچە بە سەلامەتی بگەیەنمە شوێنی
مەبەست. سوپاسیمان کرد و ویستم دەستی ماچ بکەم، نەیهێشت
و سەری ماچ کردم. موورات سەیری وەرگێڕەکەی کرد و گوتی»
ئەگەر دەیەوێت من دەیکەم بە کچی خۆم.» دوای گۆڕینەوەی
ناونیشانی هەردوولامان، خوداحافیزییمان لەیەکتر کرد و ڕەشید
گوتی دەچینە چەن کاییە شەو لەوێ پشوو بدە  و تەگبیر
دەکەین. لەگەڵ گەیشتنمان بۆ گەڕەکەکەی ڕەشید و ئەو
ماڵەی لە نزیك نەتەوەیەکگرتووەکان  گرتبوویان پڕ خۆشبوو،
بەڵام ترسی ئەوەم هەبوو بگیرێم و چەند مانگێك لێکۆڵینەوەم

لەگەڵ بکرێت لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاوە، ڕەشید و هاوڕێکانی پێیان گوتم مەگەڕێرەوە بەیانی لێرە داوای مافی پەناهەندەی بکە، دەم و دەست وەڵامێکی ئەرێنی وەردەرگریت. لە ڕووم نەهات بە ڕەشید بڵێم ئەو کەسەی لە پێناو مندا خۆی کوشت بۆنی گۆڕەکەی نادەم بە هەموو خاکی غەریبی، هەر کە گەیشتمە کوردستان یەکەم پرۆژەم ئەوە دەبێت برۆم بەسەر گۆڕەکەیدا تێر تێر بگریم. ئەوجا پلانی ئەوەیان دانا، لە ڕێگەی قاچاغەوە من بگەیێننە خاکی کوردستان، ڕەشید و هاوڕێکانی نزیکەی شەشسەد بۆ حەوت سەد دۆلاریان پێبوو، ڕێگای قاچاغ داوای هەزارو پێنج سەد دۆلاریان دەکرد. ڕەشید قەرزی کرد و پارەکەیان بۆ دابین کرد. ئەوجا ترسە گەورەکەم لێرەوە دەستی پێکرد، ئەگەر تورکیا بمگرێت بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دەستگیرم دەکات، ئەگەریش پێشمەرگەکانی خۆمان بمانگرن ئەوا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە کە چەند مانگێك لەگەڵ داعشێك ژیاوم دەستگیرم دەکەن. ڕەشیدم ماچ کرد و لەگەڵ کەسێك بەڕێکەوتووم بەرەو ئامەد، ئەو کەسەی ناوی خۆی نابوو (قاچاغچی) کوردی باکوور بوو، تا بڵێی باش بوو، بە سەدان جار لەو ڕێگەیە گوتوویەتی تۆ خوشکی منی، دوای چەندین کاتژمێر گەیشتینە (ئامەد)، پێی گوتم پاسەکەمان بۆ سلۆپی کاتژمێر دووی بەیانی بە ڕێدەکەوێت، وەرە بڕۆین سەیری ئامەد بکەین و ڕابردووە

تاڵەکان لە بیربکەین، زۆر شتی جوانم بینی، چەندین نووسراوم بینی لەسەر دیوارەکان بە تورکی نووسرابوو، یەکێك لەو نوسراوانە سەرنجی ڕاکێشام و پێم گوت ئەوە چی نووسراوە؟ گوتی «ئەوە نوسراوە بەڵێ بە یەکخستنی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئامەد پایتەختی کوردانە» زۆر پێکەنیم، پێکەنین بەری نەدەدام، لێم تورە بوو وایزانی سووکایەتیم بەو دروشمە کردەوە، هۆکاری پێکەنینەکەی لێ پرسیم گوتم «ئاخر چۆن دەبێت بە زمانی بێگانە داوای سەربەخۆی بکەی؟ بۆ ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن بەڵێ بۆ مافی کوردان.؟» ئەویش پێکەنی و هیچی نەگوت. پاسەکەمان گەیشتە سلۆپی لەوێشەوە بۆ زاخۆ دیسان ئالای کوردستانم بینی، مووی لەشم گرژبوو.

# ئاب

## (سەرەتای ئاب)

ڕێکۆردەکە وەستا. گوێم لە هەموو گوتەکان بوو، دەکرێت بڵێین ژیان چیتر سوودێکی لای من نییە. سەرباری هەموو ئەوانەی لە ژیاندا بینوومە لە نێوان باوەڕ و بێ باوەڕی قەتیس ماوم. مرۆڤەکان ئێسقانی یەکتر دەکرۆژن.پیس بووین دەبێت سەر لە نوێ هەموومان بشۆنەوە. من چوزانم ئەگەر سبەی دوو سبەی منداڵێکی نۆ ساڵەی ئێزیدی بە دوو گیانییەوە نەیەتەوە ناو کۆمەڵگاکەمان و کەسیش نازانێت باوکی ئەو منداڵە کێیە. ئەی چارەنووسی ئەو منداڵەی کە ئێمە بە «زۆڵ» ناوی دەبەین چی دەبێت؟ چۆن بەخێو دەکرێت... بەهۆی ئەم بیرکردنەوانە هەنگاوێك ڕۆیشتمە پێشەوە، لەو بیرۆکەیەی کە هەمە. هانی

کەس نادەم وەکو من بیر بکەنەوە.ئەو بیرکردنەوانەی هەڵم گرتوون، لە پڕێك ڕوو نادەن، چەندین ساڵە بە نامۆیی لە کۆمەڵگە دەژیم هەموو شەوێك ئایەتەکانی لە بیرکردنی ڕابردوو دەڵێمەوە، ئایەتەکان بە فریام ناکەون ڕابردوو لە بیر بکەم لەبەر ئەوەی ژیان بە هەموو واتاکان ناخۆشە. بۆ دەبێت منداڵێك چاوی کردۆتەوە باوکی خۆی نەبینێت؟ یاخود منداڵێك لە ساتی دایکبوونی، دایکی دەمرێت. چ گوناحێکی هەیە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت پێی دەڵێن پێ و قەدەمی بە خێرەوە نەبوو. سەرە خۆرەیە. نازانم لێرە چی بڵێم. هەر کەسێك کە گوێ لە دەنگم دەگرێت.کۆمەڵێك (بۆ)ی هەیە. بڕێك پرسیار مێشکمی خواردووە. بە سەدان هەزار مرۆڤ چەندین جار خۆزگەیان بە مردن خواستووە. بە مردنی هەموو مرۆڤایەتی ژیان ناوەستێت، ئەوجا کرمەکان، بۆقەکان، مارمێلکە، پشیلە و سەگ جێگەی ئێمە دەگرنەوە. بە مردنی منیش هیچ گۆڕانکارییەك نایەتە ئاراوە. هەر ئەوەیە ڕۆژنامەنوسێکی داماو بۆ وەرگرتنی چەند هەزارێك راپۆرتێك دەکات و دەنووسێت «هاوڕێیەکی هۆکاری خۆکوشتنەکەی فلانە کەس ئاشکرا دەکات.» ئەوجا لە خوارەوە دەنوسێت کەسێکی نزیکی ئەو کەسە پێی ڕاگەیاندووین فیسار نەخۆشی دەروونی هەبوو. نەخێر، هەموو ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆش نین. بەڵکو باوەڕیان بە ژیان نییە، ئەوەندە شتی قێزەونی

بینووە، شکست لە دوای شکستی بینیووە، نایەوێت شکستی دیکە ببینێت.چەند گوتەیەکی بێزارەکەرە  کە دەڵێن لە دوای شکست هەستە سەرپێ و سەرکەوتن بە دەست بهێنە. مرۆڤ کە چەندین شکستی بینی تا لێواری گۆڕ لەناو دڵیدا دەبێتە پەڵەیەك خوێنی مەییوو و سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت مەگەر خۆ خەڵتاندنێکی گەمژانە.ئێوە لە مەرگ دەترسن، من لە هەناسەدان.

دەزانم، سبەینێ مام عەبدۆ زۆرترین زەنگم بۆ لێ بدات، ناشزانم دیارییەکەم چییە کە بۆم دەهێنێت، هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم دەنگەی من بڵاو بوویەوە، دیارییەکەم ببایێت بۆ مەیلێ. ئەگەر مەیلێیش نەمابوو، بیدات بە نەی، ئەو کچەی دایکی مەرگی پاکیزەی چەندین کیژۆڵەی بینی. خۆکوشتنیش مێژوو و ڕەهەندی خۆی هەیە. لە سەدەی نۆزدەهەم، دوو خوێندنگای سەرەکی کە  پرسی خۆکوشتنیان کردە یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکانیان، تیۆری کۆمەڵناس و دەروونناسەکان بوون.پێشەوای خوێندنگای یەکەم، ئەسکیرۆڵە کە پێی وابووە، خۆلەناوبردن ئەو دۆخە دەروونیی و ناجێگیر و ئاڵۆزەیە کە ڕۆحی تاك داگیر دەکات و لە کۆمەڵگەی دادەبڕێت.(چۆن دانەبڕێم لە هەشتا و هەشتەوە بیری دەنگی خۆم دەکەم بە کەسێك بڵێم باوە و دایە). بۆیە بیر لە خۆکوشتن

دەکاتەوە. خوێندنگای دووهەمیش ئەمیل دۆرکهایم باوەڕی وایە، خۆکوشتن لە کۆتا سنووری یەکانگیری کۆمەڵایەتی و تاکگەراییدا دێتە ئاراوە.(سەردانی زۆر پزیشك و دەروونناسم کردووە ئەگەر هێندەی ئەوانم نەزانیبێت لەوان کەمتر نەبووم، بە ژمارە نەخۆشییە دەروونییەکان دەژمێرم و چارەسەرەکانیشیانم پێدەزانم، بەڵام حەزدەکەم یەك چرکە زووتر بڕۆم).

هیوادارم دوای ئەوەی پڕۆژەی خۆکوشتنم ئەنجامدا وەکو گریکییە کۆنەکان بیر نەکەنەوە کە خۆکوشتن تاوانە و سوکایەتی بە تەرمەکەم بکەن، دەستی ڕاستم بە جیاواز لە جەستەم بنێژن. تەمەنی هەرزەکاریم بڕییووە و هیچ کەتنێکم نەکردووە خۆمی لێ بشارمەوە و خۆم بکوژم. خۆم دەزانم لە پێناو چیدا خۆم دەکوژم نەك ئێوە. هۆکارەکانی خۆکوشتن زۆرن، بۆ نموونە وەکو ئەو ڕێگایانەی سادقی هیدایەت گرتییە بەر، یان وەکو ئێرنست هیمنگوای بە تاپڕ خۆم بکوژم، یاخود وەکو ئەو کارەکتەرەی ڕۆمانە بەناوبانگەی بوهومیل هرەباڵا بە پرێسێکی هایدرۆلیکی خۆم بپەستێوم، بەڵام جوانترین جۆری خۆکوشتن بۆ من، وەکو کارەکتەری سێپتیمیسی، رۆمانی(خانم دالوای) نوسەری بەناوبانگ ڤێرجینا وۆلفە، چونکە دەمەوێت تۆزێك لە ئاسماندا بفڕم و باڵندە ئاسا ڕیقنە بکەم بەسەر ئەوانەی ژیانیان وێران کردووە. چەند بێ مێشکییە خۆ کوشتن وەکو چاولێکەری سەیر

بکەیت، ئەو خۆی کوشت من خۆم دەکوژم!! عەجەب مرۆڤەکان زۆر حەزیان لە لاسایی کردنەوەیە.لاسایی سێپتیمس ناکەمەوە، بیرۆکەی خۆکوشتنەکەیم زۆر پێ جوانە، ئێوە بۆ خۆتان بژین منیش چاوەڕوانی فریشتە بە پاداشتکراوەکانی خوا دەکەم زووتر دەستیان بگات بە من و پاداشتی خۆیان وەربگرن. دوای ئەم چەند دێڕە دەچمە بەر پەنجەرەی ژووری ژمارە هەشتاو هەشتی هوتێل پەرلەمان کە دەکەوێتە چەقی سەنتەری شاری دهۆك و خۆم فڕێدەدەمە خوارەوە، بە گۆڕم بسپێرن و منیش ئێوە بە مرۆڤایەتی دەسپێرم.



## (ناوەڕاستی ئاب)

ئای خودایە من ڕقم لە نوسینە، بەڵام هەر ناچار دەبین بنوسین تاوەکو کەلێنێك لە دڵ پڕ بکەینەوە، خەریکە فێری قسەی زل و بێ ناوەڕۆك دەبم، دەزانم دەتانەوێت بزانن چیتر ڕوو دەدات، ئەوەش دەزانم هەن لە ئێوە هەر کە ئەم دەنگانە گەیشتنە سەر کاغەز ڕەخنەکانتان وەکو تەرزە بەسەر وڵاتی کاغەزدا دەبارێت. ئێ ئیتر دوای ئەوەی چەندین کاسێتی دیکەم دەستکەوت، گوێم لەو هەموو کاسێت و دەنگانە گرت کە تایبەتن بە کارەساتەکەی شەنگال، بۆم ئاشکرا بوو، دوای ئەوەی ڕۆژنامەنوسەکە لە ماڵی پەرچەم دەردەچێت، پەرچەم ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت

لە شاری هەولێر و دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە دەردەچێت، بەڵام تەندروستی جێگیر نییە بەردەوام لە ڕێگای نەخۆشخانەکاندا دەبینرێت. چارەنوسی مەیلێش نادیارە کەس نازانێت لە کوێی ئەم گەردوونە گیرساوەتەوە. کاسێتەکانی ئەم کوڕە دوای خۆی کوشتنی، لە ڕێگەی چەند هاوڕێیەکی ئەوەوە بە دەستم گەیشتن، کاتێك گوێم لە هەموو ڕووداوەکان گرت، هەستم کرد دەبێت ئەم دەنگانە بە گوێی خەڵکیدا بدرێن. نازانم زۆر بنوسم تاقەتی نوسینم نییە. بیرتان دەهێنمەوە، لە تەمەنی پانزدەساڵییەوە بە ڕۆژ لە ماڵ دەرنەچووم، بڕیارمداوە، سبەینێ لەگەڵ کەوتنی خۆردا بە عەرەبانەکەی ژێرمەوە ڕوو لەو شارە بکەم کە چاپخانەی زۆر لێیە. لەگەڵ یەکێك لە خاوەن چاپخانەکان قسە بکەم و بەشکوم شتێك بە شتێك بکەم و بڵاوی بکەنەوە.

## (کۆتایی ئاب)

ناوەڕاستی شەقامێك، هات و هەرای سەرەتای ڕۆژ، وەکو ئەوە بوو مرۆڤ و ئۆتۆمبیلەکان باریبن. نەمدەزانی بۆچی ئەمڕۆ زوو لە خەو رابووم.! بە ڕاست بۆ هەندێك جار تێر خەو نابین و زووش بە ئاگا دێیینەوە؟ شەو درەنگ نوستبووم و تێر خەو نەبووبووم.بێ ئیش لە ژێر تیشکی هەتاودا دەستم خستبوومە

پشته قوونم و هەنگاوی شل و هێواشم دەنا، بۆ چریەك بە مێشکمدا هات سەیری باڵاو لە شی خەڵکی بکەم، هەر واش دەرچوو ئەوەی بەرەو ڕووم دەهات سەیرم دەکرد.مرۆڤەکانی ئێرە لەش و لاریان خاوو خلیچکە، چالاك نین. پتر لە نیوەیان قەڵەو و قەبە و ئەستور ورگن. خەڵك لێرە پێناکەنن کە ئەو کاتەی بەرەو ڕوویان دەرۆی دەگەیتە ئاستیان بە جۆرێك لێت دەڕوانن چەند خولەکێك پێشتر شەڕت لەگەڵ کردبن، ئەوەندە گرژ و مۆنن هەر کاتێك دەیانبینی لە دوای خۆیان شارێکی وێران لە دەروونتدا جێدەهێڵن.وا دەزانم مرۆڤ لێرە بە بێ پێکەنین لە دایك دەبن و بۆ شەڕ و مردن دەژین. سەرم هەڵبڕی. کۆتایی شەقامەکەیە و سەرەتای باخێکی پڕووکاو لە ژێر سێبەری تیشکی خۆردا. ئا... ڕەنگە هۆکاری پێنەکەنین لێرە گەرما و خۆری بەتین بێت. کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشێك ڕامدەکێشێت.بە چەند هەنگاوێك دەیگەمێ لە یەك چرکەدا دەمەوێت ئاگام لە هەموو جیهان بێت. مانشێتی یەکێکیان نوسراوە«داعش سەدان کچی ئێزیدی بەرەو لاقەکردن دەبات» ئەوی دیکەیان نووسراوە «داعش هەزاران کەسی گوللە بارانکرد» لە بەرگی گۆڤارێکیش نووسرابوو «کێ داعشی دروستکرد؟» چاو دەگێڕم ڕۆمانی (دادگایی) فرانز کافکا-م بینی. ڕێك وەکو برووسکە هەموو ڕۆمانەکە جارێکی دیکە هەموو دێڕی ڕۆمانەکە بە بەرچاومدا

تێدەپەڕێتەوە، بەڵام دوو ڕستەی تەواو پلوسکم پێدەبەخشن و هەرگیز لە یادم ناچنەوە: «هیچ شتێك وەکو زوو لە خەو ڕابوون مرۆڤ گێژ و بێ حەوسەڵە ناکات.» دووەم ڕستەشی دەڵێت» ڕۆژنامە خوێندنەوە یەکێکە لەو گەندەڵییانەی ژیاریی درووستیکردووە، وەکو جگەرەکێشان وایە کە پارە بە ژەهرێك دەدەیت کە خۆت دەیخۆیت.» چاو لەسەر کتێب و ڕۆژنامەکان هەڵدەگرم. ئاخ خوداااااااا هاوار، دیسان دەموچاوی تووڕە و بێ زەردەخەنە، ئا. بیرم نەچێت ڕەنگە لێرە هۆکاری پێنەکەنین هەواڵی رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکان بن.دەنگی ئیستۆپی ئۆتۆمبێلێك بۆ ساتێك ئەو ناوەی بێدەنگ کرد، ئاوڕم دایەوە بۆ دووری بیست مەترێك گەنجێك لەسەر کورسیەکی کەمئەندامی کەوتبووە خوارەوە، بە ئاستەم هەناسەی دەدا. خوێنەکەی هێشتا گەرمبوو و لەگەڵ مێشکیدا بووە تۆپەڵەیەکی سوور.کوڕێکی قۆز بوو. ئۆتۆمبیلی نەفرەتی ئەوی خستبووە گیانەلا، هاواری کوشتی، کوشتی کوشتی، بەرزدەبێتەوە.چونکە خەڵکی لێرە بێ ئیش و کارن خۆیان بە ڕێکردنەوە مژۆڵ دەکەن، ڕووداوێکی لەو جۆرە بەسە بۆ ئەوەی قەرەباڵغیەکی چەند کاتژمێری دروست بکەن و پاشان بڵاوەی لێبکەن، چەندین کاتژمێر دوای ئەوەش باسکردنی ئەو ڕووداوە کۆتایی نایەت. دوای قەرەباڵغی کەوتم و بە پەلە وەکو ئەو خەڵکە گەیشتمە سەر ڕووداوەکە، نزیك

دەبمەوە، زەرفێكی گەورەی جگەرەی مارلیبۆرۆی سوور بەندێك كاغەزی ڕەشكراوی «ئەی فۆر» كەوتووە، چەند دڵۆپە خوێنێك پەڕەكانی یەكەمی تەڕكردبوو.بە لاستیكێكی پارە بەسترابووەوە، ئەوان خەریكی هەڵگرتنەوەی تەرمەكە بوون و منیش كاغەزەكانم هەڵدەگرتەوە.كاغەز لە مرۆڤی مردوو باشترە، ئەوەی مرد هیچ سودێكی نامێنێت، كاغەز تەنانەت بە سوتاندنیشی سوودبەخشە. پۆلیس و ئەمبولانسێك گەیشتنە شوێنی ڕووداوەكە و تەرمەكەیان برد و منیش كاغەزەكانم هێنایەوە بۆماڵەوە و كردمەوە. چەند پەڕەیەكم خوێندەوە.كەسایەتی (توتی) دەكەین بە ڕۆمان بۆ ئەوەی چەندین سەدەی دیكە خەڵكانێك بتوانن زریكەی منداڵە ئێزدییەكان لە ناو گەڵی غۆلەكاندا بخوێننێنەوە. سبەینێ توتی لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ چاپخانەی كوڕێكی هاوڕێم، بەڵام تیاماوم گەورەترین كێشەی من ئەوەیە. لە بری ناوی نوسەرەكە نازانم ناوی كێ بنوسم؟!.